


با دەربچین لە تاریکایی سەرگەردانی

دانانی
محمد قطب

وەرگێرانی
ابراهیم حسن سعید

چاپی یەکەم

١٤٣١ك هەولێر ٢٠١٠ ز

بادەربچین لەتاریکایی سەرگەردانی

دانانی

محمد قطب

وەرگێرانی

ابراهیم حسن سعید

چاپی یەکەم

1431ك هەولێر 2010ز

ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب: بادەربچین لەتاریکایی سەرگەردانی

دانانی : محمد قطب

وەرگێرانی : ابراهیم حسن سعید

چاپ: یەکەم/ 2010

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەی هەولێر ژمارەی سپاردنی (1185)
ساڵی (2007)ی دراوەتێ

پێشکەش کردن

* ئەم کتێبە پێشکەشە بە باوکو دایکی بەڕێزم ،کە من تەنها چاکەیەکی بچوکم لە چاکەکانیانو فەزلو منەتێکی زۆریان لەسەر منەوە هەیە خودا لێیان خۆش بێتو ڕوسپی دونیاو قیامەتیان بکات.

* پێشکەشە بەدایکی عومەر ،کە هەردەم منی هان داوەو یارمەتی داوم لەکاری چاکە خودا پاداشتی خێری بداتەوە.

* پێشکەشە بە هەموو ئەو بەڕێزانەی دەیخوێنەوەو سودی لێوەر دەگرن.

* بەتایبەت پێشکەشە بەگەنجو لاوانی موسوڵمانی ئەم کوردستانە بە کوڕو کچەوە چونکە هەر ئەوانن توێشوی زیندوون بۆ هەڵگرتنی ئەو ئەمانەتەی ،کە ئاسمانەکانو زەویو چیاکان نەیان توانی هەڵیبگرن.

سوپاس وپێزانین

- سوپاسی ئەو براو خوشکانەدەکەم ،کە یارمەتیان دام لەتایپ کردنی ئەم کتێبەو کارئاسانیان بۆ کردم خودا پاداشتی خێریان بداتەوە.
- هەروا سوپاسی ئەو برایانە دەکەم ،کە ئەرکی چاپ کردنی ئەم کتێبەیان گرتە ئەستۆی خۆیان چونکە من لەساڵی 2007 وە ژمارەی سپاردنم وەرگرتوە بەڵام لەبەر ئەوەی کەس نەبوو چاپی بکات بۆیە ئەوها دواکەوت ان شاءالله دواکەوتنەکەش خێری پێوەیە خودا پاداشتیان بداتەوەو لەتەرازوی چاکەکانیان تۆماری بکاتو ببێتە صەدەقەیەکی بەردەوام بۆیان.

کورتەیەك لەژیانی مامۆستاو پێشەوا محمد قوتب

محمد قطب لەسالی 1919 لەشارۆچکەی موشا سەر بە پارێزگای ئە سیوط لەصەعیدی میسر لەدایك بووە، باوکی قطب ابراهیم یەکێك بووە لەجوتیارانی ئەم شارۆچکەیە ئەگەر چی قۆناغی سەرەتایی تەواو نەکردبوو،بەڵام یەکێك بوو لە رۆشنبیرانی ناوچەکەو جێگەی متمانەی خەڵکی بوو خەڵکی پرسو رایان پێدەکرد،دایکیشی فا طیمة عوسمان لەخێزانێکی خوا پەرستو زانست پەروەر بوو برایەکانی لەزانکۆی ئەزهەر دەیان خوێند لەوانە ئەحمەد حوسێن ،کە خاوەنی بەهرەی ئەدەبیو نووسین بوو شاعیرو ئەدیبێکی بلیمەت بوو لەرۆژنامەکان بابەتی ئەو جێگەی تایبەتی خۆی هەبوو ،جا خاتو فا طیمة لەو نێوەندە زانستیو رۆشنبیریەدا پەروەردەبوو ،بۆیە هەڵسا سەیدو محمدی کوڕی ناردە قاهیرە بۆ ئەوەی خوێندنەکەیان لەوێ تەواو بکەن،محمد لەقاهیرە دەستی کرد بەخوێندنو قۆناغی سەرەتاییو ناوەندی لەوێ تەواو کردو پاشان چوە زانکۆو لەوێ بەشی ئینگلیزیو ئەدەبیاتی ئینگلیزی لەزانکۆی قاهیرە لەسالی 1940تەواو کردو،پاشان بەردەوام بوو لە پەیمانگای مامۆستایانو توانی بڕوانامەی دبلۆم لەپەروەردەو زانستی دەروونی بەدەست بهێنی.

محمد قطب بۆ ماوەی چوار ساڵ خەریکی وانە وتنەوە بوو هەروەها پێنج ساڵیش وەکو وەرگێڕ لە وەزارەتی مەعاریف کاری کردوو پاشان دوو ساڵی تر وانەی وتەوەو دواتر بووە سەرپەرشتیاری پرۆژەی هەزار کتێب لەوەزارەتی تەعلیم.

کاریگەر بوونی بەبراکەی:

محمد قطب لەژیانی دا بەکەس ئەوەندە کاریگەر نەبووە ئەوەندەی بەبراکەی سەید کاریگەربووە ،کە هەر ئەو سەرپەرشتی کردوەو لەبەر خوێندنی داناوەو ئاراستەی کردوە ،جا سەید – خوا لێی ڕازی بێت– وەکو باوکێی بەزەیی‌و برادەرێکی بەوەفا وابوە بۆ محمد قطب.

سەید بە12 ساڵ لەمحمدی برای گەورەتربوو،محمدقوتب دەڵێ:سەید زۆر هانی دەدام هەموو شتێك بخوێنمەوەو هەر ئەمەش وای کرد هەر لەتەمەنی منداڵیەوە حەزم لە خوێندنەوە بێت ،هەروا دەڵێت :من لەگەڵ بیرو هزرەکانی سەیدی برام دەژیام بەهەموو ئاراستەکانی ،هەر لەوکاتەی هەستم بەهۆشیاری خۆم کرد لەو کاتەی گەیشتمە قۆناغی ناوەندی ئەو منی بەشدار دەکرد لەگشت بوارەکانی بیرکردنەوەو دەرفەتی بۆ دەڕەخساندم بۆ ئەوەی گفتو گۆ بکەم لەبابەتە جیاوازەکان،بۆیە هزرو گیانمان تێکەڵ بەیەکتری بوو،ئەمە چ جای ئەوەی ،کە سەر بەیەك خێزان بووین.

میحنەت و تاقی کردنەوەی خوای گەورە بۆ خێزانی قوتب:

خانەوادەی قوتب خانەوادەیەکی دین دارو ڕۆشنبیر بوو باش لەدینەکەی خوا شارەزابوون‌و دەیانزانی ،کە ئەوەی لەو سەردەمەو لەهەموو سەردەمەکان دەست بگرێت بەدینی هەق‌و بۆ خەڵکی ڕوونی بکاتەوە ئەوا تووشی تاقیکردنەوەی جۆراو جۆر دەبێت لەلایەن خوای گەورە،بۆیە بە متمانەیەکی بەهێزەوە هاتنە ناو گۆڕپان‌و ئەسپی خۆیان تیادا تاودا.پێغەمبەر –صلی الله علیه وسلم – فەرمویەتی((أشد الناس بلاء الانبیاء ثم الامثل فالامثل یبتلی الرجل علی حسب دینه فان کان فی دینه صلبا إشتد بلاؤه وان کان فی دینه رقة ابتلی علی

قدر دينه فما يبرح البلاء بالعبد حتى يتركه يمشي على الارض بلا خطيئة)) حديث صحيح : واتە:پێغەمبەران لەهەموو کەس بەلآیان قورس ترە پاشان ئەوانەی لەخوارەوەی ئەوانن، هەر کەسێك بەگوێرەی دینەکەی تاقی دەکرێتەوە ،ئەگەر دینەکی بەهێزی هەبوو ئەوا بەلآیەکەی قورس تر دەبێ ،ئەگەریش دینەکەی زۆر بەهێز نەبوو ئەوا بەگوێرەی دینەکەی تاقی دەکرێتەوە ،بەردەوامیش تاقیکردنەوە لەبەندە ناگەرێ هەتا لەسەر زەوی دەرواو هیچ گوناهی نامێنێ)).

تاقیکردنەوەکانی خێزانی قوتب لەو کاتە سەریان هەڵدا کاتێك سەید قوتب لە ئەمریکا گەڕایەوە ،کە بۆ ماوەی ساڵێك لەئەمریکا بوو لەساڵی1949-1950 هەر کە سەید گەرایەوە پێنوسەکەی خۆی بەکار هێنا بۆ جەنگێکی سیاسی لە گۆڤارو رۆژنامەکان دژی دەسەلآتدارانی ئەو کاتی میسر ئەمەش وای لێکرد خۆی دووچاری گرتن بکات.

کاتێك شۆڕشی یۆلیۆ لە ساڵی 1952بەرپابوو کار گێرانی ئەم شۆرشە لەگەڵ هزری ئیسلامی تێك گیران ،کە خۆی لە برایانی موسوڵمان(الاخوان المسلمون) دەنواندو سەید قوتب یەکێك بوو لەبیرمەندەکانی ئەو کۆمەڵە، پەیوەندی سەید قوتب لەگەڵ کۆمەڵی برایانی موسوڵمان لەو کاتەوە دەستی پێکرد،کە لە ئەمریکا گەڕایەوە هۆیەکەشی ئەوەبوو کە سەید قوتب کاتێك لە ئەمریکا بوو حسن البنا تیرۆر کرا جا لەوێ ئاهەنگێکیان گێڕا بەبۆنەی تیرۆر کردنی بۆیە هەر لەو کاتەوە بڕیاری دا ببێتە یەکێك لەئەندامانی ئەم کۆمەڵە.

لەساڵی 1953سەید قوتب بانگهێشت کرا تاکو بەشداربێت لەلیژنەی دامەزراندنی برایانی موسوڵمان هێندەی پێنەچوو ڕوداوی مەنشیەی بەناوبانگ لەساڵی 1954 دورست کرا کاتێك جمال عبد الناصر کۆمەڵی برایانی تاوان بار کرد بەوەی هەوڵیان داوە تیرۆری بکەن،بۆیە سەید قوتبو سەرکردەکانی برایانی

موسوڵمان دەسگیر کران کە لە نێوانیان محمد قوتبیشی لەگەڵدابوو، لەزیندانی حەربی هەریەك لەو دوو برایە بەتەنیا بەند کرابوون بۆ ئەوەی ئاگایان لەیەکتر نەبێ .محمد قوتب دەڵێ: فیتنەی زیندانی حەربی زۆر کاریگەری خراپی هەبوو لەسەر دەروونم ،چونکە ئەمە یەکەم تاقیکردنەوەی ژیانم بوو بەجۆرێك ئازارو ئەشکەنجەیان دەدام ،کە هەر گیز لەیادم ناچێت،بەڵام پاش ماوەیەك محمد قوتب ئازاد کرا لە کاتێك سەید 15ساڵ بڕیاری زیندانی بۆ دەرچوو،کە لەو ماوەیە بوو سەید (في ضلال القرآن) ی نووسی ،محمد قوتب باسی ئازاد کردنی دەکاتو دەڵێت:ئەو ڕۆژەی لە زیندان دەرچووم هەڵسام بەلەکۆڵکردنی بەرپرسیاریەتی خێزانەکەم ،کە پێشتر برا گەورەکەم لەئەستۆی گرتبوو بۆیە بۆ ماوەی 10 ساڵ بە چەندین تاقیکردنەوەی ناخۆش تێپەڕیم ،لە ساڵی 1964 سەید بە لێبوردنێکی تەندورستی ئازاد کرا ،بەڵام بەپێچەوانەوە محمد قوتب ڕەش بین بوو بەرامبەر ئەو ئازاد کردنەی سەیدی برایو وتی: ئەو بڕیاری ئازاد کردنەم بە دوو دڵیەکی زۆرەوە وەرگرتو دەم زانی ئەو ئازاد کردنەی پیلانێکی توند تری بەدواوەیە کە لەزیندان کردن خراپ ترە ،جا ئەوەی محمد قوتب بۆی چوو ڕاست دەرچوو پاش تێپەربوونی ساڵێك بەسەر ئازاد کردنی بارودۆخەکان دووبارە تێکچوونو جمال عبد الناصر لەساڵی 1965 هەڵسا بەدەرکردنی بڕیاری دەست گیر کردنو ڕاوەدوونانی ئەندامانی کۆمەڵی برایان ئینجا دووبارە سەید قوتبو محمد قوتبی برای دەست گیر کرانەوە بەڵام ئەم جارە ماوەی زیندانی محمد قوتب درێژەی کێشا بۆ ماوەی شەش ساڵ واتە لەساڵی 1965 هەتا ساڵی 1971 بەڵام سەید قوتبو شەش سەرکردەی تری برایانی موسوڵمان شەهید کران لەسالی 1966 لەبەرە بەیانێکی زوودا فیرعەونی میسری ژەهری خۆی ڕژاندو خۆی شەرمەزاری خوای پەروەردگارو مێژوو کرد ،جا لەماوەی ئەو ڕوداوانە

خانەوادەی قوتب دوچاری راوەدوونانو لەناو بردنو ئازارو ئەشکەنجە بوونەوە ،لە ئەنجامی ئەو قەسابخانانەوە کوڕە خوشکێکی محمد قوتب لەژێر ئەشکەنجە شەهید کراو هەر سێ خوشکەکەشی دەست گیرکران.

قۆناغی ئازاد کردنی ئەندامانی برایانی موسوڵمان لە زیندانەکانی جمال عبد الناصر وەکو کۆچ کردنێکی بەکۆمەڵی ئیخوان بوو لە میسر ،محمد قوتب یەکێك بوو لەوانە کە تاکو ئەمڕۆ لەوڵاتی سعودیە نیشتەجێە ، محمد قوتب وەکو مامۆستایەك لەکۆلیژی شەریعەی زانکۆی ام القری وانەی وتەوە پاشان لەزانکۆی شا عبد العزیز لەشاری جدە.

محمد قوتب هۆکارێکی ئیجابی بوو لەدامەزراندنی قوتابخانەیەکی ئیسلامی پڕ لەجمو جۆڵ لەنێو زانکۆکانی سعودیە ئەویش لەئەنجامی سەرپەرشتی کردنی نامەی زانکۆی هەمە جۆر کە توانی پەیوەندی نیوان قوتابخانەی شێخ محمد عبد الوهابو کێشە هزریو بزووتنەوە هاو چەرخەکان توندو تۆڵتر بکات ،لەساڵی 1988 محمد قوتب خەڵاتی شا فەیصەڵی جیهانی بۆ لێکۆلینەوەی ئیسلامی پێ بەخشراو لە بەرواری 1\9\2009 دا توشی جەڵتەیەکی دەماغی بوو بەڵام سوپاس بۆ خوا سەلامەت بوو هەتا ئێستاش وا لەژیاند ماوەو پێنووسە پیرۆزەکەی لەکار دایە بۆ خزمەت کردنی ئیسلامو موسوڵمانان .

مەنهەجی فیکری محمد قوتب

محمد قوتب ناسراوبوو بە رەخنە گرتنی بێ ئەندازە لەرۆژ ئاواو شارستانیەتیان‌و هزرو بیریان ، لەو کاتەی بیری مارکسیەت‌و لیبرالیەت‌و سۆشیالیستی لە نێو ولآتانی ئیسلامی بلآو بوو زاڵ بوو بەسەر زۆربەی لایەنە فیکری‌و راگەیاندنەکان‌و بیردۆزەکانی ئەم رێچکەو بیرو هزرانە لەزانکۆان دەخوێنران ،لێرەمحمد قوتب چەند کتێبی نووسی لە رەخنە گرتن لەم هزرو بیرو باوەرو رژێمانەو ئەوانی بەنەگەنجاوو نامۆ زانی لەمەرتەتبیق کردنی لەجیهانی عەرەبی‌و ئیسلامی،محمد قوتب زۆربەی ژیانی خۆی لەوانە وتنەوەو وتارو نووسین‌و سەرپەرشتی نانەی زانکۆیی بردوتە سەر بۆیە خاوەن بەرهەمێکی بێ سنورە ،کە خۆی لە نزیکەی 30 کتێب دەبینێتەوە،لە گرنگ ترین ئەو کتێبانەی نوسیویەتی ،کە بەڵگەیە لەسەر ئەو نوسەرە رووناکبیرە کتێبی (جاهلية القرن العشرين)ە کە تیایدا خوێندنەوەیەکی تەواو بۆ نوێخوازی رۆژئاوا دەکات‌و،بەنەفامی دووەمی دادەنێت‌و دەڵێت : ئەم نەفامیە لە لارێبوون‌و گەندەڵی‌و گەمراییدا وەکو نەفامیەتی عەرەبەکانە پێش هاتنی ئیسلام، ئەو لەکتێبی (مذاهب فكرية معاصرة)دا روانینێکی زانستی رەخنەیی پێشکەش کرد بۆ ئەو مەزهەبانە ،کەلەمەدا ئیعتیمادی کردبووە سەر خوێندنەوەیەکی قوڵ بۆ وتە تیۆریەکانی‌و تەجروبە واقیعیەکەی، بۆیە ئەو کیتابە بووە سەرچاوەیەکی سەرەکی ، بەجۆرێك بووە مەنهەج لەزۆربەی زانکۆکانی جیهانی عەرەبی‌و ئیسلامی،لە کتێبی (حول التفسير الاسلامي للتاريخ) مێژوو نووسە موسوڵمانەکان بانگەشە دەکات ،کە دووبارە بەهزریکی ئیسلامی مێژووی مرۆڤایەتی بنوسنەوە

بۆ ئەوەی ئەو کەلێنە پڕ بکەنەوە ،کە لەنێوان بیرو باوەڕی ئەممەتو خوێندنەوەی مێژوو هەیانە، محمد قوتب ئەوا 90 ساڵە لەمیانی کتێبەکانی کۆشش دەکات بۆ ئەوەی تەفسیری واقیع بکات لە ڕوانگەیەکی ئیسلامیو بە مونتلەقێکی زانستیو موخالیف بە تیۆری زانستی ڕۆژئاوا.

منداڵەکانی محمد قوتب

محمد قوتب کتێبەکانی وەکو منداڵەکانی خۆی دادەنێ .. لە چاو پێکەوتنێکی ڕۆژنامە نووسی پرسیاری ئەوەیان لێکرد ،کە ئایە خۆشەویسترین کتێب لەلای ئەو کامەیانە؟ لەوەڵامدا وتی: من کتێبەکانم وەکو مناڵەکانی خۆم سەیر دەکەمو هەموو لەلام خۆشەویستن ،بەڵام کتێبی (الانسان بین المادیة والاسلام) کە نۆبەرەی کتێبەکانمە دایدەنێم بەخوشەویسترینیانو هەروا کتێبی(جاهلیة القرن العشرین) پلەو پایەکی تایبەتی لەدەرونمدا هەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەی ڕوانینی من دەردەخا لەمەڕ حەقیقەتی نەفامی ،کە سنوردار نیە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ، بەڵکو حالەتێکە بۆی هەیە لەهەموو زەمانو مەکانێکدا ڕووبداو ئەمڕۆش مرۆڤایەتی لەنێو سەخت ترینو قێزەونترین نەفامیدا دەژیت.

لە کۆتایدا هەزاران ڕەحمەت بۆ گیانی پاکی سەید قوتبی موفەسیرو نووسەرو لەش ساغیو تەمەن درێژی بۆ مامۆستاو پێشەوا محمد قوتب ،کە ئەوانە خۆیان وەکو چرایەك لێکرد بۆ ڕۆشنکردنەوەی ڕێگای ڕاستی ئیسلامو بەرەنگار بوونەوەو بودەڵ کردنەوەی تیۆرو هزرە دەست کردەکانی مرۆڤو هەروا دیار خستنی ڕوی ژیارە ساختەکەی ڕۆژئاوا،کەتاکو ئێستا هەندێك لەموسوڵمانان پێی هەڵخەڵەتاونو پێی سەرسامن.

پەراوگەی محمد قوتب

1 دراسات في النفس الإنسانية.

2- التطور والثبات في حياة البشرية.

3- منهج التربية الإسلامية (بجزئيه: النظرية والتطبيق).

4- منهج الفن الإسلامي.

5- جاهلية القرن العشرين(1965).

6- الإنسان بين المادية والإسلام(1951).

7- دراسات قرآنية.

8- هل نحن مسلمون؟(1959).

9- شبهات حول الإسلام.

10- في النفس والمجتمع.

11- حول التأصيل الإسلامي للعلوم الاجتماعية.

12- قبسات من الرسول(1957).

13- معركة التقاليد.

14- مذاهب فكرية معاصرة.

15- مغالطات(2006).

16- مفاهيم ينبغي أن تصحح.

17- كيف نكتب التاريخ الإسلامي؟.

18- لا إله إلا الله عقيدة وشريعة ومنهج حياة.

19- دروس من محنة البوسنة والهرسك.

20- العلمانيون والإسلام.

21- هلم نخرج من ظلمات التيه.

22- واقعنا المعاصر.

23- قضية التنوير في العالم الإسلامي.

24- كيف ندعو الناس؟.

25- المسلمون والعولمة.

26- ركائز الإيمان.

27- لا يأتون بمثله !.

28- من قضايا الفكر الإسلامي المعاصر.

29- حول التفسير الإسلامي للتاريخ.

30- الجهاد الأفغاني ودلالاته.

31- دروس تربوية من القرآن الكريم.

32- حول تطبيق الشريعة.

33- المستشرقون والإسلام.

34- هذا هو الإسلام.

با دەربچین لە تاریکایی سەرگەردانی

ئەمە بانگەوازێکە بۆ گشت ئەو ئوممەتەی بە زووبانی وشەی لا الله الا الله محمد رسول الله دەدرکێنێ.

بەڕاستی هەر ئەم وشە گەورەیە یەکەم جار ئەو ئوممەتەی هێنایی بوونەوە ،هەرئەوە بوو بەرزی کردەوە بۆ پایەکی زۆر بەرزو پڕخێر لە سەر هەموو ئوممەتەکانی زەوی‌و هەموو ئوممەتەکانی مێژوو ﴿ كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ ﴿١١٠﴾ ﴾ آل عمران: ١١٠ ئێوە چاکترین مرۆڤن لە ناو مرۆڤی دنیادا سەرو هەڵدا فەرمان بە چاکە دەدەن و ڕێ لە ناڕەوا دەگرن،باوەڕیشتان بە خوا هەیە.

هەر ئەم وشەیە بوو پاڵی نا بۆ جم‌و جۆڵ کردن لە هەموو بوارێك لە بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتی،کەلە هەموو گۆڕپانەکان گەیاندیە پلەی سەرکەوتن : لەجەنگی‌و سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و هزری‌و ڕەوشتی و رۆحی،کەوای کرد ناوو دەنگێکی گەورەی ببێت لە زەمیندا پاش ئەوەی ، کە لە پەراوێزی مێژوو بوو!

بەڵام وتنی وشەی لا الله الا الله بە تەنیا ئەم هەموو شتانەی دروست نەکرد!

بەڵکو وتنی بە زووبان و ڕاستی و یەقینی ئەم وشەیەی ،کەدڵەکانی پڕکردبوو،کردوە بە داخوازیەکانی بوو، کە ئەم هەموو شتە سەیرو سەمەرانەی دروست کرد، کە مێژووش تێی گەیشت بۆ هێنانە دی بەڵێنی خوا ﴿ وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِن

قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ ٱلَّذِى ٱرْتَضَىٰ لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّنۢ بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا ۚ يَعْبُدُونَنِى لَا يُشْرِكُونَ بِى شَيْـًٔا ﴿٥٥﴾ ﴾ النور: ٥٥: خودا لەوانەی بە ئێوە باوەڕیان هەیە وئاكار جاكن بەلێنی دالەم زەمینەدا دەیانكاتە جێگە نشین هەروەكو چۆن ئەوانەی بەرلەوانی كردە جێنیشین. دینەكەشیان– كە خۆی پەسەندی كردوە– هەر بۆیان دادەمەزرێنیٚ و ترسە كەشیان بۆ دەكاتە دلنیایی تا بە تەنیا من بپەرستن و ، هیچ شتێكیش بە هاوەڵی من نەزانن.

پێشتر ئوممەت بە هەموو قەوارەكەی لە جیهانی واقیعیدا دەژیا ، بەلاٚم خۆی خەرماندا لە جیهانی خەیاڵەوە ! ئەمرۆش.. واقیعەكە چەند دوورە لە خەیاڵ ! بەڵكو واقیعەكە كە چەند دوورە لەو ڕاددە كەمەی ،كەئوممەت نابیٚ زیاتر لیٚ ی دابیەزیٚ !

ئەمرۆ ئوممەت كوێرانەو بیٚ ڕێنمایی چووە ناو تاریكیەكانی سەرگەردانی..مەگەر ئەوەی خوا بە زەیی پیٚ هاتبێتەوە !

بەڕاستی خوای گەورە ئوممەتێكی پێش ئێمەی بە سەرگەردانی تاقی كردەوە ﴿ أَرْبَعِينَ سَنَةً يَتِيهُونَ فِي الأَرْضِ: ماوەی چل ساڵ بەشیان لەو وولاٚتە بڕاو لە زەمیندا وێلاٚن و سەرگەردان دەبن﴾ سورەتی مائدە : 26

هۆی ئەم تاقی كردنەوەیەش ئەوە بوو ،كە ئەو ئوممەت تەمبەڵی كردوو كەم تەرخەمی نواند بەرامبەر فەرمانی خوا،كەئاڕاستەیان كرابوو بۆ چوونە ژوورەوەی زەوی پیرۆز (الارض المقدسة) : ﴿ وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦ يَٰقَوْمِ ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَةَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ جَعَلَ فِيكُمْ أَنۢبِيَآءَ وَجَعَلَكُم مُّلُوكًا وَءَاتَىٰكُم مَّا لَمْ يُؤْتِ أَحَدًا مِّنَ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٢٠﴾ يَٰقَوْمِ ٱدْخُلُوا۟ ٱلْأَرْضَ ٱلْمُقَدَّسَةَ ٱلَّتِى كَتَبَ ٱللَّهُ لَكُمْ وَلَا تَرْتَدُّوا۟ عَلَىٰٓ أَدْبَارِكُمْ فَتَنقَلِبُوا۟ خَٰسِرِينَ ﴿٢١﴾ قَالُوا۟ يَٰمُوسَىٰٓ إِنَّ فِيهَا قَوْمًا جَبَّارِينَ وَإِنَّا لَن نَّدْخُلَهَا حَتَّىٰ يَخْرُجُوا۟ مِنْهَا فَإِن يَخْرُجُوا۟

مِنْهَا فَإِنَّا دَاخِلُونَ ﴿٢٢﴾ قَالَ رَجُلَانِ مِنَ ٱلَّذِينَ يَخَافُونَ أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمَا ٱدْخُلُوا۟ عَلَيْهِمُ ٱلْبَابَ فَإِذَا دَخَلْتُمُوهُ فَإِنَّكُمْ غَٰلِبُونَ ۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَتَوَكَّلُوٓا۟ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٢٣﴾ قَالُوا۟ يَٰمُوسَىٰٓ إِنَّا لَن نَّدْخُلَهَآ أَبَدًا مَّا دَامُوا۟ فِيهَا ۖ فَٱذْهَبْ أَنتَ وَرَبُّكَ فَقَٰتِلَآ إِنَّا هَٰهُنَا قَٰعِدُونَ ﴿٢٤﴾ قَالَ رَبِّ إِنِّى لَآ أَمْلِكُ إِلَّا نَفْسِى وَأَخِى ۖ فَٱفْرُقْ بَيْنَنَا وَبَيْنَ ٱلْقَوْمِ ٱلْفَٰسِقِينَ ﴿٢٥﴾ قَالَ فَإِنَّهَا مُحَرَّمَةٌ عَلَيْهِمْ ۛ أَرْبَعِينَ سَنَةً ۛ يَتِيهُونَ فِى ٱلْأَرْضِ ۚ فَلَا تَأْسَ عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْفَٰسِقِينَ ﴿٢٦﴾﴾ المائدة: ٢٠ - ٢٦ **: ئەو دەمانەش کە موسا بە هۆزی خۆی گووت : گەلۆ ! دەبێ هەرگیز ئێوە ئەو چاکەیەی لە بیر نەکەن کە خودا دەربارەی کردوون — کە ئەو هەموو پێغەمبەرەی هەر لە ناو خۆتان بۆ ناردوون چەندین پادشای لە خۆتان پەیدا کردووەو ئەو شتەی بە ئێوەی داوە ، بە هێچ کەسێ لەم دنیایەدا نەداوە . گەلۆ بچنە سەر ئەوزەمینە پیرۆزەی خوا بۆ ئێوەی بڕیار داوەو بۆ نووسراوە بەرەو پاش مەگەڕێنەوە . گەر لە پەیمان خۆ ببوێرن ، بەزیانتان تەواو دەبێ .گووتیان موسا ! مرۆیەکی زۆردارو مل هوڕ لە وێدان . تا ئەوانەی لێ دەرنەچن ، ئێمە ناچینە ناویەوە ئەگەر ئەوان لەوشوێنانە بچنە دەرێ، ئەوساکە دەچینە ناوی . دووپیاو لەوانە وا لەخوا دەترسان بەر چاکەی خودا کەوتبوون ، پێیان گووتن : لە دەروازەی شار بچنە ژوورەوەو هێرشیان بۆ بەرن، هەر گا پاتـان خستە ئەودیو، سـەرکەوتن بەشـی ئێوەیە . ئەگەر ئێوە بڕواتـان بە خوا هەیە ، خۆتان بەخودا بسپێرن. گووتیان: موسا ! هەتا ئەوان لەو شوێنە بن ، ئێمە هەرگیز زات ناکەین بچینە ئەوێ . ئەوا خۆت و پەروەرندەت بچـن دەگـژیان ڕابچـن و چاریان بکەن ، ئەوا ئێمە لێرە نیشتوین چاوەنۆڕین . موسا گوتی : پەروەرندەم ! تۆ دەزانی کە من دەستم هەر بەسەر خۆم و برابەکەمدا ڕادەگاو (ئەوانە بە قسەی من ناکەن) سا تۆ من و ئەو هۆزە**

نافەرمانەی (من) لە یەکتر جیا کەوە . گووتی: ئەوا ماوەی چل سالّ بەشیان لەم وولاّتە دابڕاو لە زەمیندا وێلاّن و سەرگەردان دەبن . بۆ ئەم هۆزە نافەرمانە لە ڕێ دەرچووە خەم مەخۆ﴾.

ڕەنگە حیکمەت و دانایی ئەو سەرگەردانیە ئەوە بێت ، کە ئەو گەلە ژێر دەست و چەوساوەیە ، ئەوانەی لەسەر سەرشۆڕی پەروەردە ببوون بۆ فیرعەون ، بە کەلّك هەلّگرتنی ئەو ئەمانەتەی کەپێیان ڕاسپێردرابوو هەلّی بگرن نەدەهاتن بەو شێوەیەی، کە شایەن بن بۆ هێنانەدی وتەحقیق کردنی پەیام و ڕێبازی خوا لە زەمین ، بۆیە لەم ماوە دیاری کراوەدا خودا تاقی کردنەوە بەم سەرگەردانیە،کەتیایدا ئەونەوە سەرشۆڕو زەبوون و چروکە کۆتایی پێ هات و ، نەوەیەکی تری نوێ لەدایك بوو.. لەناو سەرگەردانی لە دایك بوون..لە ناو ناخۆشی و ناڕەحەتی .. لە ناو ئێش و ئازارو دەردو بەلاّ بۆیە خوای گەورە مۆلّەتی دان بۆئەوەی بچنە ناو زەوی پیرۆز (الارض المقدسة) وجێگیریشی کردن لەزەوی. ئەمڕۆش ئوممەتی ئیسلامی لەناو سەرگەردانی دەادەژی .بەلاّم سەرگەردانەی مەعنەوی نەك ئەو سەرگەردانیە ماددیەی ،کە نەوەی ئیسرائیل لەنێویدا ژیا .سەرگەردانی لە هزرو هەستەکان و بیروبۆچوون و شێوازی هەلّس وکەوت .ئەم تاقی کردنەوەیش لەلایەن خوایەوە بوو کاتێك ئەو ئومەتە خۆی گنخاند لە مەڕ هەلّگرتنی ئەو پەیامەی ،کە پێی ئەرك بار کرا بوو،کە هەموو خێروبێرێکی لەناو ئەو پەیامەدابۆدانابوو لە نێویشی دا ئەرکەکەی بۆدیاری کردبوو ﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلۡنَٰكُمۡ أُمَّةٗ وَسَطٗا لِّتَكُونُواْ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ وَيَكُونَ ٱلرَّسُولُ عَلَيۡكُمۡ شَهِيدٗاۗ ﴿١٤٣﴾ ﴾ البقرة: ١٤٣ بەم ئاوایە ئێمە ئێوەمان کردۆتە ئومەتێکی هەلّبژاردە تا ئاگاو لە مەردم هەبێ و پێغەمبەر یش چاودێرتان لێ بکات. زیاتر لەسەدەیەك

ئەم سەرگـــەردانیە دەستی پێکردبوو ،کاتێك ئەوئوممەتە شەریـــعەتەکەی خۆی لاداو ،چەند شەریعەتێکی تری لەباتی دانا،کەخوای گەورەهەواڵی دابوێ ئەم شەریعەتانە نەفامین چونکە حوکم ناکات بەوەی خوا ناردیتیە خوارەوە، بەهاو ڕەوشت و شێوازی هەڵس وکەوتی گۆڕیەوە بەبەهاو ڕەوەشت و شێوازو هەڵس وکەوتی ڕۆژئاواو پشتیشی وەرگێڕا لە کیتابی خواو سوننەتی پێغەمبەر صلی الله علیەوسلم بۆ ئەوەی سیستم و هزرو ئایدۆلۆژیاو ڕێبیرەکان ئیستیراد بکات لەو شوێنەی ،کە گومانی برد جێگای بەرز بوونەوە و پێشکەوتن و شارستانیەتی ڕاستیە .

تووشی فیتنەهاتنیش بەهۆی ڕۆژ ئاواوە– لەپاش ئەو سەرسامیەی ئوممەت تووشی هات لەگەڵ ئەو شکستیە سەربازیەی ڕووبەڕوی بۆوە– سەرەتای ئەو سەرگەردانیەبوو کەوا ئوممەت لە میحنەتەکەی پێی تاقی کرایەوە .

پێش ئەوە ئوممەت تووشی زۆر دەردو نەخۆشی هاتبوو،کە وێك هاتبۆوەو ، بەرتەنگ ببۆوەو ،خۆی لەناو پۆشاکی خۆی نابۆوەو ،ئەو پاشماوەی لە ئایین بۆی مابۆوە لە باوەشی دەگرت وای دەزانی لەسەر دینەکی ڕاستە.پاشان نەخۆشیەکانی بەرەو توند و سەختی چوو هەتا نزیك بوو لەماندوێتیو شەکەتی بکەوێتە خوارەوە ،ئەگەر چی ئەو هەر لە جێگای خۆی گیرسابوو جوولەی نەدەکردو،بەڵکو بیریشی نەدەکردەوە لەگۆڕینی ناسنامەی خۆی و قەبوڵیشی نەدەکرد کاتێك بانگ دەکرا بۆ خۆگۆرین .پاشان – لە ناکاو – دوای دۆڕاندی سەربازی بەرامبەر ڕۆژئاوا – ئەوەی هەیبوو لەپاش ماوەی دین لە ترسان هەمووی لە خۆ داماڵاند ،بەڵام بەبێ ڕێنمایی لەو دینەی ،کە سەدەکانی پێش ئێمە پێی ژیان ،کە سەروەری و هێزو دەستەڵاتی لەم دینەوە بەدەست دەکەوت کاتێك ،کە بەتەواوی لە سەر ڕێنمای و چاوساغی دەستی پێوە گرتبوو ..ئێستاش

– لە سەرەتای کاریدا ئەخولێتەوە لە ناو سەرگەردانیو ،دەگەڕێت لە ڕێنمایی و تروسکایەك لەو شوێنەی کە تییایدا نایبینێتەوە بەدەستی ناکەویٚ!

ئوممەت زیاتر لە سەدەیەك ماوە لە ناو سەرگەردانی ...

پاشان سوپاس بۆ خوا ڕابوون هاتو ..دێدەوانی ئەم ئومەتە دەستیان بە دەرچوون کرد لەناو سەرگەردانی بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ سەرچاوەی هیدایەتی ڕاستەقینەو سەرچاوەی هێزی ڕاستەقینە ،کە ئەمانە ماوەیەك ئاگای لێنەماو ماوەیەکیش وازی لیٚ هێنا کاتێك لە ناو سەرگەردانی ئەخولایەوە .

بەڵام هێشتا ڕابوون لە سەرتای رێگادایەو ، ڕێگایەکی دوورو درێژی لە بەردەمە دەبیٚ بیبڕی بۆ هێنانەدی ئامانجەکانیو هێشتا خەڵکێکی زۆریش لە ناو سەرگەردانی ماوەتەوەو تیایدا دەڕوات .

دەبیٚ خودای گەورە چەند کاتی تەرخان کردبێت بۆئەوەی ئەو ئوممەتە لە ناو سەرگەردانی بەسەری ببات ؟ ئەمە غەیبەو تەنیا خوا دەیزانی ..بەڵام ئێمە وامەزەندە دەکەین ،کەکاتی هاتووە بۆ ئەو ئوممەتە خۆی دەربێنیٚ و ڕزگاربکا لەم سەرگەردانیە . ئەگەر کەوتنە ناو فیتنەو ئاشوب بەهۆی ڕۆژئاواوە لەسەرەتادا ئەوە ئەو ئومەتەی هاوێشتە ناو سەرگەردانی ، ئەوە وا مەزندە دەکەین ،کە ئەمڕۆ ڕۆژئاوا حەقیقەت و ڕاستیەکەی ئاشکرا بووە بەجۆرێك ،کە ئەوەی کەمترین بینین وزانیاری هەبێت بە چۆنیەتی هەڵسوڕانی کاروبارەکان ئەوا هەستی پێدەکات .

ئەو دڕندایەتیەی خاچ پەرستان ئەنجامیاندا لە بۆسنەو هێرسك وپاشان ئەو بێدەنگ بوونە ڕیسوابووەی ڕۆژئاوای خاچ پەرست مومارەسەی کرد لەبەرامبەر ئەو دڕنداتیە گەللۆریە ، دەبیٚ هەرگیز بۆ هەموو مرۆڤێك دوو ڕاستی زۆر گەورە ئاشکرا بکات: **یەکەمیان**، کە رۆژئاوا چەندە ڕقو قینی شاراوەی لەدەروون دایە بەرامبەر ئیسلام وموسوڵمانان **دووەمیان:** بڕی ساختە چەندە لەو شارستانیەتەی

کە ئەو ئوممەتە گومانی برد شارستانیەتەکی مرۆڤایەتیەو هەڵدەستێ بەرێز گرتنی بەرامبەرو پێدانی مافی لەبووندا‌و ،مافی لە دەربڕینی ئەو بوونەدا، بەڕاستی رۆژ ئاوا گەورەترین شارستانیەتی درۆیینە لەمێژوو . .سەرەڕای هەموو تەکنەلۆژیاو پێشکەوتنی زانستی و ماددی وگیشتنی بە مانگو مەریخ . . چونکە – بەتەنها – ئەمانە شارستانیەت دورست ناکات ،ئەگەر چی زانست وتەکنەلۆژیا لەپێداویستیەکانی هەرە گرنگی هەموو شارستانیەتێکە . .بەڵکو شارستانیەتی هەق وڕاستی ئەوەیە،کە مرۆڤ لەناخو گەوهەردا بەرز بکاتەوە .

بەرزی بکاتەوە لە هەموو قەوارەکەی نەك تەنها لە لایەنێکی بەڵکو لە هەموو بوارەکانی ژیانیدا هەروەکو خوای پەروەردگار فەرموویە باوەڕدارەکان ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱدۡخُلُواْ فِي ٱلسِّلۡمِ كَآفَّةٗ وَلَا تَتَّبِعُواْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيۡطَٰنِۚ إِنَّهُۥ لَكُمۡ عَدُوّٞ مُّبِينٞ ٢٠٨ ﴾ البقرة: ٢٠٨: ئەی گەلی خاوەن باوەڕان !هەموو لاتان ئامادەی فەرمانبەری بن.پێ مەنێنە جێ پای شەیتان ئاشکرایە کە شەیتان پێتان دوژمنە.

﴿ٱدۡخُلُواْ فِي ٱلسِّلۡمِ كَآفَّةٗ ﴾ یانی هەمووتان بڕۆنە ناو ئیسلامەوە،واتە بە تێکڕایی هەمووتان،بە تێکڕایی هەر تاکێکتان ..بە تێکڕایی دەروونی و عەقڵی و هەستی و ویژدانی و ڕێگای هەڵسوکەوتی جا هەر بەشێك لە قەوارەی ئەو مرۆڤە نەچێتە ناو ئەو ئیسلامەی خوا ئەوا دەبێتە خۆراك بۆئەو شەیتانەی هەردەم لەکەمین دایە بۆ ئەوەی مرۆڤ بە خێرایی لەو ئیسلامە لە دونیا دەربێنێ و لە ڕۆژی دواییدا بیخاتە دۆزەخ ﴿ ثُمَّ لَأٓتِيَنَّهُم مِّنۢ بَيۡنِ أَيۡدِيهِمۡ وَمِنۡ خَلۡفِهِمۡ وَعَنۡ أَيۡمَٰنِهِمۡ وَعَن شَمَآئِلِهِمۡۖ وَلَا تَجِدُ أَكۡثَرَهُمۡ شَٰكِرِينَ ١٧ ﴾ الأعراف: ١٧: وتی:چونکە لەڕێ لات دام منیش بۆیان

ڕۆدەنیشم ڕاستە ڕێی تۆیان لێدەگرم. ئەوجا لەپێشو پاشەوە بۆیان دەچم ڕاستوچەپیشیان لێدەگرم جا دەبینی زۆربەیان شوکرانە ناکەن.

دڕندایەتی خاچ پەرستان لە بۆسنەو هێرسك و ئەو بێدەنگ بوونە ڕیسوا بووەی ڕۆژئاوا مومارەسەی کرد لە بەرامبەریدا ئەم دووانە سەنگ و مەحەکی ڕاستین بۆ ئەم شارستانیەتە ساختەیە.ئەو سەنگ و مەحەکەی مەعدەنە ڕاستییەکەی ئاشکرا دەکاو ئاشکرای ئەوەش دەکا،کە چەند لایەنی لەژیانیدا بەجێهێشتووە بۆ ئەوەی ببێتە خۆراکی شەیتان.لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە یەکەم دڕندایەتی نییە کە جیهانی شارستانی مومارەسەی کرد یان بە بێدەنگ بوونێکی ڕیسوابوو لە بەرامبەریدا بێدەنگ بوو ، یان بەئاشکراو نهێنی دەستخۆشی لێکرد و پیرۆزبایی لێکرد،قەسابخانەی تاجیکستانو دڕندایەتییەکەی چیوایان کەمترنییە، دڕندایەتی قەسابخانەکانی هیندو کشمیر چیوایان کەمتر نییە، دڕندایەتی قەسابخانەکانی فلپین چیوایان کەمتر نییە.یان بێجگە لەم قەسابخانانەو هی دیکەش لە هەموو ناوچەکانی زەوی دا.

بەڕاستی کاتی ئەوە هاتووە بۆ ئەو ئوممەتەی هەڵخەڵەتاوە بەڕۆژئاوا بەئاگا بێتەوەو خۆیان دەربێنن لە تاریکیەکانی سەرگەردانی. ئەگەربێتو سەرسام بوون بە ڕۆژئاوا– کەلە بنچینەدا لە بەتاڵی عەقیدەو بیروباوەڕەوە دروست بوو کە لەماوەکانی پێشودا ئوممەت لە نێویدا ژیا– سەرەتای سەرگەردانی بێت ،ئەوە با ئاشکرابوون وبەدەرکەوتنی ڕاستو دروستی ڕۆژئاوا ببێتە دەسپێکی دەرچوون لەو سەرگەردانییەی کە هێشتا لەناوی دا دەڕوات..بە هیچ شێوەیەکیش مرۆڤ بەتەواوی دەرناچێت لە سەرگەردانی هە تا بە تەواوی و بەتێکرایی نەچێتە ناو ئیسلامی خوا.. ڕاستی لااله الاالله محمد رسول الله.

ئەم بانگەشەیە ئاڕاستە کراوە بۆهەموو ئوممەت بۆ ئەوەی دەربچێت لە سەرگەردانی و بکەوێتەوە سەر ڕێگا...بەڵام بە شێوەیەکی تایبەت ئاڕاستە کراوە بۆ گەنج و لاوانی ڕابوون ، چونکە هەر ئەوان ئەو سەربازەن ،کە ئوممەت ڕێنمایی دەکەن بۆ ڕێگاو ئاسانکاری بۆ دەکەن بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە لایو بەناویدا بڕوات ﴿ وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمٗا فَٱتَّبِعُوهُۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمۡ عَن سَبِيلِهِۦۚ ﴿١٥٣﴾ ﴾ الأنعام: ١٥٣: ئەمەیە ڕێگای ڕاستی من، ئێوە هەر بەو ڕێگایە بچن و مەچنە سەر ڕێگایانی ترنەوەك لە ڕێگای ئەو دوورتان خاتەوە.

ئەم چەند لاپەڕەیەم بەکورتبڕیەکی زۆر نووسی بۆ ئەوەی ڕوونی بکەمەوە کە چۆن ئەو ئوممەتە چووە ناو سەرگەردانی و قەبارەی ئەو سەرگەردانیەچەندە ،کە لە ماوەیەك لە ماوەکاندا هەموو لایەنەکانی ژیانی گرتەوە: بگرە لە لایەنی روحی و هزری و ڕەوشتی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی. پاشان ئەو ڕۆڵەی کە ڕابوونی پیرۆز پێی هەڵسا هەتا وەکو ئەم ساتو کاتە سەرەڕای ئەو هەموو کەم و کوڕی و ساتمانەی هەیەتی پاشان بەئیزنی خوا وێنەی بەیانیەکی بە ئومێدو هیوا کاتێك ڕابوون پێدەگاو توکمە دەبێو ئوممەتیش بە تەواوەتی دەردەچێت لە تاریکییەکانی سەرگەردانی و قایم بوون و جێگیربوونی لەسەر ئەم زەوییە بۆدەگەڕێتەوە بە گوێرەی وەعدو بەڵێنی بەردەوامی خوا ﴿ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمۡ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَيَسۡتَخۡلِفَنَّهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ كَمَا ٱسۡتَخۡلَفَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمۡ دِينَهُمُ ٱلَّذِي ٱرۡتَضَىٰ لَهُمۡ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّنۢ بَعۡدِ خَوۡفِهِمۡ أَمۡنٗاۚ يَعۡبُدُونَنِي لَا ﴿٥٥﴾ ﴾ النور: ٥٥

خودا بەوانەی لە ئێوە بڕوایان هەیەو ئاکارچاکنبەڵێنی دا لەم زەمینە دەیانکاتە جێگەنشینهەروەکو چۆن ئەوانەی بەرلەوانی کردە جێنشین–

دینەکەشیان–کە خۆی پەسندی کردووە–هەر بۆیان دادەمەزرێنیٚ و ترسەکەشیان بۆ دەکاتە دڵنیایی {تا}تەنیا من بپەرستن﴾.

خوای گەورەش بەرپرسیارە لە رێپیشاندانی ئوممەت بۆ دەروازەیەکی ڕاست بۆ چوونەدەری لە سەرگەردانیو هەر ئەویش بەرپرسیارە لە دیتنەوەی ڕێگایەکی هەق و ڕێبازێکی ڕاست بۆ ئەوەی پێیدا بڕۆن ﴿ قُلْ هَٰذِهِۦ سَبِيلِىٓ أَدْعُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ ۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِى ۖ وَسُبْحَٰنَ ٱللَّهِ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٠٨﴾ ﴾ یوسف: ١٠٨ بێژە: ئەمە ڕێگای منە هەم خۆم و هەم ئەو کەسانەش شوێنم کە فتوون – بە بەڵگەوە – بۆ خواناسی بانگی دەکەم.خواش هەمیشە پاکەو تاکەو لەوانەنیم کە شەریکەی بۆ پەیدا بکەم﴾.

محمد قطب

چۆن چووینە نێو سەرگەردانی ؟

بەڕاستی جەنگی خاچ پەرستەکان لە بۆسنەو هێرسك ،کە لەو ڕۆژانەی بەودواییە گەیشتە ترۆپکی ئەوا لە ڕاستیدا پێش چەند سەدەیەك لەمەوبەر دەستی پێکردووە..دەتوانین بە شێوەیەك دیاری بکەین ،کە ئەم جەنگە کاتێك دەستی پێکرد کە موسڵمانەکانیان وەدەرنا لە ئەندەلوس .کە دوایین وڵاتی ئیسلامی ڕووخا لە ئەندەلوس لە ساڵی 1492[1] زپاش ئەوەی دادگاکانی پشکنین(محاکم التفتیش) زۆر بێ ئابڕوانە کاریان کرد بۆ لەناوبردن و قەڵاچۆکردنی موسوڵمانان و کۆتایی پێهێنانێکی بە تەواوی لەو شوێنەدا بەسەر ئیسلام و موسوڵمانان.پاشان پاپا فەرمانی دا لە دەرەوەی ئەندەلوسیش شوێن موسوڵمانان بکەون بۆ ئەوەی بە زەبری شمشێر نەصرانیەتیان بەسەردا بسەپێنن ، ئەو گەشتانەی فاسکۆ داجاما و ماجەلان پێی هەڵسان کە گەشتی ئاشکراکردن و دۆزینەوە بوو بۆ وەدەرخستنی خاڵی لاواز،کە دەکرا لە ڕێگەیەوە پێی بچنە نێو جیهانی ئیسلامی وەکو ڕێ خۆش کردنێك بۆ داگیر کردن و دەست بەسەراگرتنی ،بەڵام بەهۆی بوونی دەوڵەتی عوسمانی و هێزە ترسناکەکەی لە ڕۆژهەڵات وای لە هێرشەکانی خاچ پەرستان کرد بە ناچاری بە ئاڕاستەیەکی جیاواز دا بڕوات ،بۆیە

---

(1) ئیسپانیا لە ساڵی (1992ز) ئاهەنگی گێڕا بە بۆنەی تێپەڕبوونی پێنج سەد ساڵ بەسەر وەدەرنانی موسوڵمانەکان لە ئەندەلوس ، جابەبۆنەی ئەم یادەوەرییە شاری(مەدرید) تەرخان کرا وەکو شوێنێك بۆ دانوستان لە نێوان عەرەب و جوولەکە لە دۆزی فەلەستین..واتە دووبارە وەدەرنانی موسوڵمانان لە ئەندەلوس! عەرەبەکانیش ڕازی بوون!

هێرشە نوێیەکە دەبووایە بخولێتەوە لە چوارچێوەی ئەفریقیا بۆ ئەوەی بتوانیٚ داگیری لایە دوورەکانی بکات پێش ئەوەی بگاتە دڵی جیهانی ئیسلامی، بەتایبەتی بۆبیت المقدس ،کە هێرشی یەکەمی خاچ پەرستان – لەوێوە ڕووخا ،بەڵام لەم جارەدا بیت المقدس بە تەنها ئامانجی نەصرانیەکان نەبوو ،بەڵکو جوولەکەش بەشداری کردن ،بەڵام لە حیسابی تایبەتی خۆیان!

هەردوو سەدەی دوانزەهەمین و سیانزەهەمینی کۆچی(هەژدەهەمین و نۆزدەهەمینی زایینی) خەستییەکی چڕیان بەخۆوە بینی لە هێرشی خاچ پەرستەکان ،کە ئەم هێرشانە کۆتایی پێهات بەدەست بەسەراگرتنی زۆربەی شوێنەکانی جیهانی ئیسلامی پاش چەند جەنگێکی توندو بەهێز لە نێوان موسوڵمانەکان و خاچ پەرستەکان ڕوویدا ،کە کۆتاییەکەی هەموو بەشکان و دۆڕاندنی موسوڵمانان تەواوبوو بەرامبەر بەو داگیرکارییە ڕامالەو سەردانواندنی جیهانی ئیسلامی بۆ داگیرکاری نەصرانیەکان.هەرچۆنێك بێت ئەو تێك شکانە و دۆڕاندنە هەر لە خۆیەوە ڕووی نەدا بەڵکو چەند هۆکارێکی هەبوو.

لە هۆکارە دیارو ئاشکراکان ئەو پاش کەوتنە بوو،کە چوار دەوری موسوڵمانانی دابوو لە گۆڕەپانی زانست و گۆڕەپانی تەکنەلۆژیاو گۆڕەپانی ئابووریو گۆڕەپانی مەشقی سەربازی و خۆ پڕ چەك کردن.ئەم هۆکارانە هەمووی بووە هۆی دۆڕاندنی سەربازی بەرامبەر بە ڕۆژئاوا, کە توانی پێش بکەوێت لە هەموو ئەو گۆڕەپانانەی کە موسوڵمانان تیایدا دواکەوتبوون!جەنگی ئیمبابەی بەناوبانگ لە نێوان مەمالیکەکان و ناپلیۆن نموونەیەکی ڕوون و ئاشکرایە بۆ ئەم ڕاستییە ، کە ئەم جەنگە بە هەمووی بیست خولەکی خایاند! وەنەبیٚ مەمالیکەکان لە ئازایەتی جەنگی و بەرپەچ دانەوەی دوژمنەکەیان کەم بێت بەڵکو تۆپە پاشکەوتووەکانیان پاش هەر هاویشتنێك پێویستی بە ماوەیەکی زۆر هەبوو

بۆ ئەوەی سارد بێتەوە ئەوجا جارێکی تر سەر لە نویٚ پڕ باروت بکرێتەوە،کە هەرکاتێك گەرم بووایە دوورییەکەی کەم دەبۆوە ،ئەوا بە هیچ شێوەیەك خۆی ڕانەگرت بەرامبەر ئەو تۆپانەی ،کە فیشەکەکانی لەسەریەك دەهاوێشتو زۆر بەهێزو خێرا تربوو دەگەیشتە شوێنێکی دوورتر لە تۆپی مەمالیکەکان.

بەڵام لێکۆڵینەوەی ژیرانە بۆ ئەم ماوەیە لە مێژوو پێویستە تەنها نەوەستێتە سەر هۆکارە دیارەکان بەوەی ڕاستییە شاراوەکانی پشت ئەو هۆکارانەی لە کیس بچێت.بەڵکو پێویستە قووڵ ببێتەوە بۆ ئەوەی هۆکارە ڕاستیەکان ببینیٚ کە وایکرد داڕمان و دۆڕاندن ڕوو بدەن.

کاتێك مێژوونووسی موسوڵمان هەڵدەستیٚ بە لێکۆڵینەوەی ئەو ماوەیە لە مێژوودا ئەوا پێویستە لەسەری هەڵوێستێکی جیاوازی هەبێت لە مەڕ مێژوونووسانی ڕۆژئاوا ئەمەش بە لایەنی کەم لەبەر دوو هۆکار.

یەکەم: مێژوونووسی موسوڵمان بەدوای ئەو ڕۆحە خاچ پەرستییەدا دەگەڕێت ,کە پاڵنەر بوو بۆ داگیرکردنی جیهانی ئیسلامی بەڵام دەبینی مێژوونووسی ڕۆژئاوا بە ئەنقەست دەیشارێتەوە سەرەڕای ڕوون و ئاشکرایی.ڕۆژئاوا بەردەوام وا حاڵی دەکردین ،کە داگیرکردنی بەو دواییەی بۆ جیهانی ئیسلامی هیچ پەیوەندییەکی نەبووە بە روحی خاچ پەرستی وەکو هێرشە کۆنەکانی خاچ پەرستان بەڵکو لەبەر چەند هۆکارێکی ئابووری ڕووت بووە! کە جارێکیان گەڕان بووە بەدوای بەهاراتەکان و! جارێکیشیان گەڕان بووە بە دوای کەرەستە خاوە هەرزانەکان! جارێکیشیان گەڕان بووە بەدوای چەند بازاڕێك بۆ فرۆشتنی ئەو بەرهەمانەی ،کە ڕۆژئاوا لە لایەن خۆی دروستی دەکرد! لەگەڵ ئەوەی کە – فاسکۆ داجاما– پێشەوای یەکەم بۆ داگیرکاری نویٚ کاتێك گەیشتە دوورگەکانی هیندی ڕۆژهەڵات– بە یارمەتی نەخشەی ئیسلامی و یارمەتی دانی

دەریاوانی موسوڵمان ابن ماجد بە دەربڕینێکی زۆر ڕوون و ئاشکرا وتی : ئێستا گەردەن بەندی ئیسلاممان گرتووە تەنها ئەوە ماوە پەتەکە ڕابکێشین و بخنکێ!! ماجەلانیش یەکێکی ترە لە دێدەوانە یەکەمەکانی ئەو داگیرکارییە ,کە زۆری لە پاپا کرد مۆڵەتی بدات بۆ ئەوەی سەرکردایەتی هەڵمەتێکی خاچ پەرستانە بکات بۆ ئامانجێکی دیاریکراو ئەویش گێرانەوەی زەوییەکانی فلیپین لەژێر ئالآی خاچ پەرستان جا کاتێك پاپا بە گومان و دوودڵیەوە مۆڵەتی دا– چونکە متمانەی پێنەبوو ئەو هەڵمەتەی سەربگرێ– چووە ناو فلیپین و ئالآی خاچ پەرستی لەسەر یەکێك لە دوورگەکانی چەقاند،بەڵام موسوڵمانان کوشتیان و کۆتاییان بە هەڵمەتەکەی هێنا(1)!

بە ڕاستی ڕۆژئاوا لە هەڵمەتە نوێیەکەیدا بەرژەوندییەکی ئاشکرای هەبووە لە شاردنەوەی روحی خاچ پەرستیەتی بۆ خۆ پاراستنی لە وروژاندنی روحی ئایینی لەلایەن موسوڵمانەکان ، کە جیهادی پیرۆزییان لەلا زیندوو دەکاتەوە،ئەم جیهادە داگیرکارەکان لە هەموو شتێك زیاتر لێی دەترسن–جا چ خاچ پەرست بوون یان سەهیۆنی یان چێڵ پەرست یان بت پەرست– کە ئەم جیهادە دەردێکی خراپی دایە داگیرکارەکان لە هیندو جەزائیرو چەند شوێنێکی تری زەوی.

باوەڕ پێکراوی بەریتانی کرۆمەر لە یەکەم ڕۆژی داگیرکردنی میسردا لە یەکێك لە یاداشتەکانی بەناوی میسری نوێخواز Modern Egypt نووسیویەتی: ئەرکی پیاوی سپی کە چاودێری خودای ! لەسەر ئەم وڵاتەی داناوە بریتییە لە

---

(1) لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە منالەکانی خۆمان وا فێر دەکەین،کە ئەو گەشتانە گەشتی دۆزینەوە زانستییەکان بووە! دوایی دەڵێینە منالەکانمان ،کە وەحشیەکان ڕێزی ئەو ڕوحە زانستیەیان نەگرت کە ماجەلان پێی هەڵسا بۆیە کوشتیان!!

چەسپاندنی کۆمەڵگەکانی شارستانیەتی مەسیحی تا دوا ڕاددەی ڕەخساو، بە شێوەیەك، کە ببێتە بنچینەی پەیوەندییەکان لە نێو خەڵکی ،ئەگەرچی دەبی ئەرکیشی ئەوەبیٚ– بۆ خۆ دوورگرتن لە گومانان–کەوا کار بۆ گاورکردنی موسوڵمانان نەکاو،لە پۆستە فەرمییەکەی خۆیەوە چاودێری دیاردە ساختەکانی ئایینی ئیسلامی بکا وەك ئاهەنگە ئاینییەکان و شتی هاوشێوە !

ئامانجی ئەو قسەیە زۆر ڕوون و ئاشکرایە..دوورخستنەوەی موسوڵمانانە لە ئاینەکەیان بەبیٚ ئەوەی هەست بکەن،کە ئامانج لەوەدا دوورخستنەوەیانە لە ئیسلام! ئەمەش بۆ ئەوەیە ،کە ڕێگە بگیرێت لە دوودڵی و گومان..واتە بەربەستێك دروست ببێت لە وروژاندنی روحی ئاینی لەلایەن موسوڵمانەکان کاتێك ،کە رۆحی خاچ پەرستی لەسەر شێوەو ڕاستییەکەی خۆی دەردەکەویٚ!

نەڤ و ڕەتکردنەوەی پاڵنەری خاچ پەرستی لە داگیرکاری نوێی خاچ پەرستان ئامانج گربوو بۆ خودی ئەو مەبەستەی کە کرۆمەر گەلاڵەی کرد ئەویش نەوروژاندنی رۆحی جیهادی پیرۆز دژی داگیرکارەکانو هەوڵدان بۆ ڕاهێنانیان بە جۆرێك ،قەبووڵی ئەمری واقیع بکەن هەتا ئەگەر بەرگریشیان کرد ئەوا بەبیٚ رۆحی جیهادی پیرۆز بەرگری بکەن ،کە داگیرکارەکان زۆر لێی دەتۆقن و دەترسن!

بۆ برەودان بەم درۆو دەلەسەیە لە دەروونی موسوڵمانەکان لە نێو وڵاتی داگیرکراودا ڕۆژئاوا وتی ،کە ئەو دەمێکە ئاینی فرێداوەو! ئایین نەبۆتە پاڵنەر بۆ جمو جۆل کردنی! بەڵکو ئەوەی پاڵی پێوە دەنیٚ بە تەنها بەرژەوەندی ئابوورییە!

لە ماوەی سەرگەردانیدا موسوڵمانان زمانیان لاڵ بوو لە مەڕ ئەم درۆو دەلەسەیەو بانگخوازی داگیرکاری فیکریش برەویان بەم درۆیەدا – جا بە

تێگەیشتنەوە ببێت یان بەبێ تێگەیشتن – بۆ ئەوەی هەموو حەرەکەیەکی جیهادی ئیسلامی سارد بکەنەوە دژی داگیرکەرەکان!

بەڵێ! ئەوروپا ئاینەکەی خۆی فڕێداو، لە نێو وڵاتی خۆی جمو جۆڵو کاری پێنەدەکرد..بەڵام هەرگیز لە دەمارو ڕێگەکەی ئەو روحە خاچ پەرستیە شاراوەی لە بیر نەکردووە ،کە بەردەوام دژی ئیسلام و موسوڵمانان دەیجولێنێ! جا ئەو ڕاستییە ڕاستی فڕێدانی ئەوروپا بۆ ئاینەکەی و مانەوەی ڕق وقینی خاچ پەرستی بەرامبەر بە ئیسلام ،کە سەرەڕای ئەوە هەر داگیرساو بووە – ئەوا ڕۆژهەڵاتناسی نەمساوی محمد أسد ئاماژەی پێکردووە لە پەڕتووکە بەناوبانگەکەی الاسلام علی مفترق الطرق که دایناوە پاش ئەوەی بووە بە موسوڵمان ،کە تیایدا هەوڵی داوە ڕاڤەی ئەو دیاردە نامۆیە بکات ،کە وتویەتی: هەرگیز وەکو ئەم دیاردەیە ڕووی نەداوە پاشان وتویەتی: بەڕاستی ئەو ڕق و قینە لە دەروونی ئەوروپیەکان هەر لە ماوەی هزرو شارستانیەتی منداڵییان لەگەڵیان لە دایك بووە،کاتێکیش گەیشتنە قۆناغی لاوی نەیان توانیوە لە دەروونیان بیسڕنەوە چونکە ئەوەی لە ماوەی منداڵیدا جێگیر دەبێتو دەچەسپێ ئەوا هەر لەدەروون دا دەمێنێتەوە[1]!!

ئێمە پێویستیمان بە دان پیانانی محمد أسدو ڕاڤە کردنەکەی نیە،چونکە بڕیارو دانپیانانی خوای گەورەمان لەلایە ﴿ ولن ترضی عنك الیهود ولا النصاری حتی تتبع ملتهم : ئەم جولەکەو فەلانە ،تانەچنەسەر دینی ئەوان خۆشیان لەتۆ نایە﴾ سورەتی بقرة:120.

(1) تەماشای کتابی الاسلام علی مفترق الطرق بکە لە وەرگێرانی محمد فروخ لا 58–59

ئێمە قەسابخانەی بۆسنەو هێرسکمان لەلایە،کە شاهیدێکە هیچ لادانێك بە خۆیەوە هەڵناگرێ.

نوێنەری بەریتانیا ئوین لە بۆسنەو هێرسك هیچ بەرژەوەندییەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی نیە لەو هەرێمە بەڵام کاتێك قسە دەکات هەروەکو بلێی بە زمانی سربەکان قسە دەکات ، بەڵکو هەندێك جار چەند شتێك داوا دەکات بۆ سربەکان ،کە بە خۆیان ئەوەندە داوا ناکەن ، بەڵکو زیاتر لە جارێك داوای کردووە ،کە دەبێ موسوڵمانەکان سزا بدرێن چونکە ڕازی نەبووینە سربەکان بە وەحشی گەریانەو بەبێ دەنگی بیان کوژن و ئابڕوویان هەتك بکەن بەڵکو ئەوان کات نا کاتێك بەرگرییان لە خۆ کردووە ! !

دووەم: هۆکاری دووەم ,کە پێویستە مێژوونووسی موسوڵمان بەدەری بخات بەڵام مێژوونووسی ڕۆژئاوا بە هیچ شێوەیەك باسی ناکات ئەوەیە ،کە هۆکاری ڕاستەقینە لە پشت ئەو هەموو جۆرە پاش کەوتنەی گەمارۆی موسوڵمانانی دابوو لەم دواییەدا ئەوا پاشکەوتنیان بوو لە لایەنی عەقیدەو پاشکەوتنیان بوو لە ڕاستی لا اله الا الله .بەڕاستی لاوازی و بێهێزی هەرگیز لە سروشتی ئەم ئایینە نییە ،بەڵکو ئاینی هێزو جیهادو قایم بوونە،کە توانی لە ماوەی چەند ساڵێکدا هەموو ئیمپراتۆریەتی فارسی ڕامالێ و نیوەی ئیپراتۆریەتی ڕۆمانیشی ڕامالی ،ئەو ئاینەی تەتاریان لەسەرەتای لافو گەزافیاندا تێك شکاندو توانی خاچ پەرستەکانیش تێك بشکێنێ لە هێرشە کۆنەکانیان وتوانی لەزۆربەی زەوی ئاوەدان کراودا جێگیرو بەهێز بێت ،کە لەو کاتی بەرقەراربوون و جێگیری و گەشە سەندن هەبوو. بەڵکو بێهێزی و لاوازی لە ژیانی موسوڵمانان توخمێکی لە ناکاو بووەو تووشیان نایەت کاتێك بە تەواوی دەست دەگرن بە ئاینەکەیان.جا ئەو بێهێزی و لاوازییە ئەگەر هۆکارەکەی ئەو خۆش ڕابواردنە بووبێت ،کە تووشی

فەرمان ڕەوایە عوسمانییەکان هات پاش ئەوەی ڕێگەیان بۆ ئاسان بوو بۆ وەدەست هێنانی سامان و زاڵ بوون بەسەر دوژمنەکانی دا ، یان بازنەی زیکری سۆفیەکان بوو ،کە هەموو وزەی موسوڵمان لە خۆ دەگرێ بۆ ئەوەی لای بدات لە جیهاد کردن و بیکاتە چەند پاکیگارێکی روحی ،کە زیاتر بە سست بوون دەچێت بەر لەوەی بە ئاگادارییەکی زیندوو بچێت ، یان بڵاوبوونەوەی شتە پڕوپووچەکان و پەیوەست بوون بە شتە لە ئاسا بەدەرە گومان لێکراوەکان و کەراماتی شێخە مردوو زیندووەکان بوو ،یان فەرامۆشکردنی زانستە کەونییەکان و فەرامۆشکردنی ئاوەدانکردنەوەی زەوی ودەست لێبەردان لە هۆکارەکانی قایم بوون و جێگیربوون بوو ، یان گەلەکایی سیاسی بوو،کە وای لە خەڵکی دەکرد هەر بە خۆیان خەریك بن و واز لەو کارو بارانە بێنن ،کە بڕیار لەسەر چارەنووسی ئوممەت دەدات و ئایین لە هۆش و هەستیان تەنها بریتییە لە دروشمی پەرستنەکان ،یان ئایین هەموو لە کۆتاییدا ببێتە چەند نەریتێك لە خودی خۆیدا سەرپەرشتی بکرێ بەڵام بەتاڵ بێت لە ڕوح..

جا ئەگەر هاتوو هەر یەکێك لەو هۆکاران بێت ئەوا هەمووی لە سروشتی ئەم ئاینە نییەو لە دەقەکانیشی وەرنەگیراوەو لە مێژووشی دا شتی وای بە خۆوە نەبینیوە کاتێك بە شێوەیەکی ڕاست و دروست لە واقیعی ژیان جێبەجێدەکرا.

مێژوونووسی وردکاری ئەوروپی زانینی ئەو ڕاستییەی لە کیس ناچێ ﴿ ٱلَّذِينَ ءَاتَيۡنَٰهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ يَعۡرِفُونَهُۥ كَمَا يَعۡرِفُونَ أَبۡنَآءَهُمۡۖ ﴿١٤٦﴾ ﴾ البقرة: ١٤٦.

بەڵام ئەگەر بشیزانێ و دڵنیاش بێت لێی ئەوا قەت ئاشکرای ناکات ﴿ وَإِنَّ فَرِيقًا مِّنۡهُمۡ لَيَكۡتُمُونَ ٱلۡحَقَّ وَهُمۡ يَعۡلَمُونَ ﴾دەسەیەکیشیان هەرچەندە دەزانن هەق چییە دەیشارنەوە. ئەگەربێت و ئاشکرای بکات ئەوا وەکو ئەوەیە موسوڵمانان

وریا بکاتەوە بۆ ڕاستی لاڕێ بوونیان لە سەرچاوەی هێزی ڕاستەقینەیان و بانگەشەیان دەکات بۆ گۆڕینی واقیعەکەیان و گەڕانەوە بۆ هەقیقەتی ئیسلام ،کە ڕۆژئاوا بە قەد هیچ شتێك ڕق و قینی نییە ئەوەندەی بەرامبەر ئەوەی هەیەو ، لە هیچ شتێکیش ئەوەندە ناترسێ بە قەد ئەوەی لەوە دەترسێ.

مێژوونووسی ئەوروپی و– ئەوەی لە موسوڵمانانیش دوایان کەوتن ،کە نقووم بوو بوون لە نێو سەرگەردانی – بە ئەنقەست شتێکی تریان کرد،کە زۆر خراپتر بوو لە شاردنەوی ئەو ڕاستییە ، ئەویش گومانیان برد ،کە ئایین هۆکاری هەموو دەردو بەڵاو نەهامەتییەکانە ! لە بێهێزی و پاش کەوتن و شتی پڕوپووچ و نەفامی و سووکی و تەمبەڵی ! کەواتە هەر دەبێ ئەو ئایینە فڕێ بدرێ بۆ ئەوەی خەڵکی ڕزگاریان بێت لە نەفامی و پڕوپووچیو، کۆت و زنجیرەکانیش لا ببردرێن ،کە ڕێگە دەگرێت لە ڕاپەڕینیان ! پاشان ئەوروپا سوور بوو– لەگەڵیشی سووربوون–لە ڕێگەگرتنی هەر نیشانەیەك بیەوێ خەڵك ئاگادار بکاتەوە لە هەقیقەتی دووریان لە ڕاستی و دروستی ئایین ،بەڵام خۆ ئایینی هەقیقی شتێکی ترەو جیاوازە لەو ئاینەی ئەمڕۆ بەناوی ئیسلامەوە مومارەسە دەکرێ.

جارێکیان هاوەڵێکم لە سەرەتای ساڵی شەستەکان لەم سەدە زایینییە بۆی گێڕامەوە،کە پێکەوە کارمان دەکرد لە بەڕێوەبەرایەتییەك[1] چاوی کەوت بە ڕۆژهەڵاتناسێك ،کە دوایین ڕۆژی بوو لە قاهیرە ،جا پرسیاری لێکرد لە چەند شتێك ،کە پەیوەندی بە ئیسلام و موسولمانانەوە هەبوو هزرو بیریان لە چوارچێوەی ئەخولێتەوە،جا لەکاتی گفت و گۆیەکە پرسیاری لێکرد ئایا فلانەکەس دەناسی؟(کەناوی منی هێنا) وەڵامی دایەوە بەڵێ دەیناسم. پرسیاری

(1) بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری گشتی لەوەزارەتی خوێندنی باڵا لە قاهیرە.

لێکرد: ئایا لەدەرچووی زانکۆی ئەزهەرە ؟وتی:نەخێر ! بەڵکو دەرچووی کۆلێژی بەشی زمانی ئینگلیزیە لە زانکۆی قاهیرە! جاواق ورمانی خۆی و وەرسی خۆی نەشاردەوە ،کە یەکێك دەرچووی ئەم بەشە بێت کە لەبنچینەدا بۆ دەرچواندنی عەلمانیەکان دامەزراوە،کە لە بیرو بۆچوون و بیرکردنەوەیان بەدوای ڕێبازی رۆژئاوا دەکەون لەژیاندا – سەرای ئەوە خۆی سەر قالّ بکا – بەچەند کاروبارێکی ئیسلامی و نووسینی چەند بابەتێکی ئایینی !

پاشان ئەم رۆژ هەلاَتناسە هەلّسا بە ڕەخنەگرتن لە نووسینەکانم بەتایبەتی پەرتووکی شبهات حول الاسلام[1] ئەوەی کە زۆر وەڕس و بێزاری کردبوو شتێك بوو ئەویش من ڕەخنە لە ماددیەتی رۆژ ئاوا دەگرم و،هێرش دەبەمە سەر ئەو شارستانیە ماددیەی ،کە بەتالّ کراوە لە روح .جا زۆر بەتورەییەوە وتیە هاولّەکەم : ئێوە بەروحانیەتەکەتان چیتان کردوە ؟! ئەگەر پێشکەوتنی ماددی ئێمە نەبوایە ئێوە نەتان دەتونی بژین ! هاوەڵەکەم –رەحمەتی خوای لێبیّ–پێی وت : من دەلێم ئیسلام تەنها ڕوحانیەت نیە ،بەڵکوجیهانی ماددەو جیهانی ڕوح پێکەوە کۆدەکاتەوەو،لەیەك کاتیشدا بانگەشەدەکات بۆسەرفکردنی وزەو توانا بۆهەردوبوارەکان .وتیەهاوەڵەکەم .بەلاّم واقیعەکەتان پێچەوانەی ئەوەیە ! هاوەڵەکەم ،کەلەباتی منەوە دەدوا وتی ئەودەڵێ واقیعی ئەمڕۆی موسوڵمانان زۆردوورە لەهەقیقەتی ئیسلام ! دەڵێ تەکانێکی دا لەسەرکورسیەکەیو

(1) ئەم کتابە رۆژهەلاّت ناسەکانی زۆر وەڕس و بێزارو تورەکرد ، چونکە بەر پەرچی ئەو گومانانە دەداتەوە ، کە لە رێگایدا ویستیان خەڵکی لە دەست پێوە گرتنیان بە ئیسلاّم لابدەن ، چونکە ئەو کتابە شتە بەدو نەگریسەکانی ئەم شاریستانیە تە رۆژئاوایە بۆ خەڵکی ئاشکرادەکات ، کەئەم رۆژهەلاّت ناسانە بانگەشەی بۆ دەکەن لەباتی ئیسلام.

بەتوڕەییەوە وتی .ئەو ئەوهادەڵێ ؟! لەکوێ ئەوقسەیەدەکات ؟! منیش وتم لەکیتابێکی دا بەناوی هل نحن مسلمون جارۆژهەڵات ناســـەکە بەتوڕەییەوە وتی .بەڕاستی ئەمە شتێکی مەترسی دارە !!

شتێکی مەترسی دارە،خەڵکی وریاببنەوە یان وریابکرێنەوە – لەوەی هەقیقەتی ئیسلام ئەوەنیە ،کەئەمڕۆ بەناوی دین مومارەسەدەکرێ و، ئەو واقیعە دژواروخراپەی ،کەموسوڵمانان ئەمڕۆ لەژیانی خۆیان بەسەری دەبەن هۆکارەکەی دوور کەوتنەوەیانە لەهەقیقەتی ئیسلام. مێژوونووسی موسوڵمان – کاتێك مێژووی ئەوماوەیە دەتوێژێتەوە – لەئیسلامەکەی پێویستیەکی لەسەر شانە دەبێ جێ بەجێ ی بکات ،ئەویش هۆکاری هەقیقی دۆڕانی سەربازی بەرامبەر بەرۆژئاوا بۆ خەڵکی ڕوون بکاتەوە ،بەهەمان شێوەش ئەوەشیان بۆ ڕوون بکاتەوە ،کە هۆکاری دۆڕانی رۆحی چی بوو، کە لەدوای ئەو دۆرانە هات ،کە لەگۆرەپانی جەنگ دا رووی دا. .

سەبارەت بە دۆرانی جەنگی ئەنجامەکەی ئەوەبوو،کەدەست هەڵگیرا لەو هۆیانەی ،کە هێزوو وزەی لێدەهاتەدی ،بەڵام خودی وازلێهێنانی هۆیەکان سەریکێشا بۆ کەم و کوڕی لەلایەنی عەقیدە،کەتووشی موسوڵمانان هات و وای لێکردن لاڕێ ببن لەلە هەقیقەتی ئایین وکردەوە نەکەن بە داخوازیەکانی .

فیکری ئیرجائی ،کە کردەوەی لەبازنەی باوەڕ دەردەهێناو باوەڕی تەنها دەکردە بەڕاست زانینی دڵ و دان پیانان بە زوبان ،ئەو فیکرە لاڕێ بوون بووپەیوەندی بە عەقیدە وە هەبوو، جیاواز بوو لە ڕێبازی سەلەفی سالح ئەوانەی فەرمویان باوەڕبریتیە لە وتەو کردار، ئەوانەی لەبیرووبۆچوونیان وابوو ، کە زانستێك کردەوەی لەگەڵدانەبێ ئەوا زانستێکی ڕاست و دورست نیە و،کردەوەش بەروبومی زانستە .

جابەڕاستی ئەو لاڕێبوونە عەقیدەییە وای کرد خەڵکی بەشێوەیەکی خوارو خێچ و ناڕاست لە ئایین حالی بېن‌و بەهەڵس و کەوتێکی خراپ مامەلە لەگەڵ ئایین بکەن ،خەڵکی لە ئەرکەکان زیاتر ڕایانکرد کرد بێ ئەوەی هەست بەهیچ جۆرە شەرمەزاریەك بکەن ،چونکە ئەوان – لەدەروونەوە وا گومانیان دەبرد– کە باوەڕدارێکی ڕاست ودورستن ئەگەر چیش با ڕابکەن لەو ئەرکانە مادام بەدڵ ئایین بەڕاست دەزانن‌و بەزمانیش دانی پیا دەنێن!

فیکری سۆفیش ،کە شێخی قەبەو گەورە دەکرد لەهۆش و هەستی مورید تا وای لێهات بووە پێناوێك لەنێوان بەندەو خوا ،ئەو فیکرەش لاڕێ بوون بووپەیوەندی بە عەقیدەوە هەبوو جیاوازیش بوو لە ڕێبازی سەلەفی سالح ،ئەوانەی لە پەرتووکی خواو پێغەمبەرەکەی صلی الله علیه وسلم فێرببوون کە هیچ پێناوێك لە نێوان بەندە و خودادانیە تەنها کردەوەی باشە نەبێت ، کە خوا رازی دەکاو خواش لەخاوەنەکەی رازی دەبێ و،گەورەترین کردەوەش ،کە لەخوات نزیك دەکاتەوە جیهادکردنە لەپێناوی خواوفەرمان بەچاکەو قەدەغەکردنی خراپەیە و هەوڵ و کۆشش کردنە بۆ ڕاست کردنەوەی کۆمەڵگا کاتیك لە ڕیگا لاڕێ دەبن . .

جالەلایەك ئەنجامی ئەو لاڕێبوونە ئەوە بوو ،کە جۆرەها شیرك بێتە ناو پەرستنەکان ،لەلایەکی تریش خۆبەستنەوە وهەڵۆاسین بوو بەشتە پروپووچ و گومان لێکراوەکان و واز لێهێنانی ئەو کردەوە ئیجابیانە بوو ،کە خوا گۆڕان کاری لەزەوی دا پێدەکات بەگوێرەی سوننەتە کەونیەکانی ،بەڵکوئەو فیکرە چاوەڕێی شتێکی لەئاسا بەدەر دەکات ،کە لەسەر دەستی وەلیەك لە وەلیەکانی خوا دێتە دی وگیروگرفتەکان بەبێ مانووبوون وخۆ سەرقاڵ کردن چارەسەر دەکا ! .

باوەڕبوونی شێواو بەعەقیدەی قەزاو قەدەر،کە بەرپرسیاریەت هەڵدەگریٚ لەسەر مرۆڤ کاتێك کردەوەیەك یان هەڵەیەك دەکات بەبیانووی ئەوەی تووشی دەبیٚ قەزاو قەدەر وبڕایتەوە و هیچی لەبەرامبەر پێناکریٚ ،کە ئەم جۆرە عەقیدەیە شێواوە وادەکات خۆ بە دەستەوەدانێکی سەلبیانە ئەنجام بدرێت لەهەموو ئەو شتانەی ڕوودەدەنو ،وا دەکا هەولٚ نەدرێت بۆ گۆڕانکاری بەبەهانەی ئەوەی هەڵسان بە گۆڕانکاری وەکو ئەوە وایە هەڵبگەڕێیەوە لەسەر قەزاو قەدەری خواو پێی ڕازی نەبیت،هەروەها ئەو جۆرە عەقیدەیە بانگەشە دەکات بۆ وەگەر نەخستنی هۆیەکان عدم الاخذ بالاسباب بەهەنجەتی ئەوەی ئەمە باوەڕ کەم دەکاتەوە و بەڵگەیە لەسەر پشت نەبەستن بەخوا. ئا ئەمانە هەمووی لاڕیٚ بوون بوو و پەیوەندی بەعەقیدەوە هەبوو جیاواز بوو لەڕێبازی سەلەفی سالٚح،کەباشترین و چاکترین خەڵك بوون لە باوەڕبوون بە قەزاو قەدەری خوا، ئەوان لەکیتابی خواو سوننەتی پێغەمبەرەکەی– دروودی خوای لەسەربیٚ – دەیانزانی کەباوەڕبوون بەقەزاو قەدەری خوا بەرپرسیاریەت لەسەر مرۆڤ هەڵناگریٚ کاتێك هەڵەیەك دەکات لەکردەوەیەك یان کەمتەرخەمی لەئاستدادەکات و ڕێگریش نیە بۆهەوڵدانی گۆڕینی و چوون بەرەو قەزاو قەدەرێکی نویٚ لەلایەن خوا, هەروا پشت بەستنی تەواویش ڕێگر نیە لەبەکارهێنانی هۆیەکان .حەتمیەتی هاتنەدی قەدەری خواو ویست ومەبەستەکەی بەهەمان شێوە ڕێگر نیە لەبەکارهێنانی هۆیەکان.

بۆیە لەڕووداوی ئوحد خوای گەورەیە فەرمویە موسوڵمانان ئەو دۆرانەی کەتووشتان هات هۆکارەکەی خەتای خۆتان بوو چونکە سەرپێچی فەرمانی پێغەمبەرەکەتان کرد– صلى الله عليه وسلم _لەهەمان کاتیشدا دەبینی ئەم ڕووداوە قەزاو قەدەرە ﴿ أَوَلَمَّآ أَصَٰبَتۡكُم مُّصِيبَةٞ قَدۡ أَصَبۡتُم مِّثۡلَيۡهَا قُلۡتُمۡ أَنَّىٰ هَٰذَاۖ قُلۡ هُوَ

مِنۡ عِندِ أَنفُسِكُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ﴿١٦٥﴾ وَمَآ أَصَٰبَكُمۡ يَوۡمَ ٱلۡتَقَى ٱلۡجَمۡعَانِ فَبِإِذۡنِ ٱللَّهِ ﴿١٦٦﴾ ﴾ آل عمران: ١٦٥ - ١٦٦ (..ئاخۆكاتێك زیانوو لەدووژمن پێگەیشت_كەجارێكیش دووئەوە ندە و زیان لێدان هیچ پرسیتان زیانەكەمان لەچی بوو؟بێژە)): لەخۆتانەوە بووخوا بۆ هەموو شت توانایە.هەرچی ئەو رۆژە تووشو هات وادووكۆمەڵ بەیەك گەیین گشتی بەئیزنی خودابوو كاتێك ئەم دۆرانە روویدا پێغەمبەر – صلی الله علیه وسلم– لەمەڕگۆڕینی ئەم رووداوو هەڵۆێستە دانەنیشت بەڵكو مسوڵمانانی هاندا ئەگەر چی برینداروو شەكەتو ماندووش بوون بۆرووبەرووبونەوەی دوژمن، جا دوژمن بەفەزڵی خوا بەبێ شەركردن پاشەكشەیان كرد ﴿ ٱلَّذِينَ ٱسۡتَجَابُواْ لِلَّهِ وَٱلرَّسُولِ مِنۢ بَعۡدِ مَآ أَصَابَهُمُ ٱلۡقَرۡحُۚ لِلَّذِينَ أَحۡسَنُواْ مِنۡهُمۡ وَٱتَّقَوۡاْ أَجۡرٌ عَظِيمٌ ﴿١٧٢﴾ ٱلَّذِينَ قَالَ لَهُمُ ٱلنَّاسُ إِنَّ ٱلنَّاسَ قَدۡ جَمَعُواْ لَكُمۡ فَٱخۡشَوۡهُمۡ فَزَادَهُمۡ إِيمَٰنٗا وَقَالُواْ حَسۡبُنَا ٱللَّهُ وَنِعۡمَ ٱلۡوَكِيلُ ﴿١٧٣﴾ فَٱنقَلَبُواْ بِنِعۡمَةٖ مِّنَ ٱللَّهِ وَفَضۡلٖ لَّمۡ يَمۡسَسۡهُمۡ سُوٓءٞ وَٱتَّبَعُواْ رِضۡوَٰنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ ذُو فَضۡلٍ عَظِيمٍ ﴿١٧٤﴾ ﴾ آل عمران: ١٧٢ - ١٧٤: ئەو كەسانەی كەلەپاش برینداربوونیبش فەرمانی خواو پێغەمبەریان بەجێهێنا ،بۆ ئەوانیانە واكاری چاكیان كردو لەخواترسان ،پاداشتێكی گەورە هەیە. ئەو كەسانەی پێیان ووتن: گەلە كۆمەكیو لێكراوە بەپانەوە دێنە سەرتان ئەشێ ترس و لێان هەبێ، باوەڕیان بەهێزتربوو گوتیان: ئێمە هەر خودامان بێ بەسمانە و چاكترین پشت و پەنامان تەنیا ئەوە.هاوڕێ دەگەڵ نیعمەت و چاكەی خودادا__ بێ ئەوەی توشی زیان بن __ گەڕانەوە و هەڵوەدای رەزای خودابوون هەرخوداشە چاكەی گرنگی لەدەستە.

جاپێغەمبەر– درودی خوای لەسەر بێ– لەپەروەرگار لێدوانێكی وەرگرت بۆخۆیو ئومەتەكەی ،كە كەل و پەلەكانی جەنگ ئامادەبكەن وپاشان پشت

بەخواش ببەستن ﴿ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ ﴿١٥٩﴾ ﴾ آل عمران: ١٥٩ وەختێ لێبڕا كاری بكەی هەربەتەمای خوا تێكەوە .

عەزیمەتیش خۆئامادەكردنی گەرەكە ئەگینا تەنها ئومێدیكە و هیچ شتێك ناگۆڕێ لە واقیعدا.

خودای باڵادەست بڕیاری داوە لەسەرئەوانەی كافرن كەنەپێشی دەكەون و نەدەستەوەسانی دەكەن.قەدەری خواش بۆجێگیركردنو قایمكردنی ئەم دینە لەزەویدا شتێكە كە تێپەڕبوەو بەجێهێنراوە.بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەخودی دەقی ئایەتەكە فەرمانی بەمسوڵمانان كردوە كە خۆئامادەبكەن و هۆكارەكان بەكاربهێنن ﴿ وَلَا يَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ سَبَقُوٓا۟ ۚ إِنَّهُمْ لَا يُعْجِزُونَ ﴿٥٩﴾ وَأَعِدُّوا۟ لَهُم مَّا ٱسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ وَمِن رِّبَاطِ ٱلْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِۦ عَدُوَّ ٱللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَءَاخَرِينَ مِن دُونِهِمْ لَا تَعْلَمُونَهُمُ ٱللَّهُ يَعْلَمُهُمْ ۚ وَمَا تُنفِقُوا۟ مِن شَىْءٍ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنتُمْ لَا تُظْلَمُونَ ﴿٦٠﴾ ﴾ الأنفال: ٥٩ - ٦٠: خودا نەناسان وابیر نەبەن وەپێش كەوتوون ئەوان ئێمە نابەزێنن.تابۆ دەكرێ چەك و جبەخانەی شەڕو ئەسپی سواری پەیدابكەن دوژمنی پێ بترسێنن كەدوژمنانی خوداشن. غەیری وانیش دوژمنو هەن نایان ناسن بەڵام خودا دەیان ناسێ .هەر ماڵێ لە لەراهی خودای بەخت بكەن خودا دەیبژێرێتەوەو هیچ ناهەقی لێناكرێ.

ئەو كەم و كوڕیەی كەوتە ناو عەقیدەی قەزاو قەدەر وای كرد پشـت بەستنێكی سەلبی ئەنجام بدرێت لەباتی پشت بەستنێكی بەڕاستو دروسـتیو وای كرد هۆكارەكان فەرامۆش بكرێت لەبەكارهێناندا ،كەلەنێویدا هۆكارەكانی هێزو وزەهەیە كەخوای گەورە فەرمانی كردوە ئامادەبكرێ بـۆ ترساندنی دوژمنو

وایکرد هەژاریو نەخۆشیو بێ دەسەلاتی بلاوببێتەوە لەهەمــان کاتیشدا دابنیشن لەمەر هەوڵدان بۆگۆرینی .

ئەو بــیرو بۆچوونە شێواو تێکچووەی ڕوویدا لە پەیوەندی نێوان دونیاو ئاخیرەت و لەنێوان کردەوە بۆ دونیاو کردەوە بۆ ئاخیرەت ،ئەمەش لاڕێ بوون بوو پەیوەندی بە حەقیقەتی ئەم دیــنەوە هەبوو ،لاڕێ بوون بوو لەڕێبـــازی سەلەفی صالح ئەوانەی لە کیتابی خواو سوننەتی پێغەمبەرەکـــەی تێگەیشتبوون کە دونیا کێڵگەی ئاخیرەتەو ،ئاوەدان کردنەوەی زەویش بە گوێـــرەی ڕێبازی خوا بەشێکە لەو پەرستنەی لە مرۆڤ داوا کراوەو کردەوەش بۆ ئاخیرەت مانای ڕەت کردنەوەی هەوڵدان و کۆشش کردن نییە بۆ دونیا:

﴿ هُوَ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلۡأَرۡضَ ذَلُولٗا فَٱمۡشُواْ فِي مَنَاكِبِهَا وَكُلُواْ مِن رِّزۡقِهِۦۖ وَإِلَيۡهِ ٱلنُّشُورُ ١٥ ﴾ الملك: ١٥ ئەوە کە ئەو زەمینەی کەوی کردوون ،شانەوشان تێیدا بگەڕێن و لە بژێوەکەی بخۆن هەستانەوەش بۆ لای ئەوە

﴿ وَٱبۡتَغِ فِيمَآ ءَاتَىٰكَ ٱللَّهُ ٱلدَّارَ ٱلۡأٓخِرَةَۖ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ ٱلدُّنۡيَاۖ وَأَحۡسِن كَمَآ أَحۡسَنَ ٱللَّهُ إِلَيۡكَۖ وَلَا تَبۡغِ ٱلۡفَسَادَ فِي ٱلۡأَرۡضِۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُفۡسِدِينَ ٧٧ ﴾

القصص: ٧٧ بەوەی خودا بەتۆی داوە بەشوێن مالی سەلاوەبە! بەشی خۆشت لەم دونیایە لە بیرمەکە ! وەك خوا چاکەی دەگەڵ کردووی چاکەی بکەو لەم عەرزەش دا مەکەوە شوێن بەدفەڕی خوا بەدفەڕی خۆش ناوێن.

پێغەمبەر– دروودی خوای لەسەر بێ– قەدەغەی ئەو کەسانەی کرد کە گومانیان وابوو تەنیا کردەوە بۆ ئاخیرەت دەکەن بەوەی هەموو ڕۆژووبەبێ شکاندن دەبن و شەو هەموو زیندوو دەکەنەوەو ناخەونو دووریش دەکەونەوە لە ژنو ژن خوازی .پێغەمبەر– دروودی خوای لەسەر بێ– پێی فەرموون (انی

اعبدكم لله واخشاكم له ولكنى اصوم و افطر واقوم وانام و اتزوج النساء فمن رغب عن سنتى فليس مني[1]: من له هەمووتان بەندەترو له خواترس ترم ، بەلام به ڕۆژو دەبم و فتاریش دەکەمەوەو، شەو نوێژ دەکەمو دەخەومو ،ژنیش دەهێنم، ئەوەی له سوننەتی منیش لابدا له من نییه)

ئەو لاڕێ بوونەی له داخوازیەکانی لا اله الا اللّه ڕوویدا بووه هۆی فەرامۆش کردنی زانیاری له زانستی پزیشکی و گەردوون و فیزیاو کیمیاو بیرکاری جوگرافیا جگە لەم زانستانه زانستی تریش چونکه ئەمانه پەیوەست بوون به زەوی و ژیانی دونیاوه ، بۆیه موسوڵمانەکان به پاشکەوتن له هەموو گۆڕەپانەکان.

لێرەدا بەڕوونی دەردەکەوێ که پاشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژی و ماددی هتد.. هۆکار بوو بۆ دۆڕاندنی سەربازی بەرامبەر به ڕۆژئاوا ،ئەوەش بەڕاستی لەسەرەتا لەو پاشکەوتنه عەقیدەییه دەستی پێکرد، که لەژیانی موسوڵماناندا نەوه پاش نەوەیەك زیادی کردو خڕبۆوه سەر یەکتری هەتا عەقیدە ڕاستەکه نەدەتوانرا ببینرێ لەنێو تەپو تۆزداو ئەو بارگە زیندووەی له ژیانی موسوڵمانان نەدەبەخشی .

بەلام کارو بارەکه لەگەڵ مێژوونوسی موسوڵمان هەتا ئەو ڕادەیه کۆتایی پێ نایەت.

بەڵکو لێرەدا کارو بارێکی ترهەیه گرنگیەکەی کەمتر نییه لەویتریانو شاردنەوەکەشی کەمتر نیه له بیرو هۆشی ئەو کەسانەی تێڕوانینیان کورت هەڵدەبرن له هۆکاره دیارەکان و قووڵ نابنەوه له هۆکاره ڕاستیەکانی پشتیەوه.

---

(1) اخرجهُ الشَيخان

دۆڕانی سەربازی ڕوویداو لە دوای دۆڕانی رۆحیش هات تووشی موسولمانان بوو ،کەیەکەم جارە لە مێژوویان تووشی دۆرانی رۆحی بێن.

لە زۆربەی کیتابەکان گوتومانە(1)، کەبەڕاستی دۆڕانی سەربازی بەتەنها ئەو کاریگەریەی لە دەروونی موسوڵمانەکان بەجیٚ نەدەهێشت بەوەی لەو جارەی دواییەدا کاری تێکرد کاتێك سوپای موسوڵمانان بەرامبەر ڕۆژئاوا تێك شکا.

لە ڕاستیدا موسڵمانەکان تووشی لە ناکاویەکی تیژ هاتن– پاش دۆڕانەکە– لەو جیاوازیە زۆرەی بەدیان کرد لە نێوان خۆیان و ئەو ڕۆژئاوایەی ، کە بەزاندوونی لە زانست وتەکنۆلۆژیا و لە پێشکەوتنی ماددی و شارستانی ..کە ئەمەیان شوێنەوارێکی زۆری هەبوو لەو دۆڕانە دەروونیەی تووشی موسوڵمانان بوو.

بەڵام بە تەنها دۆڕانی و سەربازی و ،زانینی موسوڵمانان بەو جیاوازیەی لەنێوان خۆیان و دوژمنەکەیان هەبوو لەهۆکارە ماددیەکان ،ئەم دووانە ئەم هەموو گۆڕانکاریو وەرچەرخانەیان دروست نەدەکرد لە ژیانی موسوڵمانان ،ئەگەر لە ژیانیان بەتاڵی ڕۆحی و عەقیدەیی نەبوایە پێش ڕوودانی بەرکەوتنیان .

لە پێشدا دۆڕانی سەربازی ڕوویدا بەڵام هیچ شتێکی لەبیرو بۆچوون و بیرو باوەڕو هەڵس و کەوتیان نەگۆڕی..

یەکەمین دۆڕان لە ڕۆژی ئوحد ڕوویدا جا خوای گەورە فەرمایشتی خۆی ناردە خوارێ ﴿ وَلَا تَهِنُوا۟ وَلَا تَحْزَنُوا۟ وَأَنتُمُ ٱلْأَعْلَوْنَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٣٩﴾ ﴾ آل عمران: ١٣٩ (با سستی ڕووتان تێنەکاو خەمیش مەخۆن . هەر ئێوە کەسەردەکەون،ئەگەر بڕواو بە خوا هەیە) بەڕستی ئەوانە بڕواداری تەواو بوون

---

(1) بۆنمونە تەماشای کیتابی واقعنا المعاصر بکە

،كە لەم وانەیە تێگەیشتن و لەو دۆڕانەیان بە ئاگا هاتنەوەو ،زانیان،كە بە باوەڕەكەیان شكۆمەندو بەرزن بادۆڕانێكی كاتیش تووشیان بێ بەرامبەر دوژمنەكەیان ،بەڵام لە دوای ئەو ڕووداوە لە دوو ڕووبەڕوو بوونەوەی ترسناكدا هەرگیز تووشی بێ هێزی و چرووكی دەروونی نەهاتن ،كەجارێكیان لە نیوان خۆیان و تەتار ڕوویدا، جارەكەی تریشیان لە نێوان خۆیان و خاچ پەرستەكاندا ڕوویدا،كە دۆڕانی بەرامبەر تەتار زۆر تێك شكێنەر بوو..

تەتار بەغدایان داگیركردو خیلافەتی عەبباسیان ڕووخاندو موسوڵمانانیان زەبوون و سووك كرد تا ڕادەیەك كە بڕوا ناكرێ, ئەم زەبوونی و سووكیە گەیشتبووە ئەو ئاستەی ، كە تەتەریەك لە ماڵی خۆی دەهاتە دەرێ و هیچ چەكی پێ نەبوو ،لە ڕێگادا تووشی موسوڵمانێك دەبوو ،پێی دەگووت: لێرەبە هەتا دەڕۆم شمشێرەكەم دەینەم بۆ ئەوەی بت كوژم ، جا موسوڵمانەكە سەری دادەنواندو مل كەچ دەبوو هەتا تەتەرەكە بە شمشێرەكەی دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی بیكوژێ..ئایا زەبوونی و سووكی لە پاش ئەم ڕووداوەدا هەیە !

بەڵام روحەكانین هەرگیز سوك و زەبوون نەبوو !

بەچاوێكی سەرسام و گەورەیی نەیانڕوانیە تەتارەكانو! بیروبۆچوونیان وانەبوو ،كەتەتارەكان لەوان باشترن بەوەی لەم ساتو كاتەدا سەركەوتنیان بەدەست هێناوە ! بەڵكو لایان وابوو ، كەتەتار هێزێكی وەحشیگەری گەوجی دڕندەن ،یان پێش هەموو ئەمانەوە بت پەرستنو خودا ناناسنو دان بەدینی هەقدا نانانێن.

موسوڵمانان لە سەرەتادا بەرامبەر خاچ پەرستەكان تێك شكانو دۆڕان ،كە خاچ پەرستەكان توانیان چەند دەوڵەتێكی بچووك لە هەندێك شوێنی جیهانی ئیسلامی دابمەزرێنن ،كەچەند ماوەیەك بەردەوام بوو ،كە تیایدا خۆیان زاڵ كرد

بووه سەر موسوڵمانانو سوكو زەبوونیان دەكردن , بەڵام روحەكانیان هەرگیز سووك و زەبوون نەبوو.

بەچاوێكی سەرسامو گەورەیی نەیانڕوانیە خاچ پەرستەكان ! بیروباوەڕیان وانەبوو ,كە خاچ پەرستەكان لەوان باشترن بەهۆی ئەوەی لەم ساتو كاتەدا سەركەوتنیان بەدەست هێناوە ! بەڵكو لایان وابوو ، كە ئەوان موشریكن و خاچ دەپەرستن ، یان لە سەروی هەموو ئەوانە دەیان گووت : ئەوانە بێ ئابڕوونەو هیچ شەرەفیان نیە ئەمەش بە هۆی ئەو ڕەوشتە خراپانەی لەناویان بڵاو ببۆوەو غیرەتیان كز ببوو بەرامبەر ئابڕوویان..بۆیە لە بەرئەم شتانە بەكەم و سوكی دەهاتنە بەرچاویان.

پاشن سەركەوتن لەلای خوای گەورەوە هات كاتێك موسوڵمانەكان بە بیروباوەڕە ڕاستەكەیان ڕوویان كردە خواو هۆكارەكانیان بە گەڕخستو ،هاواری وائیسلاما لە سەر زاری قوتزو ،شاڵاوە ڕاست گۆیەكەی لە سەر تەتاردا لە شەڕی عین جالوت گۆڕانكاریەكی زۆری لە لاپەڕەی مێژوودا كرد ، كە موسوڵمانەكان بە تەنها سەرنەكەوتن ، بەڵكو تەتاریش هاتنە ناو ئیسلام و بوون بە موسوڵمان پاش ئەوەی دوژمن بەرامبەر موسوڵمانان ، كۆششی سەلاحەددینیش لە چاكسازی عەقیدەی خەڵكی و وەگەرخستنی هۆیەكان بووە هۆی سەركەوتنێكی براوە،كە توانی بیت المقدس بسەنتەوەو ماوەی چەند سەدەیەكیش ڕێگەی لە خاچ پەرستەكان گرت لە داگیركردنی ڕۆژئاوای ئیسلامی ، پاشان شوێنەواری كاروبارەكە لە ناوچەكە پەڕیوە لەو كاتەی ئەوروپا بە یارمەتی و پشت بەستان

بە شارستانیەتی ئیسلامی ڕاپەڕینەکەی دەستی پێکرد پاش ئەوەی دۆڕان بەرامبەر بە موسوڵمانان..[1]

بەڵام ئەو جیاوازیە گەورەیە ساتێك چیە هەڵوەستەی بە موسوڵمانان نەکرد بۆ ئەوەی تێی بفکرن و بیری لێبکەنەوە بەڵکو لە هەست و دەروونیاندا هیچ نرخ و قورساییەکیان بۆ ئەم کارە دانەنا .

بڕوانە ڕەبعی کوڕی عامیر کە بە باوەڕێکی پتەو چووە لای روستم ،کە لەسەر بەڕو مافورە قەشەنگو گران بەهاکانو لەسەر جێگا شکۆو بەرزەکەی دانیشتبوو لەگەڵ ئەوەشدا سەیری ئەم هەموو شتانەی کرد بەچاوێکی سووكو، بە ئەنقەستیش گاڵتەو سووکایەتی لە پێشیاندا نیشاندوا بە سەری ڕمەکەشی مافورکانی کون کون کردن و گوێدرێژە پەلکورتەکەشی بەستەوە لە هەندێك لەو شتانەی کە جێگای مایەی فەخرو شانازیان بوون، پاشان وتیە ڕوستم کاتێك پرسیاری لێکرد: چی وای لێ کردوون بێنە وڵاتی ئێمە ؟وتی: خودا ئێمەی هێنا بوونەوە بۆ ئەوەی خەڵکی لە بەندایەتی بەندەکان رزگار بکەین بۆ بەندایەتی خودا وە لە بەر تەنگی دونیا بۆ بەرفرەوانی دونیاو ئاخیرەت ..

ئەوە چ فەخرو شانازی و سەربەرزیەکە بە ئیمان بەرامبەر بەو فەخرو شانازیە درۆیینەی شارستانیەتی ماددیو هەموو لەزەتەکانی دونیا.

---

(1) ئەم خاڵە ئەو لێکۆلینەوە زانستیەی ، کەپێویستە بۆی بکرێ بە تەواوی بۆی نەکراوە ئەم خاڵەش کاریگەری دۆڕانی خاچ پەرستانە بەرامبەر بە موسوڵمانان لە ڕاپەرینی ئەوروپا کە ئەم ڕاپەرینەیان لە بنچینەدا وەرگیراوەو پشتی بەستووە بەئیسلام . هۆیەکەش ئەوەیە، کە ئەورووپیەکان کەم جار دان بەو ڕاستیە دادەنێن ،موسولمانانیش لەو دۆڕانەی کە ئەمڕۆ تێی کەوتوونە باوەڕناکەن،کە ئیسلام ئەو کاریگەریە گەورەیەی هەبووە لە ژیانی ئەوروپا ! ئەم خاڵە بەڕاستی زۆر شایەنە کە زۆر بە بەرفراوانی لێی بکۆڵدرێتەوە.

بەڵام هەڵوێستی موسوڵمانان لە شاڵاوی ئەم دواییەی خاچ پەرستەکان بەم شێوەیە نەبوو .. هەڵوێستیان هەڵوێستی فەخرو شانازی بە عەقیدە ڕاستیەکەیان نەبوو فەخرو شانازیان بە ئیمانەوەش نەبوو .. بەڵکو بەشیان شکان و دارمان و چروکی دەروونی بوو..

یان بڵێ: سەرسام بوون بوو.

بۆ یەکەم جار لە مێژوویان دەرۆننە دوژمنەکانیان کە لەوان بەرزترن .. نەك تەنیا لەبواری زانستو تەکنەلۆژیاو ئامێرەکانی جەنگ ئەوا شتێکی ئاشکرایە .. بەڵکو لەهزرو .. سیستەم و بیروڕاو .. شێوازی هەڵس و کەوت ..

هۆکارەکەش شکانی سەربازی و جیاوازی شارستانیەتی ماددی نەبوو ..

بەڵکو کەم و کوریەکە لە ئیمان بوو .. کاتێك لە جێگای بەرزو شکۆمەندی دا بوون..

﴿ وَأَنتُمُ ٱلۡأَعۡلَوۡنَ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ﴿١٣٩﴾ ﴾ آل عمران: ١٣٩ هەر ئێوەن کە سەردەکەون ئەگەر بڕواو بە خوا هەبێ.

هۆکارەکە تێکەتن بوو لەلایەن بیرو باوەڕ ،کەئوممەت چەند سەدەیەك کەوتەناویەوە . بۆیە دوڕانی سەربازی بووبە هۆی سەرسامبوون .

کاتێکیش کەسەرسامبوون دەستی پێکرد. ئوممەت کەوتە ناو سەرگەردانی.

قەبارەی سەرگەردانی

بەڕاستی قەبارەی سەرگردانی زۆر گەورەبوو. زۆر لەوە مەزنتر بوو کە خەڵکی بۆی دەچوون..

هیچ لایەنەك لەلایەنەکانی ژیانی ئەو ئوممەتە نەما، کە سەرگەردانی کاری تێنەکردبێت ..هەروەکو بڵێی نیو سەدە زیاترە هەڵگەڕاینەوە بۆیە دەڵێی ئوممەتێکی ترەو گۆڕاوەو وەکو پێشوو نەماوە ؟ گۆڕاوە لە هەموو شتێك ..لەبیروو بۆچون و هزرو هەست و شێوازی هەڵسو کەوت ..لە سیاسەت و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕەوشت و هزرو ئاداب و هونەر..لە هەموو شتێك!

ئەو ئوممەتە بێ گومان هەستی بەو وەرچەرخانە دەکرد .. لەو ماوەیە کورتەدا جیاوازییەکی توندو تیژ بەدی کرا لەنێوان ئەوەی لەسەرییەتی و ئەوەی بۆی چوو .. بەڵام بەڵایە گەورەکە ئەوەبوو کە—کاتێك لەناو سەرگەردانی دا بوو — وای گومان دەبرد, کە وەردەچەرخێت بەرەو پاشتر؟ دەیڕوانیە خۆشی کاتێك خۆی دادەماڵی لە دین و کەلەپورو بیرو بۆچوونی کەوای دەزانی ئێستا هەنگاوی یەکەمی ناوە بەرەو ڕێگای ڕاست.

لێرەدا خاڵێك هەیە پێویستە بۆ مێژوو نووسی موسوڵمانان ڕوون ببێتەوەو بۆ خەڵکیش ڕوون بکاتەوە ..کە ئەو ئوممەتە پێش ئەو وەچەرخانە لەسەر ڕێگایەکی ڕاست نەدەڕۆیشت ! بەڵکو زۆر لاڕێ ببو لەوڕێگایە ،کەگومانی دەبرد بەردەوام لەناویدا دەڕوات ، بەڵام ئەوەی کە پێویستە بەباشی تێبگەین ئەوەیە ،کە ئەو ڕووتێکردنە نوێیە بەرەو ڕێگایەکی ڕاست نەدەڕۆیشت بەڵکو لاڕێ بوونەکی نوێ بوو لە ڕێگای ڕاست ,بۆیە زۆر ترسناکتر بوو لەهی یەکەم .یەکەم — لەگەڵ ئەو لاڕێ بوونەی کەتیایدا بوو — شێواندنێك بوو بۆ واقعێکی ڕەسەن ئەوا

سانابوو کاتێك کە شتە شێواوەکە دەردەکەوێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو بنچینەیەی کە شتە شێواوەکە بەفیرو فێڵی خۆی وای کردبوو لێی لابدەی . بەڵام ئەوەی تریان بەئاڕاستەیەکی دژ یەك و پێچەوانەبوو, ئەو ترسناکیەی کە تیای دابوو بەردەوام وەسوەسەی ئەوەی بۆدەکرد کە بەهیچ شێوەیەك نەگەڕێتەوە بۆ ڕێگا ڕەسەنەکە.. بە گومان و بیانووی ئەوەی ,کە سەرچاوەی دەردو نەخۆشیە .. چارەسەریەکەو دەرمانەکەش بەتەنها ئەوەیە ,کە دوور بی لێی!!

ئەوەی موسوڵمانان بەجیان هێشت و ماڵ ئاواییان لێ کرد بۆ ئەوەی بچنە ناو سەرگەردانی ئەوا حەقیقەت و ڕاستی ئیسلام نەبوو..

پشت بە خەڵك بەستان و سەلبیەت و شتی پرو پوچو سستی و بێ هێزی و دانیشتن لەمەر وەگەر خستنی هۆیەکان .. لە ئیسلامدا نیە .

سوك کردنی ئافرەت و بەندکردنی لەتاریکایی و نەفامی و شتی پرو پوچ و کەم کردنی ڕۆڵی لەژیانداو گۆشە گیرکردنی تەنها لەزگ و منداڵ بوونو شیردان.. لە ئیسلام دا نیە.

زۆر داری کاربەدەستەکان بەهێزو دەسەلاتیانو سەرزەنشت کردنی رەعیەتەکەیان لەدەست تێوەردان لە کاروباری گشتی، چ جای فەرمان بە چاکەو قەدەغەکردنی خراپە .. لە ئیسلام دا نیە .

دانیشتنی زانایان لەمەر ڕوانین بۆ ئەو کاروبارە نوێیانەی، کە لەژیانی خەڵك ڕوودەدان چ جای قەدەغەکردنی ئیجتیهادو وامەزەندەکردنیشی، کە بیدعەیەکی بێ سودەو ترسناك و پڕ مەترسیە.. لە ئیسلام دا نیە.

بگرە بە دەیان کاروباری ئەوها کە بڵاو ببۆوە لەناو کۆمەڵگادا .. ئەمانە هەموو شتی نامۆو دەرەکی بوونو گشتی لاڕێ بوون بوو لە داخوازیەکانی لااله الا الله نەبوو..

بەڵام چارەسەری ئەوە نەبوو ,کەئەم دینە فڕێ بدرێ .. بەڵکو دەبا بگەڕێنەوە لایو ئەو شتانە فرێ بدەن کە لاڕێ بوونەو هاتۆتە ناو ژیانی خەڵکی .

کاروبارەکە پێویستی بەو زانا نویێ خوازە بوو، کە کاروباری ئەم ئوممەتە نوێ دەکاتەوەو ئەو پەردەیە لادەدات کە چاویانی داپۆشیوەو . دەیگەڕینێتەوە بۆ ڕیگای ڕاست..

لێك دووریەکی زۆر هەبوو لە نێوان ئەوەی رووی داو لە نێوان ئەو شتەی کە ئەو کات ئەم ئوممەتە پێویستی پێی هەبوو ..

هەڵبەت دوژمنی بۆ سەدار هەستی دەکرد کەوا بە ئاگاهاتنەوەو بێداربوونەوە بوی هەیە ڕووبدا.. بەڕاستی بزاڤی شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب لە دورگەی عەرەبی ترسێکی زۆری بۆیان هەبوو , کە ڕەنگە ئەو ئوممەتە بێدار ببێتەوەو هەموو ئەو شتە نامۆیانەش داوەشێنی لە خۆی ,کە دووری خستۆتەوە لەڕاستی ئەو دینە.. لەو کاتەدا شالاوی خاچ پەرستی چی لێ دێ و سودی چیە ؟ چۆن خاچ پەرستە مۆدێرنەکان ڕوو بەڕووی ئوممەتێکی باوەڕ نوێکراوە ببنەوە هەروەکو باوکیان صلاح الدین ؟!.

بۆیە هەوڵیان دا هەر لەناو بێشەدا ئەم بزاڤە خەفەبکەنو، هانی محمد عەلی و کوڕەکانیان دا بۆ ئەوەی لەناوی ببەن .. لە هەمان کاتیشدا پەلەیان کرد لە پاڵنانی ئەم ئوممەتە بۆ ناو سەرگەردانی..بۆ ئەوەی زیاتر دووربی لە ڕێگای رزگاربوون ..

ئەو واقیعە شێواوەی ,کە موسوڵمانان تیایدا ژیان – بەگومان لەوەی ,کە واقیعی ئیسلامی بێ – ئەوا خودی خۆی سوتەمەنی بوو بۆ ئەو لاڕێ بوونە نوێیە. – بەدرۆ – بەخەڵکی وترا ئەوە دینەکەتان بوو ,کە بەرەو نەمان و فەوتانی بردنو ، ئێوەی گەیاندە ئەوەی ،کە تیایدانە لە زەبوونی سستی و چروکی .. هیچیشتان

لە بەردەمدا نییە تەنیا یەك لەودوو هەڵبژاردنە نەبێت یان دەبێت دەست بگرن بەو دینەو بەردەوام بن لەوەی تیای دان لەدواکەوتنو بێ هێز بوون . یانیش دەبێت دین فرێبدەنو ئەو ڕێگایە بگرنەبەر ،کە ئەوروپا پێش ئێوە بەدوو سەدە لەمەوبەر پیا ڕۆیشتۆ بەئەندازەی دوو سەدەش پێش ئێوە کەوت!

بەهەمان شێوە سەلبیاتی حوکمی عوسمانیش سوتەمەنی بوو بۆ ئەو لاڕێ بوونە نوێ یە..

حوکمی عوسمانی هەمووی خراپ و گەند نەبوو هەروەکو ئەوکات خەڵکیان – بەئەنقەست – واتێگەیاند بۆئەوەی لە حوکمی ئیسلامیان دەربێننو ڕێگایان بۆ خۆش بکەن بۆ حوکم کردن جگە لە شەریعەتی خوا!

ئەوەندە بەسە بۆ عوسمانییەکان – لەلای خواو لەلای خەڵکیش – کە توانیایان پەلاماردانی خاچ پەرستەکان بۆ چوار سەدە ڕابگرن ،ئەوان هەتا کۆتایی ساتی ژیانیان کەم تەرخەمییان نەکرد بەرامبەر فەلەستین، بەڵکو جیهادیان کردو خۆیان لە پێناوی بەکوشتداو ڕێگربوون لەپەلاماردانی سەهیۆنیەکان ،کە خاچ پەرستی جیهانی بەهەموو هێزی خۆی و بە هەموو ئەوەی خاوەنیەتی لەزیرەکی و بلیمەتی پشتی دەگرێت و پیرۆزبایی لێدەکات ..

بەڵام بێگومان شتی خراپیشیان هەبووە ..

ستەمێکی زۆر لەحوکمیان دا هەبووە..

بەخەڵکی وترا: حوکم کردن بەناوی دین هەر ئەوها دەبێت . چونکە بەسروشتی خۆی سەرکوتکەرە؟ هەرئەوەشی لێ چاوەڕوان دەکرێت ! بڕوانن پێشتر حوکمی دین چۆن بوو لە ئەروپا.. هەمووی ستەمو زۆرداریو طوغیانو ماف خواردنی گەل بوو , ئەورووپاش لێی بێدار نەبۆوە هەتا خۆی لە دەسەڵاتو

هێزی دین ڕزگار نەکردو تەنها گەمارۆیدا لە عیبادەتو دووریشی خستەوە لە زاڵبوون بەسەر کاروباری ژیان..

ئێوەش ..؟!

هیچ ڕێگایەکتان لەبەردەم نییە تەنها ئەو ڕێگایەنەبێت – دین گەمارۆ بدەن لەکاروباری عیبادەتو ئەوەی هاو شێوەیەتیو دووریشی خەنەوە لەهەموو لایەنەکانیتر بەتایبەتی سیاسەت گوناهباریش نابن چونکە هەر بە موسوڵمانی! دەمێننەوە ،بەڵام ئازاد دەبن ..پێش دەکەون.. شارستانی دەبن!

لە ناو سەرگەردانیش – بۆ – ئەم ئوممەتە ڕوون نەبۆوە تەنها ئەوەی خوا بەزەییی پیێ هاتبێتەوە – ،کە چ ساختەو فرۆفێڵێك لەم وشەیەدا هەیەو چەند دوورە لە ڕاستی .

ئەو دینەی ئەوروپا فرێی دا بۆ ئەوەی پێش بکەوێ و شارستانی بێ ئەو دینە نەبوو کە لەلای خوای گەورە هاتبوە خوار،بەڵکو دەستکردێکی چەند مرۆڤێکی خراپ بوو ،بیرو بۆچونو هەواو ئارەزووی مرۆڤی خراپ تێکی دابوو .هەڵەش لەژیانی ئەوروپیەکان ئەوەبوو ،کەشوێن ئەو دینە خراپە کەوتنو شتە خراپەکانی نێویان نەزانیو وتە باوەکانی کلێسەیان وەرگرت بەوەی کە وتەیەکە شوێن کەوتنی واجبەو ، بەمەزەندەی ئەوەی ئەوانە جێنشینی بطرسنو ئەو دەسەڵاتی پێی بەخشیون،کە مەبەستیان عیسایە سەلامی خوای لێ بێ ..کە مافی حەلال کردن وحەرام کردنی هەیە هەروەها بێ تاوانای (العصمة) شی پێ بەخشی [1] !

---

(1) وا گومان دەبەن بە بێ پاڵپشتیەکی ڕاست کە عیسا سلامی خوای لێ بێ وتەیە یەکێك لە حەواریە کان : تۆ بطرسی لە سەر ئەم بەردە کلێسەکەم دروست دەکەی,ئەوەی لەزەویدا دەیکەم لەئاسماند حەلال نیە,ئەوەی لەزەویش حەلالی دەکەم پەیوەندی بە ئاسمانەوە نیە!! ئەمەش ,کە وتەیەکە نابێ لەدەمی هیچ پێغەمبەرێکی خوا بێتە دەرێ.

﴿ ٱتَّخَذُوٓاْ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَٰنَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَٱلْمَسِيحَ ٱبْنَ مَرْيَمَ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعْبُدُوٓاْ إِلَٰهًا وَٰحِدًا ۖ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۚ سُبْحَٰنَهُۥ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٣١﴾ ﴾ التوبة: ٣١: لەبری خوادا مەلاکان و ڕەبەنەکانی خۆیان و مەسیحی فرزەندی مەریەمیان کردە خوا فەرمانیشیان پێ کرابوو بێجگە لە خوای تاك وتەنیا نەپەرستن .لە غەیرە ئەو هیچ شتێك بۆ پەرستن ناشێ . خودا بێ عەیبە و بە دوورە لەو شتانەی بە هاوتای ئەوی دەزانن.

بەڵام ئەو دینەی موسوڵمانان دەستیان پێوە گرت — ئەگەر چی لە مومارەسەکردنی لاڕێببوون — ئەوە ئەو دینە ڕاستە بوو کە لەلایەن خودا هاتبوە خوار، کە بنچینەکانی لە کیتابو سوننەت بەپاراستنی خوا پارێزراوە:

﴿انا نحن نزلنا الذكر وانا له لحافظون : ئێمە خۆمان ئەو قورئانەمان ناردۆتە خوار هەر ئێمەش دەی پارێزین .

هەڵەش لەژیانی موسوڵمانان لاڕێبوونیان بوو لە مومارەسە کردنی ئەو دینە ,جا چ بەبیدعەو گوناە بێ یان بەهۆی هەڵاتن لە ئەرکەکان یان بەهۆی هاتنە ناوەوەی فیکری ئیرجائو سۆفی ,کە دوو فیکری لاڕێبوون.

بۆیە چارەسەری لە هەردوو بوارەکەدا جیاوازی هەیە .چارەسەری لە لای ئەورووپا فڕێ دانی دینە گەندەکەیان بوو چارەسەریش لە لای موسوڵمانان فڕێ دانی ئەو لاڕێ بوونانە بوو ,کە هاتبووە سەر هەڵس‌و کەوتو ڕەوشتیان‌و گەرانەوەش بوو بۆ دەست پێوە گرتنێکی ڕاست و دروست بە دین.

ئەم چارەسەریە چەند دوورە لە وی تر!

بەڵام ئەوروپا نیوەی چارەسەریەکەی وەرگرت ونیوەکەی تری وەرنەگرتو ڕتی کردەوەو دەرچوو لە دینە گەندەکەیو نەهاتە ناو دینی هەق ،جا لەوەوە ئەزمەیەك سەری هەڵدا، کە ئەمڕۆ ڕۆژئاواو مرۆڤایەتیش لەگەڵیدا پێوەی دەناڵێنن , کە ئەو مرۆڤایەتیە لەکاروباریدا دەست بەسەرە لەژێر پەستانی ڕۆژئاوا:ئەویش زاڵبوونی روحی ماددیەتەو لەناو چوونی لایەنی گیانی مرۆڤە لەژێر پەستانی ماددە– بە گوزارشتێکی تر– پێشکەوتنی لایەنی عیلمیو ماددیو تەکنەلۆژیە بەبێ ڕەوشتو ئەخلاق!

بەڵام ئوممەتی ئیسلامی – لەناو سەرگەردانی – نەنیوەی چارەسەریەکەی وەرگرت نە چارەگی نە هەشتیەك ..بەڵکو ئەو ژەهرەی خوارد کە ڕۆژئاوا پێشکەشی کرد، کە لە خۆشیان زوو قوتیدا بە گومانی ئەوەی ئەمە ڕێگای دەرباز بوونە!

لە باتی ئەوەی بگەرێتەوە بۆ ئەودینەی ,کە لاڕێ ببوو لێی ,دینەکەی فرێدا– یان نزیك بوو– فرێی بدا، لە هەمان کاتیشدا ئەو هۆکارانەی نەگرتە بەر،کە ئەوروپا گرتیە بەر لە پێشکەوتنی زانستیو ماددی .کە لە زانستدا تەنها توێکلەکەی وەرگرتو ,ئەودەست پێشخەریەشی نەکرد، کە پێویست بوو بۆی بکاتو ئەوتاقەتو کۆل نەدان و ئارامیەی بەکارنەهێناو ئەو ڕێکخستنە سەرکەوتووەی نەبوو بۆ کاروباری ژیان کە وادەکات ماندووبوونەکە بەردار بێتو هێزو توناش کۆ دەکاتەوە کە نەهەڵ دەپروکێو نە تیکە تیکەش دەبێت !

لەباتی ئەمە ئەو گەندەیەی وەرگرت ،کە لە ژیانی ڕۆژئاوا دا هەبوو! چەند جارە گەندەیەکە کەپکەی کردەسەر یەك‌و ! چارەسەری ئەو نەخۆشیانەی نەکرد کە بۆی مابۆوە لەماوەی بەدواکەوتنی لەلایەنی عەقیدە، کە پێش ئەوە دواکەوتبوو لەلایەنی جەنگی و سیاسی و زانستی و ماددی ..هتد . چەند

نەخۆشیەکی تری بۆ زیاد بوو،کە نامۆو دەرەکی بوون لەمەڕ ژینگەی ئیسلامی, بگرە لە هەڵوەشانەوەی ڕەوشت و ئارەقو قومارو ڕابواردنو خۆ هەڵکێشان بە تاوانە گەورەکان ..

هەروەها ئوممەت – کاتێك لە ناو سەرگەردانی بوو– لەو جیاوازیە نەگەیشت ,کە لە نێوان ئەو چارەسەریەی ،کە پێویست بوو بیگرێتەبەر بەرامبەر ستەمی حوکمی عوسمانیو ئەو چارەسەریەی ڕۆژئاوا وەکو بەدیلێك پێشکەشی کرد..

هەڵە لە حوکمی عوسمانی زۆرداری سیاسی بوو ..ئەو چارەسەریەی کە پێویست بوو بۆ ئوممەت پێشکەش بکرێ پەروەردەکردن بوو لەسەر روحی ئیسلامی بۆ سیاسەت ئەویش گوێ ڕایەڵی کردنی حاکمە بۆ ئەو شتانەی کە حاکم تیایدا گوێ ڕایەڵە بۆ خواو پێغەمبەرەکەی هەروا چاودێری کردنی ئوممەتە بۆ کردەوەکانی حاکم هەتا بە رێکخەری شەرعی هەڵسوکەوتی ڕاستە ڕێ دەبێت .هەروەکو کە لەو تاکە نموونەیەدا ڕوون دەبێتەوە، کاتێك عومەر رەزای خوای لێبێ ڕاوەستا بوو بۆ ئەوەی وتار بخوێنێتەوە بۆ خەڵکی وتی : ئەی خەڵکینە گوێ ڕایەڵ بن، سەلمانی فارسی رەزای خوای لێبێ پێی وت : ئەمڕۆ گوێ رایەڵیت ناکەین ! عومەر وتی : بۆچی ؟ وتی هەتا بۆمان ڕوون نەکەیتەوە، ئەو پۆشاکەت لە کوێ بوو ،کە تۆ پیاوێکی درێژی پارچە قوماشێك بۆ عەباکەت بەش ناکات هەروەکو ،کە بۆگشت موسوڵمانەکانی دیکە بەش دەکات ! جا کاتێك بۆ سەلمان ڕوون بویەوە ,کە ئەو پارچە قوماشە زیادە هی عبداللەی کوڕیەتی پێی بەخشیوە بۆ ئەوەی جلەکەی پێ تەواو بێت ئەوجا وتیە عومەر : ئێستا گوێ رایەڵت دەبین !

ڕاستە ئەم ئوممەتە لەو مافە خواییەی لەسەری بوو بۆ چاودێری کردنی کردەوەکانی حاکم وئامۆژگاری کردنی کەم تەرخەمی کردو سستی نواندو هیچ عوزرێکیش وەرناگیرێ هەتا ئوممەت حاکم لەسەر کارە خراپەکان ڕاست نەکاتەوە هەروەکو ،کە پێغەمبەر دروودی خوای لێبێت فەرمووی ((لا والذی نفسی بیده حتی تاطروهم علی الحق اطرا [1]: نەخێر سوێند بەوکەسەی : نەفسی منی بەدەستە هەتا نەیان گێڕنەوە بۆ لای هەق))

بەڕاستی ئەو کەم تەرخەمیە لە ژیانی ئەو ئوممەتەدا کۆنە هەر لە کاتی (بنی امیه) دا هەبووە، زۆرداری عوسمانیەکانیش سەرتای لاڕێ بوون نەبوو بەڵکو تەنها درێژ بوونەوەیەکی مێژوویی بوو بۆی.. بەڵام ئەوەی واجب بێت هەر واجب دەبێت با ئوممەتیش کەم تەرخەمی لە ئاست بنوێنێتو بە کۆنیەکەشی لاناچێ با ماوەیەکی دوورو درێژیش بەسەریدا تێپەڕی ..چاکسازی پێویستیش بەردەوام دەمێنێ و ناگۆڕێ چاوەڕێی ئەو زانا خوا پەرستە نوێ خوازە موجاهیدە دەکات ،کە ئوممەت دەگەڕێنێتەوەبۆ بنچینەکەی ،کە لێی لاڕێ بووە. با لەپێناویشیدا گیانی خۆی بەخت بکا هەروەکو زۆر لە زاناکانی ئیسلام لە مێژوودا وایان کردووە.

بەڵام ئەو چارەسەرییەی ئوممەت وەری گرت– کاتێك لە ناو سەر گەردانیدابوو – ئەوا بە تەواوی پێچەوانەی ئەمە بوو..

ئەو چارە سەرییەی وەری گرت لادانی شەریعەتی ئیسلامی بوو هاوردکردنی یاساو ڕێسابوو لە ڕۆژئاوا بۆ ئەوەی ((دەوڵەتێکی مۆدێرن))وەکو دەوڵەتە ئەورووپیە مۆدێرنەکانی پێ دابمەزرێنێ !

چەند دوورە ماوەی نێوانی ئەم دوو ڕێگایە !

(1) روه ابو داود والترمذی

ئوممەت – لەناو سەرگەردانی — پەی نەبرد بەڕەهەندەکانی دۆزەکەی لە سەر حەقیقەتی خۆی..

هەڵەکانی ژیانی ئوممەتی ئیسلامی لە شەریعەتەکەی سەری هەڵنەدا هەتا چارەسەریەکە ڕەت کردنەوەی شەریعەت بێت ! بەڵکوسەری هەڵدا لە دەست پێوەنە گرتنی ئوممەت بەو مافانەی ،کە شەریعەتی خوای بۆی دەستەبەرکردبوو ..چارەسەری ئەوەش خوازتنی یەك لە سیستەمەکانی ئەوەروپاو هەوڵدانی جێبەجێ کردنی نیە .لە مەودوا دەبینن کە سیستەمە ئەوروپیەکان تەنها یەك گرفتی لە گرفتەکانی موسوڵمانان چارەسەر نەکرد!

گرفتی ئەوروپا لە سەدە تاریکیەکانی ناوەڕاستیدا سەری هەڵدا لە حکومی(ثیوقراطی) یانی حکومی پیاوانی دین ئەوانەی ستەمیان لە خەڵکی دەکرد لە ئەنجامی ئەو باڵادەستیە روحیەی ،کەلە دینە گەندەکەیاندا هەیان بوو لەسەر خەڵکی ،کە کاهینەکانی خۆیان کردبووە پێناو لە نێوان بەندەو خوادا بەهۆی گۆڕینی عەقیدەیانو بەخشینی پیرۆزی (قداسە)بە کەسانێك کە لە نێو مرۆڤەکان شایەنی ئەو پیرۆزییە نەبوون ،هەروەها لابردنی شەریعەتو پێشکەش کردنی دینیش بە عەقیدەیەکی– گوڕاو– بەبێ شەریعت!

هەموو ئەو خراپ و گەندیە لە بۆ چوونی ئەوروپا چارەسەری نەبوو تەنها دابڕانی دین لە سیاسەت نەبێت واتە دوورخستنەوەی دەستەڵاتی پیاوانی دین لە کاروباری سیاسەتو بەعەلمانی کردنی سیاسەت بەبێ دەست تێوەردانی دین... ڕەنگە ئەوروپا هەر ئەو چارەسەریەی هەبووبێت چونکە هەمیشە دینی نەناسیوەو لە ژیاندنیشاندا موممارەسەی دادگەریەکی پشت قایم بەدینی خوای نەکردوە.

بەڵام ئەوروپا کاتێك نێری پیاوانی دینی داماڵاند لە سیاسەت – تاقی کرایەوە بەستەم و زوڵمی پادشاو بەتریکەکان ئەوانەی بانگەشەی دابڕانی دینیان

کرد لە سیاسەت بۆ ئەوەی هەر خۆیان ئەو دەستەلاتە بگرنە دەست و چلێسیان بە دەسەلآت تێربکەن بەبێ مونافەسە کردنی پیاوانی کلێسە.ئەو ستەم و زوڵمە لە ئەوروپا بووە هۆی هەڵگیرساندنی شۆرشە یەك لە دوایەکەکان بۆ لە ڕیشە هەڵکێشانی – کە بە شۆرشی فەرەنسی – دەستی پێکرد دیموکراسیەتیش ئەو چارەسەریە بوو، کە ئەوروپا پەی پێبرد بۆ دامەزراندنی دەسەلآتی ئوممەت بۆ چاودێری کردنی کردەوەکانی حاکمو یاسادانانیش کرا بە مافی ئوممەت بۆ ئەوەی حاکم بەتەنها داینەڕیژێ.

لێرە جارێ چاومان لادەدەین لەوەی ,کە ناکرێ چاوی لە ئاست لابدەین، لە هاتنەناوەوەی جوولەکە بۆ ناو یاریەکەو رازاندنەوەی دەسکەوتەکانی دیموکراسیەت لە حیسابی تایبەتی خۆیان یانی لە حیسابی ئەو سەرمایەی، کە هەر خۆیان لە دەست پێکی شۆڕشی پیشەسازیەوە پسپۆرو بازرگانی بووینە ،هەروەها لە حیسابی تێکدان و خراپ کردنی ڕوەشت ,کە لە ناو کۆمەڵگای ئەوروپی زۆر شەیدای بڵاوبوونەوەی بوون بۆ ئەوەی سواری پشتی ئوممیەکان بن‌و ژێر دەستیان بکەن بۆ خزمەت کردنی خۆیان (1) ئەمەش لە میانەی ئەو مەبدەئە ترسناکەی کە کردبوویانە دورشمێك بۆ شورشە کە ئەمە بوو - Laissez Fair Laissez Passer،. لێی گەرێ (باشت بکات بە ئارەزووی

---

(1) جوولەکە لەتەلمودەکەیان دا دەڵێن ((ئومەمیەکان گوێ درێژن خوا دروستی کردونە بۆ ئەوەی گەلی هەڵبژێردراوی خوا (شعب الله المختار) سواری پشتیان بێ هەرکاتێك کەرێك کەلکی نەما سواری کەرێکی دی دەبین)) ئەوەیە ڕوانینیان بۆ ئومەمیەکان یانی هەموو ئوممەتێك جگە لە جوولەکە. دیموکراسیەتی سەرمایەداریش یەکێکە لەو هۆکارانەی بەکاری دەهێنن بۆ دەست بەسەرکردنی ئومەمیەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان .ئەگەر دەتەوێت باسی((دیموکراسیەت)) لە کیتابی (مذاهب فکریة معاصرة) بخوێنەوە.

خۆی) ،لێی گەڕێ بابڕوا (بەئارەزووی خۆی) یانی سەربەستی سەرمایە بۆ ئەوەی به کەیفی خۆی قازانج بکاتو سەربەستی خەڵکیش له بێ باوەری و خراپ کردنی ڕەوشت به ناوی سەربەستی کەسێتی ، به چاو لادانێکی کەم له هەموو ئەو شتانەوە ،بەڕاستی دابڕانی دین له سیاسەت چارەسەرێکی ئەورووپی بوو بۆ گرفتێکی ئەورووپی ڕووت لەسەرەتاوە سەری هەڵدا لەوەی ئەورووپا خاوەنی دینێکی ئاسمانی نیە بگەرێتەوە لای ،بەڵکو خاوەنی عەقیدەیەکی — گۆراوە — بەبێ شەریعەت .

هەرچی موسوڵمانانیشن ئەوا گرفتەکەیان زۆر زۆر دوور بوو لەو ڕیڕەوە ئەگەر چی بالێك چوونەکی ڕواڵەتیش هەبوو بێ له زۆرداری حاکمەکان بەدەستەڵاتی سیاسیان ...ئەو ژەمەی دایەنێ، که ئەورووپا بەکاری هێنا گرفتەکانی چارەسەر نەکردن بەڵکو چەند گرفتێکی نوێی بۆ زیاد کردن ! وەکو پزیشکێکی نەزان ،که نیشانەیەك له نیشانەکانی نەخۆشێك وەردەگرێت —که چەند نەخۆشیەکی تریش بەشدارە لەو نیشانەیە — بۆ نموونە ژەمێك له دەرمانی تای سەحائی دەداتێ بۆ نەحۆشی گرانەتا — چونکە پلەی گەرمی لەشی بەرز بوویتەوە ! ,کەنەك چارەسەریەکە شیفای نەخۆشەکە نادات بەڵکو بەرگری لەشی بێهێز دەبێت وحاڵەتەکەی بەرە بەرە بەرەو خراپتردەچێ!

گرفتی موسوڵمانانیش — هەروەکو پێشتر باسمان کرد — کەم تەرخەمی بوو لەو مافە سیاسیانەی ،که شەریعەتی خوایی بۆی دەستەبەر کردبوون [1] ,کە

(1) ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەی دیموکراسیەت ناوی دەنێ مافی گەل بۆ چاودێری کردنی کردەوەکانی حاکم شەریعەت به پێویستیکی فەرز لەسەر ئوممەت ناوی دەبا.

چاك ترین سیستمی سیاسی لەسەر زەوی دامەزراند كاتێك لە ماوەی خیلافەتی ڕاشیدی بە تەواوەتی جێ بەجێ كرا.

ئەو چارەسەریەی – كە پێویستە لەسەر زانای خواناسی تێكۆشەری نوێ خواز پێشكەشی بكات – ئەوا گەڕاندنەوەی ئەو ئوممەتەیە بە ڕێگای پەروەردەكردنو ئاراستەكردن بۆ ئەو روحەی ،كە موسوڵمانەكانی پێشینان پێ ژیان و بە تەواوی مومارەسەی دینیان پێ كرد لە جیهانی واقیعدا .

هەرچی خوازتنی دیموكراسیەتو هی ترە لە سیستەمەكانی ڕۆژئاوا [1]، لەگەڵ لابردنی شەریعەتی ئیسلامی لە حوكم چی لە واقیعی ئەو ئوممەتە كردو گەیاندیە چ ئاقارێك ؟

بەراستی گەیاندیە كۆمەڵێك لە خراپەكاری ،كە تائێستا ئەو ئوممەتە لە ئەنجامەكانی دەناڵێنێ هەر ئەوهاش دەمێنێتەوە هەتا دەگەرێتەوە بۆ لای خواو چاك سازی لە هەڵەكانیدا دەكات بەو چارەسەریە خواییەی ,كە خودا ناردویتە خوار ،كە ڕێنمایكەرە بۆ خەڵك و شیفای دەروونەكانیشە.

هەرچی لادانی شەریعەتیشە ئەوا پاش كەمێكی تر باس لەو خراپیە دەكەین ،كە سەری هەڵدا لە كۆمەڵگای سەرگەردانی .

دیموكراسیەتیش لە جێ بەجێ كردنی واقیعدا بوو بەشتی گاڵتە جاریو، چەند خەمێك و پەژارەیەكی تری هێنایە ناو ژیانی خەڵكی .

كاتێك میسریەكان شۆرشی نیشتیمانیان [2] بەر پا كرد لە ساڵی 1919 تشرشل بلیمەتی گەورەی بەریتانی لەوكاتەدا لە حوكمەتی پارێزگاران وەزیربوو

(1) سەرەتا دیموكراتیەت هاوردەكرا پاشان ئیشتراكیەت ئێستا دەگەرێنەوە لای دیموكراتیەت بەمەرجێك موسوڵمانان هەمان شت نەكەن!

گوێی له هەواڵی شۆرش بوو پرسیاری کرد : میسریەکان چیان دەوێ ؟ پێیان وت دەیانەوێ پەرلەمان و یاسایان هەبێت جا به گاڵتەوە وتی :

(give them a toy to play with it) یانی یاریکیان بدەنێ با خۆیان پێ خەریك بکەن)) ! ! .

هەرچی شتەگاڵتەکانیش بوو ئەوا سەری هەڵدەدا لەدەست تێوەردانی توندو بەهێزی دەسەڵات بۆ سەرکەوتنی هەڵبژێردراوی حکومەتو ساختەکردن له هەڵبژاردن و، قۆستنەوەی نەخوێندەواری هەڵبژێرانو،کڕینی دەنگەکان به پارەو، هەڵوەشاندنەوەی سندوقه پاکەکان وهێنانی هیتر لەجیاتی،که پێشتر ئامادە کرابوو بەرێژەیەکی دیاری کراو (99.9٪)! هەروا گرتنی نەیارانی بۆ ئەوەی نەچنه ناو هەڵبژاردن ودابەش کردنی فەرمانگەکان ،که خزمەتی بەرژەوەندیەکانی هەندێك لەهەڵبژێردراوەکان دەکات لەسەر حیسابی ئەوانی تر ..

هەرچی ناخۆشی وناسۆریه ئەوا کەمەکەی پەرتەوازەکردنی خێزان ودیتنەوەی دژایەتی هەندێك بۆ هەندێکو ،بەڵکو هەندێك جار دژایەتیو دوژمنداری دەکەوتە ناو یەك خێزان ،ئەمەش لەئەنجامی ئینتیماکردن بۆ حیزبه پەرش وبڵاوەکان و،بڵاوکردنەوەی درۆی سیاسی وهەڵخەڵەتاندنی ئاپۆرەی خەڵك بەچەند بەڵێنێکی هەنگویناوی و بڵاوکردنەوەی خزم خزمانێو دەوڵەمەندکردنی هەر حیزبێك،که بگەیشتبایه حوکم بەچەند وەزیفەیەکی دەوڵەت لەلایەن شوێن کەوتەو دووڕووەکانی ،کەخاوەن شارەزایی نەبوونو شایەن نەبوون بۆ جێگەکانیان بەبێ گوێ دانه ئەوەی ،که چ کارێك دورست دەبێت لەبەفیرۆدانی بەرژیوەندیەکانی

(1) شۆرشکه له رەچەڵکدا ئیسلامی بوو ،دوایی سعد زغلول هات کردی به نیشتیمانیەکی عەلمانی له ژێر دروشمی ئاین بۆ خوداو نیشتیمانیش بۆ هەمووان ! ئەگەر دەتەوێ تەماشای چیرۆکی سعد زغلول بکه له کیتابی واقعنا المعاصر لا311–324

ئاپۆرەی خەڵك ..ئەمە چ جای دەوڵەتی خاچ پەرستی ،کە هەر خۆی لەناوچەکە باڵادەست بوو,کە لەڕاستیدا هەر ئەو لەمیانی ئەو حیزبانە حوکمی دەکردو ئاپۆرەی خەڵکیش لەمانە بێئاگابوو ئاوڕی لێ نەدەدایەوە چونکە لەو ڕق بەرایەتیە پڕوپووچەی لەنێوان حیزبەکان داهەبوو ماندوو شەکەت ببوو ،کە تاوانەکە چەند جارە دەبۆوە بەهۆی داپۆشینی دوژمنی حەقیقیو،سەرف کردنی هەموو وزەو تواناکە بۆ ڕق بەرایەتی حیزبەکان هەندێکیان دژی هەندێك !

لەڕاستی ئەمانە هەمووی بووە هۆی شتێکی زۆر دژوارترو خراپتر. . ئەویش ئەو کوتەدا سەربازیانەی،کەهەڵگیرسا بە بیانووی چاکسازی ئەو خراپیەی حیزبەکان کردبوویان لە ژیانی خەڵکدا ! !

بەڕاستی کودەتدا سەربازیەکان ترۆپکی دەردو ئێشەکان بوو ..

گەلانی عەرەبی شۆڕشیان بەرپا کرد دژی ستەمی فەرمان ڕەوایی تورکیو ،داوای سەربەخۆییان کرد لە دەوڵتی عوسمانی بۆ ئەوەی لە ستەمەکەیان قوتاریان بێ (1)، جوولەکەو دیانیش پێکەوە پێیان ڕابواردن لەرێگای لۆرنس پیاوی سیخوڕی بەریتانی ، کە لەڕاستیدا سەرکردایەتی شۆڕشە گەورەکانی عەرەبی کرد —، تێیگەیاندن ،کە سەربەخۆییو دادگەری سیاسی و سەردەمایاتی و شارستانیەت و پێشکەوتن بەدەست دێننو ،جارێکی تر لەپاش شۆڕشەکە بە مودێرنی لە دایك دەبن و ، خەونەکانیان دێنێتەدی ,کە لە مێژووتا ئێستا شتی وای بۆ نەهاتبێتە دی!

---

(1) گەلی تورکی شۆڕشی پەرپا کرد – یان پێیان بەرپاکرد – بە شیشی لە پاش شۆڕشەکە لە سەر دەستی ئەتاتورك زۆر خراپتر بوو لەوەی سکاڵای بەرامبەردا دەکرد لە حوکمی سەڵاتینەکان!

شۆڕشی گەورەی عەرەب کاری خۆی کردو، یەکرپیزی جیهانی ئیسلامی تەفرو توناکرد ، بە ئاشکراش لە جەنگی جیهانی یەکەمدا [1] بەشداری کرد لە رووخانی دەولّتی عوسمانیو ئەو هێڵە ئاسنینەشی تێکدا کە سوڵتان عبد الحمید لە نێوان ئەستمبۆڵ و شاری مەدینە دایمەزراندبوو ، پاشان .. بەریتانیاو فەرەنسا وڵاتی جیهانی ئیسلامیان دابەش کرد لە نێوان خۆیان ، دابەشیان کرد بۆ چەند دەولّەتۆکەی بێ هێزو چروکو هەژارو سەرشۆڕو زەبوون بۆ داگیرکاری خاچ پەرستی ، فەلەستینیش کرا بە ئامانجی یاریەکەکە لە ژێر ئینتدابی بەریتانی ، بۆ ئەوەی لە پاشان وەکو ڕێخۆشکردنیك تەسلیم بە جوولەکەکانی بکەنەوە بۆ دامەزراندنی ئیسرائیل .

ئەوە بوو نرخی ئەو شۆڕشەی کاتێك وڵاتە عەربیەکان بەرپایان کرد – یان پێیان بەرپا کرد – دژی ستەمی حوکمی عوسمانی : سەربەخۆیی لە دەستدا ،کەرامەت و رێزی لەدەستدا ، ئەو زەویە پیرۆزەی لە دەستدا ،کە خوای گەورەی پیرۆزی کردبوو کردبوویە شەورۆیی پێغەمبەر – صلى الله عليه وسلم، کە یەکێکە لەو سێ حەرەمەی خوا پیرۆزی کردووەو کەوتە ژێر دەستی رۆژ ئاوای خاچ پەرست و جوولەکەکانیش بە بێ هەق لە سەرانسەری سوڕانەوەو گەندەڵیان کرد .

وەنەبێ ستەم و زوڵمی عوسمانیەکان مەقبوڵ بووبێو بێ دەنگ بوونیش لە ئاستی شتێکی ڕەوا نەبوو لە شەرعی خودا ..بەڵام بە تێکڕایی ئەو چارەسەریەی پێشکەش کرا بۆ ئوممەت زۆر خراپتر بوو لەو بارەی پێشترموسوڵمانان سکاڵایان بەرامبەردا کرد هەتا قسەی ئەو شاعیرەیان لە سەرهاتەدی

1 لۆردئەلنبی– سەرکردەی سەربازی عەرەبی– وتی: ئەگەر بە یارمەتی لەشکرتاریەتی عەرەبی نەبوایە نەمان دەتوانی بەسەر تورکیا زاڵببین!!

رب يوم بكيت منه فلما   صرت في غيره بكيت عليه

یانی زۆر جار لە دەستی ڕۆژگارێك گریاوم بەڵام کاتێك چوومە ڕۆژگارێکی تر گریام بۆ رۆژگارەکەی گلەییم لێهەبوو

لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە ترۆپکی دەردو ئێشەکان نەبوو ...

ترۆپکی – هەروەکو ئاماژەمان پێدا– کودەتای سەربازی بوو ،کە هات بۆ چاك سازی ئەو گەندەیەی کەهەنگاوی پێشوو هێنایەکایەوە ,ئوممەت ڕزگاری بوو لە دەسەڵاتی ئەو بێگانەی کە جیهانی عەرەبی داگیرکرد پاش ئەوەی دابڕا لە دەوڵەتی دایك !!

ئوممەتی ئیسلامی هەتا ئێستا لە مێژووی خۆی ئەوەندە ستەمی نەچەشتوە ئەوەندی چەشتی لە ستەمی کوتەدا سەربازیەکان .ستەمی سیاسی لە سەردەمەکانی پێشوو سنوور داربوو.. تووشی چەند کەسێك یان کۆمەڵێك دەبوو کاتێك – سوڵتان لیێان توورە دەبوو بەڵام مرۆڤی ئاسایی هیچ تووشی ستەم نەدەهات مەگەر تەماعی والیەکان لە ماڵی یان ئەوەی لە باجی زۆر زۆر لەسەریان فەرز دەکرد لەگەڵ ئەوەی هەژاریش بوو .. بەڵام دەچووە سەرکاری خۆی ئەمین بوو دەهاتە ماڵێ ئەمین بوو لەگەڵ برادەرەکانی دادەنیشت لە دێ یان لە شار ئەمین بوو شەو دادەنیشتن بە سەرهاتیان دەگێڕایەوە یان دەربارەی ئیش وکاریان وتووێژیان ئاڵ وگۆڕ دەکرد یان– بەنهێنی– جوێنیان بە والی دەدا بەڵکو جاری وا جوێنەکە لە والیش تێپەڕیوەو جوێنیان بە خودی سوڵتان داوەو..ئەمینیش بوونە !

هەرچی حوکمی سەربازیشە شتێك بوو دڕندایەتیەکەی هەموو سنورێکی بەزاند..

ئەمن و ئاسایش نەما..

سیخوڕەکانی حاکم هەناسەی خەڵکیان ئەژمارد .واوەیلاش بۆ ئەوکەسەی قسەیەك بکاتو تیایدا ڕەخنە لە تاکە کردەوەیەکی فیرعەونی زۆردار بگریٚ..بەندیخانەو ئەشکەنجەو دەربەدەری بەشیەتی..یان جاری وابوو چ لە رۆژ چ لە شەو لەبەندیخانەکەی دەمرد لە کاتی ئەشکەنجەدانیو خزم و کەسی غیرەتی ئەوەیان نەدەکرد– نالیێن سکاڵا بکەن– بەڵکو هەتا لێشی بپرسن : ئایا زیندووە یان مردووە..ئەوەی پرسیاریش بکات ئەوا لەسەر پرسیارەکەی دەبردرێت جا ئایا دەگەڕێنەوە یا ناگەڕێتەوە!

هەروەها جۆرەها ئەشکەنجەدانیش کەدڕندەکان خۆی لیٚ بە دووردەگرن..

دڕندەکان ڕاودەکەن بۆئەوەی بخۆن کاتێك تێری خوارد واز لەڕاوەکەی دەهێنێت . ڕاوناکات بۆ ئەوەی نێچیرەکەی ئەشکەنجەو ئازار بداو چێژو تام لەو ئازارە وەربگریٚ کە کردویتە سەری هەروەکو ,کە مرۆڤ لەکاتی لەدەست دانی مرۆڤایەتیەکی وادەکاو بۆ خوار خوارەوە سەرەو ژێر دەبیٚ.

بەڕاستی سەرباز هەموو ئەو دڕندایەتیەی تاقی کردەوە لەکاتێك کەگەلیان لەترس رزگاردەکرد! ڕزگاریان دەکرد لە زەبوونی! ڕزگاریان دەکرد لە بەندایەتی! یەکێك لەو تاغیانە لە کاتێك دزێوترین جۆری زەلیلی و زەبوونی تاقی دەکردەوە لەسەر گەلەکەی وتی : برالە سەرت بەرزکەوە ! عەهدی ستەمو زۆرداری بەسەرچوو!!

خەڵکی زەبوون بوونو.. دەروونیان شکاو نوشستی هێنا..ترسو بیمی بکوژ دای گرتن لە میوانی شەو ،کە خەڵکی لەکن ژن و منداڵیان بە شەو لە ماڵ دەردەهێنا بۆ ئەوەی فرێی بداتە تاریکایەك کەس مەداکەی نەزانێت بەڵکو یەکەم جار لە مێژووی ئەو ئوممەتە ئافرەتیش بردران بۆ ئەوەی ئەشکەنجە بدرێن لە بەندیخانە .

لەگەڵ ئەو سام و ترسەش هەژاری هەموو گەلی گرتەوە تەنها ئەو بەبەختانە نەبێ کەگیرفانیان پڕببوو لە سامانی حەرام ,کە بەزەبری هێز دزرابوو لە ئوممەت.. کەرامەتو ڕەوشتی ئوممەتیش نەماو وێنە بەرزو بەهاکانی هاڕدراو مەبەستی گەورەی خەڵکیش بووە گەڕان لە دوای پاروە نانێ,کە زۆر بەپەرۆشی دەگەڕا لەدوایدا هەتا دەیدیتەوە –ئەگەر بیدیتبایەوەش – ئەوا لەناو زەبوونی و ترس و نزمیدا خوساو بوو.

ئەم هەموو شتانە لە حیسابی کێ روودەدا؟!

لەحسابی کێ گەل دەپلْخێننەوەو کەرامەتی بەزەویدا دەدرێ و تاغیەکان بەپێ بسەری دەکەون؟!

لەحیسابی خاچ پەرستی جیهانی وسەهیونیەتی جیهانی, هەتا ئیسرائیل ئارام و جێگیرو بەرفراون بێ, گەلانی ئیسلامیش لە دەوریدا زەبوونەو ناتوانێ بەرهەڵستی بکات ئەمە چ جای ڕەت کردنەوەی..چ جای جیهاد کردنی دژی داگیر کەران.

ئەوە بوو ئەوشتانەی گەلەکان دەستیان کەوت لەشۆڕش کردن دژی ستەمی عوسمانیەکان!!

جارێکی تر دەڵێین : ستەمی عوسمانیەکان شتەکی مەقبوول نەبوو بێدەنگیش لە ئاستی دا مەقبوول نەبوو لەشەرعی خودا.بەڵام ئەو چارەسەرییەی ئوممەت وەری گرت– کاتێك لەناو سەرگەردانیدابوو– زۆر خراپتر بوو زۆر تاڵ تربوو,هەمووی زەبوونیو چروکیو فەوتان بوو.

سەیریش لەوە دایە ,کە – بەردەوام– لە ناو سەرگەردانیدا دەۆڵ لێدەرو شمشال ژەن هەبوونە ,دەهۆلیان لێداوەو شمشاڵیان ژەنیوە بۆ هەرقۆناغێك لە قۆناغەکانی سەرگەردانی .ئەگەر قۆناغەکی نوێتریش بهاتبایە نەفرەتیان لەوەی

پێشوو دەکرد ،کە دەهۆڵیان بۆ لێدابوو شمشاڵیان بۆ ژەندبوو, بۆقۆناغە نوێیەکەش بەهەمان گەرم و گوڕیو هەمان دۆستایەتی! دەستیان دەکردە دەهۆڵ لێدانو شمشال ژەنین!

کاتێکیش دیموکراسیەت هاتو ئەحزابەکانیش دورست بوون چوونە ناو جەنگ دژی یەکتر بانگخوازان هەلهەلەو تەکبیریان بۆ لێدەداو وتیان : ئێستا ئوممەت ڕزگاری بوو پێشکەوتو دەتوانێ لە میانی حیزبەکان ویست و مەبەستی خۆی دەرببڕێ .. کاتێکیش دیکتاتۆریەتی ئیشتراکی هات بانگخوازان هەستان بەنەفرەت کردنی سەردەمە لەناوچووەکان ,کە ئوممەتی تێکدا بەو ڕق بەراتیەی کە لە نێوان حیزبەکاندا هەبوو کە سام و هەیبەتی نەهێشتو یەك ڕیزیەکەی ونکرد ...لە هەمان کاتیشدا ئەوەیان ڕاگەیاند ,کە کاتی ئەوە هاتووە ئەو ئوممەتە یەك بگرێ و رزگاری بێ لەخراپیو ,کەسایەتیە ون بووەکەشی بگەرێنێتەوەو لەسەر رێگای سەرکەوتندا بڕوات..!

دۆڵ لێدەروشمشاڵ ژەنەکان ..لە نووسەرو ڕۆژنامە نووسو ..وتار بێژوو هونەرمەندان و چیرۆك گێڕەوەو شانۆییەکان خولانەو ئومەتیش لە دوایاندا خولاوە لە تاریکایی سەرگەردانی !

*　　　*　　　*

ئەمەش تاکە سەرگەردانی نەبوو لە بواری سیاسەتدا ...

بەڕاستی بانگەشەی نەتەوایەتیو نیشتیمان گەری بڵاوکرایەوەو بڵاو بویەوە لە بەرامبەر یەکریزی ئیسلامیدا ..

یەك ریزی ئیسلامی لە مێژووی ئەو ئوممەتەدا دەعوەو دەعوە کاری نەبووە..بەڵکو واقیعەکی ژیان بووەو، ئوممەت جگە لەمە بیری لە هیچ شتێکی تر نەکردۆتەوە بە حوکمی ئەوەی بە ئیسلامەوە پابەند بووە .

بەڕاستی دەوڵەتی ئیسلامی زیاتر لە جارێك لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لێك هەڵوەشایەوە لە بەر زۆر هۆکار ،بەڵام هەست کردنی ئوومەت بەوەی ئوومەتێکی یەك ڕیزو یەکگرتوە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هیچ لێك هەڵوەشانەکەی کاری تێنەکرد بەڵکو ئەو جەنگانەش کاری تێنەکرد،کە لەنێوان هەندێك وڵاتانی ئیسلام ڕوویاندا ، خۆ وڵاتەکان بە سوڵتەنەکانو ئەمیرەکانی شتێکەو ئوومەتیش بە یەك ریزی عەقیدەکەیو یەکتایی دروشمەکانیو یەکتایی هزرەکانیو یەکتایی بەهاو بیروبۆچوونەکانی شتێکی ترەو، هیچ پەیوەندی بە ڕقبەرایەتی سوڵتان و ئەمیرەکانەوەنیە..

هەتا ئوممەت کەوتە سەرگەردانی ..

لەو کاتەدا بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆی یەکتاییو یەك ریزیەکەی لێك هەڵوبوەشێتەوە..ئەو پەتەی ئەو ئوممەتەی لێك گرێدەداو لە سەری کۆدەبۆوە وەکو خۆی نەما ..بەڵکو هزرە دەرەکیو نامۆیەکان جێیان گرتەوە، کە لە رۆژئاوا هاورد کران ئەمەش خۆی لە خۆیدا پەرتەوازەی دەکا نەوەك کۆی بکاتەوەو.. ئوممەت بەرەو داڕزان و داڕمان دەبات..

بەڵام ئوممەت – کاتێك لەناو سەرگەردانیدابوو – پەی بەمە نەدەبردو تێی نەدەگەیشت ...

وای دەزانی –کاتێك خۆی دەزراندەوە بە جل و بەرگی نیشتمانیەتی و نەتەوایەتی – کە نوێترین جل و بەرگ ((موضە)) ی لە جیهانی هزر و سیاسەتدا لە بەرکردوەو ،جلوبەرگە کۆنە داڕزاوەکەشی ,کە چەند سەدەی دوورو درێژی بەسەر دا تێپەڕیوە لە بەردەکاتەوە !

لە ڕاستیدا جلو بەرگەکە بەرەو دڕان و دارزان دەڕۆیی .. نەك لە بەرئەوەی کۆنە ! بەڵکو جل و بەرگێکە لە خۆیەوە سروشتێکی تایبەتی هەیە –

داوەاکانی لەگەڵ هەر نەوەیەکەی تازە نوێ دەبێتەوە ، کە بەرەو درِانو دارِزانیش دەرِۆیشت ئەو روحەی داوەکانی نۆێ دەکردەوە لە ناو دڵەکان خاو ببۆوە.

چارەسەریش ئەوە نەبوو ئوممەت جل و بەرگەکەی دابنێ ..بەڵکو چارەسەریەکە لەوە دابوو نوێی بکاتەوە .. ئەگەر بە تەنها عەقیدە بژی و زیندووبێ لە دڵەکان ئەوا خۆی لە خۆیدا داوەکانی جل و بەرگەکە نوێ دەبێتەوە، هەروەکو،کە گەڵای دار نوێ دەبێتەوە بەتەنها ئەگەر شیلەی زیندوو هەبێت لە ریشاڵەکانی ﴿ أَلَمْ تَرَ كَيْفَ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا كَلِمَةً طَيِّبَةً كَشَجَرَةٍ طَيِّبَةٍ أَصْلُهَا ثَابِتٌ وَفَرْعُهَا فِى ٱلسَّمَآءِ ﴿٢٤﴾ تُؤْتِىٓ أُكُلَهَا كُلَّ حِينٍۭ بِإِذْنِ رَبِّهَا ۗ وَيَضْرِبُ ٱللَّهُ ٱلْأَمْثَالَ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ ﴿٢٥﴾ ﴾ إبراهيم: ٢٤ - ٢٥: . نەوەی خودا چلۆن مەسەل دێنێتەوە ؟قسەیەکی بە رێو جێ بە شەنگە دارێك دەشبهێ رەگی قایم داکوتا وەو لقی لەتە شەقی ئاسمانە .بە ئیزنی راهێنەرەکەی خۆی چوار فەسلە میوەی دەبێ.

بەڵام ئوممەت، کە روانیە جل و بەرگەکەی بەرەو پەرپووت بوون دەچێ ریزی ئەوەندە نەگرتو ئەوەندە نرخی بۆ دانەناو ریزی ئەو توانا سەیرەشی نەگرت ، بۆ ئەو نوێ بوونەوەی هەیبوو ،کە خوای گەورە لەناو (الكلمة الطيبة) دایـنابوو ،کەوشەی لا اله الا الله محمد رسول الله یە.

لەبەر خۆی کردەوەو گوێی پێ نەداو..لە سادەو ساکاری یان گەمژەیی خۆی حەزی چووە ئەو بەرگە زێرِ پۆشکراوەی لە رِۆژئاوا هاورد کرابوو بە چاوێکی رِوونیش نەیروانیە چنینە خراپەکەیو باشی نەپشکنی..

بەڕاستی نیشتیمان گەریەتیو نەتەوایەتی کاردانەوەیەك بوو بۆ تەنگژەیەکی ئەوروپی ڕووتو بەرهەمێکی مرۆڤایەتی نەبوو هەروەکو ئەوانەی گومانیان برد ,کە بۆ جیهانی ئیسلامیان هێنا.

بەڕاستی طوغیانی کلێسەی ئەوروپی بەدینە گۆڕاوەکەی بنچینەی هەموو بەڵایەکان بوو،کە کەوتە ناو ئەوروپا.

کاتێك طوغیان لە سنووری پێش بینکراو زیادی کرد یان بڵێ کاتێك ،کە هەست کردن بە طوغیان دزەی کردو چووە ناو دەروونی ئەوروپیەکان پاش ئاشنایەتیان لەگەڵ ئیسلام ،ئەوا هەوڵی خۆ داماڵینیان دا لە هێزو دەستەڵاتی ئەو دێوە درێوەی ژیانیانی تێکدابوو ، سەرەتای کارەکانیان بە دورستکردنی چەند کلێسەیەك – یان چەند مەزهەبێك– دەستی پێ کرد، کە گەردەن کەچ نەبوو بۆ دەستەڵاتی پاپا ،کارەکەش بەوە کۆتایی پێهات ،کە ئەوشێوە گۆڕاوە بوو بە نەتەوایەتی و نیشتمان گەریەتی ..

لەپاشان جەنگ لە نێوانیان هەلگیرسا ,کە نزیك بوو قەوارەو کیانی ئەوروپا تەفروتونا بکات ئەگەر– بەلای کەمی – دووکاری هاوکات پێکەوە نەبووایە ، کە هێزو جێگیربوونی دایە ئەو نەتەوایەتیانە ،کە ئەوروپیەکان وایان گومان برد ئەمە لە سروشتی نەتەوایەتیو نیشتمان گەریەتیە بۆیە زیاتر دەستیان پێوەگرت , هەتا بەو دواییە زانیان کە چەند خراپەی شاراوەی تێدایە ،بۆیە هەوڵیاندا کۆببنەوە لەژێر چەند ئالایەکی نویَ بۆ ئەوەی بەربەستی نەتەوایەتی و نیشتمان گەریەتی تێکبداتو لە یەکگرتنەکی گشت گیردا [1] ئەوروپا کۆبکاتەوە.

---

(1) دوایین هەولّ و کۆششیان دانانی بازاڕە ئەوروپیە هاوبەشەکان بوو.

هەرچی ئەو دووکارەشە ,کە ماوەیەك – هێزو وزەی بەخشیە نەتەوایەتیەکان ئەوا – یەکەمیان شۆرشی پیشەسازی بوو دووەمیشیان لاوازی و بێهێزی جیهانی ئیسلامی بوو!

یەکەمیان هەموو نەتەوەیەکی بزواند بۆ کێبرکێ کردنی یەکتری بەو هێزە ئابووریەی لەپیشەسازیەوە هەبوو،دووەمیان وای لە نەتەوایتیە ئەوروپیەکان کرد جارێ دەست هەڵبگرێ لە کوشتنی یەکتریو، ڕووبکاتە داگیرکردنی جیهانی ئیسلامی و خێرو خێراتی بە تالآن ببات ...

لە ئیشەکانی داگیرکاری خاچ پەرست بۆ جیهانی ئیسلامی ئەوە بوو ،کە بیکاتە چەند پارویکی بچووك بچووك بۆ ئەوەی بتوانێ قووتی بدات ,ئوممەتیش – کاتێك لە ناو سەرگەردانی بوو– بۆیان ڕازاندەوە ،کە جل و بەرگە خاوەن چینە تایبەتەکەی فرێ بداتو، خۆی برازێنێتەوە بەو بەرگەی ،کە خاوەن چنینەکی خراپەو، ڕەنگ جوانیشە لە هەمان کاتدا ...

کاتێك ئەوەشی کرد مەبەستەکەی هاتە دی! رۆژئاوای خاچ پەرست نێچیرەکەی لف کرد، پاش ئەوەی یارمەتی دا، بۆ ئەوەی خۆی بەرەو تیکەتیکە بوون ببات!

بەتەنها کاروباری سیاسی – لە قۆناغی سەرگەردانی – ئوممەتی بەرەوە خراپەو خراپەکاری نەبرد ..

بەڵکە لابردنی شەریعەت خراپەیەکی گشتگیر بوو، هەموو ژیانی ئوممەتی گرتەوەو، هەمووشتێکی لە ژیاندا گەندەڵ وخراپ کرد...

یەکەم جار لەوەوە دەستی پێکرد، کە عەقیدەو بیروبۆچوونی خەڵکیان خراپ کرد لە ئاست دیندا .

دین – هەروەکو لەلایان خواوە هاتۆتە خوار– عەقیدەیەو دروشمەو شەریعەتەو ..دینو دەوڵەتەو .. بەرنامەی ژیانە[1].

بەڵام خەڵکی – لەناو سەرگەردانی– ئەو بیرو بۆچوونە ڕوونەیان ونکردو، لەباتی ئەمە چەمکی ڕۆژئاوای کەنیسەیان نۆش کرد ،کە دین لە دەوڵەت دەپچڕێنیو، وا دین نیشان دەدات ،کە پەیوەندیەکی نێوان خواو بەندەیەو جێگاکەشی دڵەو هیچ پەیوەندیەکی بە واقعیی ژیان نیە !

ئەو هەستەیان ون کرد کە لە وتەی خوای گەورەدایە ,کە دەفەرموێ ﴿ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا ﴿٦٥﴾ ﴾ النساء: ٦٥ بەڵام نەخێر سوێندەکە بە پەروەندەی تۆ ئەمانە نابنە خاوەنی بڕوا مەگین وەختیّ لە کێشەو هەرای خۆیانا بتکەنە قازی و لە دڵەوە بەهەرفەرمانیّ تۆبیدەی ڕەدایان بیّ و بە تەواوی مل کەچی بن.

هەروەها ئەم فەرمودەیەی خواش ﴿ وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴿٤٤﴾ ﴾ المائدة: ٤٤ هەرکەسێك پێچوانەی فەرمانی خوا فەرمان بدات دژی خودا ڕاوەستا لە دینی ڕاست وەرگەڕاوە).

هەروەها ئەم فەرمایشتەش : ﴿ أَمْ لَهُمْ شُرَكَاءُ شَرَعُوا لَهُم مِّنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَن بِهِ اللَّهُ ﴿٢١﴾ ﴾ الشورى: ٢١: ئاخۆ ئەوان شتانیّ وا بە شەریکی خوا دەزانن کە دینێکی وەهایان بۆ داهێنابن وخوا ئیجازەی نەدابن ؟).

[1] ئەگەر دەتەویّ کیتابی لا الله الا الله عقيدة و شريعة و منهاج الحياة بخوێنەوە.

ئەوان ئەمانەیان هەموو دەخوێندەوە لە کیتابی خودا، بەڵام– لە ناو سەرگەردانی – نەدەگیشتە دڵەکانیان تەنها چەند سەدایەکی دووری بێ واتانەبێ .. ڕاستیشە ،کە چەمکی دین و چەمکی لا اله الا الله و چەمکی پەرستن ئەمانە هەمووی لە دەروونی موسوڵمانان پێش هاتنی داگیرکاری خاچ پەرستی و دۆڕانی لەشکری موسوڵمانان لە بەرامبەریدا بەرەو داکشان چووبوو ،بەڵام داکشانەکە ڕاوەستا لە لای دواین بەربەست ،کە نەدەبوو – لە هەستی موسولمانان – پاشەکشە تیایاندا ڕووبدا ئەویش نوێژو تەحکیمی شەریعەتی خوابوو .فەرامۆشی لە هەموو شتێك دەکەنو چاو دادەگرن لە ئاست هەر سەر پێچیەك، بەڵام لە هەستیان دەمێنێ ،کە موسوڵمان هەر دەبێ نوێژ بکاو بە موسوڵمانیەتیش ، نامێنێتەوە ئەگەر واز لە نوێژ بهێنێو دەبێ تەحاکومیش بکات بۆ شەریعەتی خواو ،بەموسوڵمانیش نامێنێتەوە ئەگەر تەحاکوم بۆغەیری شەریعەتی خوابکات..

بەڵام کاتێك – لەناو سەرگەردانی دابوون – وازیان لەهەردوو کار هێنا یەکەم جار وازیان لە شەریعەتی خوا هێنا پاشان وازیان لە نوێژیش هێنا !

ئەو شتانەی ئوممەت کردی دۆڵ لێدەرو شمشاڵ ژەنەکان بە پەلە بۆیان ڕازاندەوەو لە هەنگاوی یەکەمدا پێیان وت : دەی هیچتان لەسەر نیە ئەگەر شەریعەتی خودا نەکەنە حەکەم، چونکە ئەمە مەسەلەیەکە مل کەچ دەبێ بۆ گۆڕان ! بەردەوامیش ئەگەر نوێژ بکەنو ڕۆژو بگرن ئەوا موسوڵمانن ! پاشان بۆیان ڕازاندووە – هەروەکو ,کە باس و خواسی دێ – کە نوێژو ڕۆژوو هەموو درووشمە تەعەبودیەکان واز لێبهێنن پاشان پێیان وتن : دەی چیتان لەسەرنیە بە ردەوام ئەگەر بڵێن لا اله الا الله ئەوا ئەگەر ڕۆژوش نەگرن .. ئەوا ئێوە هەر موسوڵمانن! !

ئوممەت لە دوولاوە کەوتە ناو ئاشووب و فیتنەوە ..لایەنی دۆڵ لێدەرو شمشاڵ ژەنەکان– بانگخوازی داگیرکاری فیکری – و لایەنی زانایە خراپ و بەدەکان، کە بەندەی سوڵتان بوون .

هەرچی دۆل لێدەرو شمشاڵ ژەن بوون ئەوا گوتیانە ئوممەت : ئێوە شەریعەتەکەی خۆتان جیّ بەجیّ دەکردو دورشمەکانتان ئەنجام دەداو مزگەوتەکانتان پڕ دەکرد ئەوەی بەسەرتان هات لە ئەنجامی ئەمانەوە تەنها لاوازیو دواکەوتن و خەجالەت و بوون بوو بەرامبەر رۆژئاوا ؟ ئائەوە خودی ڕۆژئاوایە حوکم بە شەریعەتە چەق بەستوەکەتان ناکات ! بەڵکو حوکم بە یاسایەکی پێشکەوتوو دەکات ،کە لەگەڵ ڕووداوەکاندا دەڕوات , ئا ئەوە وەکو ئێوە نەنوێژ دەکات ونە ڕۆژو دەگرێت ..ئەو لە کوێیە و ئێوە لە کوێنە ؟ ئەو لە تروپکە و ئێوەش لە نشێو ؟ واز لەوکۆت وزنجیرانە بهێنن ،کە ئێوەی بەستبۆوە ..ڕابن ڕابن بەرەو شارستانیەتو هێزو بەرزبوون و پێشکەوتن!

هەرچی زانایە خراپەکانیش بوون فیکری ئیرجائیان کردە عەقیدەی خۆیان ,کە دەڵیّ: ئەوەی بڵیّ لا اله الا الله ئەوا بڕوادارە ئەگەرچی باکردەوەیەکش لەکردەوەکانی ئیسلام ئەنجام نەدات !! پەروەردگارتان پەروەدگاری دڵانە ! ئەگەر دڵت بەردەوام ئاوەدان بێت بە باوەڕ خەمی هیچ شتێکت نەبی .. لەگەڵ باوەڕدا سەرپێچی کردن زەرەری نیە!

فیتنەو ئاشووب لەوێو لەویّ کۆبوونەوە ..ئوممەتیش تیّ هەڵچووە ناو سەرگەردانی !

هەرچی چاك وباشەکانیش بوون ئەوا بەردەوام هەستو سۆزیان لەگەڵ ئیسلام و کتێبی خوا بوو, بەڵام دانیشتبوونو خەمیان بۆ ڕۆژانی ڕابردوویان

دەخواردو گوتیانە خۆیان : چارمان چیە ؟ بەڕاستی ڕۆژگارو زەمانە گۆڕاوە !دەرفەتیش نەماوە بۆگەڕانەوەی پێشوو!

هەرچی بەکرێ گیراوەکانیش بوون ئەوا لە خۆشیان دەستیان داوەشاند بەلەکۆڵ بونەوەی وڵاتیان لە دوژمنی گەورەکانیان ئەوانەی هەر خودی خۆیان خۆشەویستیان بۆ دەردەبڕین!

بەڵام کۆمەڵێکی تر لە خەڵك بەسەر سامیەوە ڕاوەستان : ئایا مەعقولە ئەو فەرەنجیانە کە بڵندو شارستانی و پێش کەوتوونە ئەوانەی ئێمە لەکن پێیان دادەنیشین – ئەگەر لێ بگەڕێن لەوێ دانیشین – ئایا مەعقولە ئەو وەسفەی لە قورئاندا هاتووە لە سەریان جێ بەجێ بێ: کە ئەوان خەسارەت مەندو ..گومڕانو ..هەر ئەوان کەڕنو نابیستن و کوێریشنو نابینن ؟!

وەی؟!

ئەدی کێ سەرکەوتوو ڕێنموویی کراوە ..کێ چاوکراوەو چاوساغەو گەیشتووە بەگەوهەری زانین و زانستی یەقین ؟!

نەخێر ! دەبێ قورئان وەسفی گەلەکی تر بکات ..کە پێشتر هەبوونە ..بەڵام ئێستای ڕۆژئاوا نابێ ئەو وەسفەی لە سەر جێ بەجێ ببێ!

بەهەمان شێوە ئێمەش ! ئایا ئەو وەسفانەی لە قورئان دا هاتووە لە سەرمان جێ بەجێ دەبێ ئەگەر لاسایی ڕۆژئاوامان کردوەو هەوڵمان داوەکو ئەو بکەین ؟

کاتێك وەکو ئەوان فێردەبین بەرز دەبینەوەو، کۆت و زنجیرەکان تێك دەشکێنینو ، ئافرەت ڕزگار دەکەین و، تەشریع بۆ خۆمان دادەنێین ..ئایا لەوکاتەدا دەچینە ناو حکومی نەفامی هەروەکو قورئان دەفەرموێ ؟!

نەخێر !نەخێر!

یان دەبێ قورئان بۆ گەلێکی دیاری کراو هاتبێتە خوارو،حوکمەکانی بەنیسبەت ئەوانەوە ڕاستو دروست بووە، چونکە لە بەر دەشتەکیاتی خۆیان خاوەن هزرێکی پێشکەوتوو بەرز نەبوون بۆ ئەوەی ژیانیانی پێ ڕێك بخەن ، قورئان بەنیسبەت ئەوان بەرزبوونەوەو پێشکەوتن بوو بەڵام بەگشتی هەرچی دینە – هەروەکو ئەوروپا دەڵێ – ئەوا ئەمڕۆ جێگای چۆل کردیە بۆ پێشکەوتنی مرۆڤ ,کە لەسەر زانست دامەزراوە ..کەواتە کاتێك ئێمە دڵناین نابێ پێچەوانەی حوکمەکانی بکەین!

*　　　*　　　*　　　*

بەڕاستی شەریعەت گرێیەکی کوێرەی کۆکەروە بوو ..کاتێك هەڵوەشاوە گرێی هەموو شتێك لێك هەڵوەشایەوە..

بەسروشتی وەنەبێ گۆران کاری هەمووی لەخۆوە بووبێ ..بەڵکو کەمەکەی لە خۆوە بوو زۆرەکەشی پالپێوەنراو بوو بە تەکبیرو نەخشەکێشانی هێزی خاچ پەرستی دەسەلاتدار, سەهیۆنیەتیش چووبووە ژێر پەنای‌و لە چوار چێوەی ئەوکاری دەکردو یارمەتیدا .بەڵام ئوممەت – لە ناو سەرگەردانی – زۆر بەخێرایی گۆڕانکاری وەردەگرت جا یەکسان بوو لە خودی سەرسام بووەکان بوایە یان پاڵپێوەنراوو نەخشە کێشراو بوایە لەلایان خاچ پەرستەکانو سەهیۆنیکان..

هیچ بوارێك لە بوارەکانی ژیان نەما دوور بێت لەتەزووی گۆرانکاری ..

ژیانی ئابوری گۆرا .

سو بەفەرمیو بەئاشکرایی چووە ناو ژیانی خەڵکی . بە خەڵکی وترا : چۆن ئیش بەچەمکەکانی دینە چەق بەستوەکەتان دەکەن لەمەڕ سوڕی ژیانی سەردەمیانەو پێشکەوتوانە، کە بە چالاکیەکی زیندوو ئەخولێتەوە؟! دەتانەوێ

ژیان چەق بەست بکەن لەسەر ئەو وێنەیەی ،کەسەدەکانی ناوەڕاست لەسەری بوون؟!

بەڕاستی ئابوری نویٚ بە سوو نەبیٚ بەڕێوە ناچیٚ .. نابیٚ ! چونکە هەر دەبیٚ چەند بانقێك هەبیٚ قەرز بداتەخاوەن ئیشەکان ..بانقەکانیش ئیشیان ئەوهایە .. بەبیٚ سو ئیش ناکات! چونکە دەبیٚ پارەکانی خۆی مسۆگەر بکا، کە بە قەرز دەیداتە خاوەن ئیشەکان .. چۆنە ئەگەر ئیشتان بە شەریعەتەکەتان کرد،کە سو حەرام دەکات ؟! بانقەکان لە قەرزدان دەوەستیٚو، خاوەن ئیشەکانیش ناتوانن کارەکانی خۆیان بەڕێوە ببەنو سوڕی ئابوری ڕادەوەستیٚ و ئوممەتیش بەدوا دەکەویٚو، هی دیکە بە پێشی دەکەون ، سوو شتەکی پێویستە ، پێویستیش حەرام حەلال دەکات .. لە دڵەکانتان پارێزگاری شەریعەتەکەتان بکەن .. بەڵام واقیعەکەتان لێی گەرێن بابڕوات لەگەڵ جوولەی ژیانی زیندوودا .. یان هەر بەچەق بەستویی بمێننەوەو ، لەئەوروپاش گەرێن با لەهەموو بوارەکان پێشتان بکەویٚ!

ئوممەتیش– لەناو سەرگەردانی– هەموو ئەو وتانەی وەرگرت و گوێی نەدایە ئەوەی ڕاستە یان هەڵەیە .. لەگەڵ ئەمری واقیعیش خۆی گونجاند.

بینیو تێگەیشتنەکی واشی نەبوو بەرپەرچی ئەو وتانە بداتەوە ، چ جای ئەوەی ئەو دەست پێش خەریە تایبەتەی هەبێت ،کە وەرگێراو بوو لە هزرو عەقیدەو هەستەکانی .. چ جای شانازی بکات بەوجێگەیەی ، کە خوا لەبەر خاتری هێنایە کایەوە بۆ ئەوەی ڕێنمایکەرو پێشەوا بێتو هەڵەو لاریٚ بوونەکان بۆ مرۆڤایەتی ڕاست کاتەوە ..

﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَٰكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُوا۟ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ وَيَكُونَ ٱلرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا ۗ ﴿١٤٣﴾ ﴾ البقرة: ١٤٣: بەم شێوەیە ئێمە ئێوەمان کردۆتە ئوممەتێکی هەڵبژاردە تا ئاگاو لە مەردوم هەبێ و پێغەمبەریش چاودێریتان لێ بکات.

بەڵێ بانقەکانی ئەوان ئەوها بوو!

بانق ـ لە لای ئەوروپیەکان ـ فیکرەیەکی جولەکەیە،بە هەمان شێوە جێ بەجێکردنیشی جولەکەنە.

کاتێك شۆرشی پیشەسازی هەڵگیرسا پێویستی بەپارە هەبوو بۆ برەودان‌و دەوڵەمەندکردنی پرۆژەکانی, کەسیش خاوەنی ئەو پارەو پولە پێویستە نەبوو تەنها دەرەبەگەکان‌و جولەکە سوخۆرەکان نەبێت .. لەبەر زۆر هۆ ئاغاکان وازیان هێنا لە یارمەتی دانی بزووتنەوەی پیشەسازی ، جولەکە سووخۆرەکان پێش کەوتن بۆکرداری یارمەتی دانی‌و لە خۆشیان لیکیان بەدەم دا دەهاتە خوار!

بەڕاستی هەڵێکی زێرینیان بۆ ڕەخسا بۆئەوەی بەئاستێکی فراوان پارەیان بە سووبدەن. ئەوان بەو ماڵەی لە دەستیان بوو بەشداریان نەدەکرد لە پرۆژە پیشەسازیەکان لە دەست پێکی شۆرشی پیشەسازی زۆربەی ئەو پیشەسازیە نوشستی دەهێناو دەدۆرا لەبەر وازهێنانی خەڵکی لەبەکار هێنانی وەبەرهێنی ئامێر ، هەروەها رێگای گواستنەوەش خۆش‌و فەراهەم نەبوو ، نەخشەکێشانی بازرگانیش زۆر کەم بوو ، بانگەوازیش بۆ بەرهەمەکان نەبوو , بەڵکو ئەوان پارەیان بە قەرز دەدا بەوەرگرتنی برێك سو.. یەکسانیشە قەرزار قازانج دەکا یان زەرەر، ئەوان بەو سوەی فەرزیان دەکرد لەبەرامبەر پارە بە قەرزدانەکە دوور بوون لە زەرەر .. هەتا ئەو پارەو پولەش هەمووی ماڵی خۆیان نەبوو ! زۆربەی سپاردە بوو ،کە خەڵکی لە ئەوروپا ڕاهاتبون بە سپاردە لەلای جوولەکەکان

دایبنێن . بەم شێوەیە فیکری بانق لەدایك بوو، کە سپاردە وەردەگرێ لە خاوەنەکانی و بەقەرز دەیداتە قەرزاران لە بەرامبەر سوێك ،کە فەرزی دەکردە سەریانو، هەندێك لە قازانجی سوەکەشی دەدا خاوەن سپاردەکان لەسەر سپاردەکەی ، بانقیش ،کە خاوەنەکانی جوولەکە بوون قازانجەکەی تری هەموو دەبرد ,کە قازانجێکی بێ بەرامبەر بوو ، یانی ماڵێکی حەرام بوو خوا حەلالی نەکردبوو .

﴿ ٱلَّذِينَ يَأْكُلُونَ ٱلرِّبَوٰاْ لَا يَقُومُونَ إِلَّا كَمَا يَقُومُ ٱلَّذِى يَتَخَبَّطُهُ ٱلشَّيْطَٰنُ مِنَ ٱلْمَسِّ ۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوٓاْ إِنَّمَا ٱلْبَيْعُ مِثْلُ ٱلرِّبَوٰاْ ۗ وَأَحَلَّ ٱللَّهُ ٱلْبَيْعَ وَحَرَّمَ ٱلرِّبَوٰاْ ۚ فَمَن جَآءَهُۥ مَوْعِظَةٌ مِّن رَّبِّهِۦ فَٱنتَهَىٰ فَلَهُۥ مَا سَلَفَ وَأَمْرُهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِ ۖ وَمَنْ عَادَ فَأُوْلَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٢٧٥﴾ يَمْحَقُ ٱللَّهُ ٱلرِّبَوٰاْ وَيُرْبِى ٱلصَّدَقَٰتِ ۗ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ كُلَّ كَفَّارٍ أَثِيمٍ ﴿٢٧٦﴾ ﴾

البقرة: ٢٧٥ - ٢٧٦: ئەو کەسانەی سو دەخۆن ، ڕاست بوونەوەیان لەو دونیا وەك ڕاپەرینی کەسێکی شەیتان دەستی لێ وەشاندبێ وەهایە ، هەر چونکە ئەمانە ئێژن : فرۆشتن وەك سوو وایە . خودا فرۆشتنی ڕەوا دیوەو سووی پێ نارەوایە ، سا هەر کەسێ ئامۆژگاری خودا دەبیەو دەس هەڵدەگرێ لەوشانەی لەمەو بەر دەستی داوەتێ دەبەخشرێ وخودا بە کاری ڕادەگا . هەرکەسێکیش دیسان بچێتەوە سەری ، دەبن بەیاری ئاگرو تا هەتاهەرتیادەبن ، خودا پیتی سوو هەر کەم دەکاتەوە و پیتی خێرات پرتردەکات ، خودا ئەوانەی خۆش ناوێت کە پێ نەزان و گوناهبارن.

کە وایان لە خەڵکی گەیاند ئابوری نوێ بەبێ سوو سودی نیە ئەوا بوختانەکی جوولوکەکان بوو ، جوولەکەکان دورستیان کردو برەویان پێدا بۆ مسۆگەر کردنی زاڵ بونی بەردەوامیان لەسەر جیهانی ئابوری ، ئەوانەی

لەرێگایەوە زاڵ دەبن بەسەر ژیانی سیاسی و کۆمەلآیەتیو ئەخلاقیو هزری ئومەمیەکانو ، هەر بەو رێگایەوەش دەیان کەن بە گوێ درێژ لە حیسابی تایبەتی خۆیان , هۆشمەندەکانی رۆژئاوا بەخۆیان ئێستا بەچاوی خۆیان نەگبەتیەکانی سو دەبینن‌و لەباتی بیر لە چارەکیتر دەکەنەوە .

بەلآم ئوممەتی ئیسلامی ـ کاتێك لەناو سەرگەردانی بوو ـ غیرەتی ئەەی نەدەکرد هەتا لە ناو جێگاکەی خۆی ، قسە لەگەڵ خۆی بکاتو بلّێ دەکرێ رۆژئاوا هەلّە بکات ! بەلّکو ئەو کەسە بە هەڵ داچووە ، کەسەرپێچی رۆژئاوا دەکات, بەپێچەوانەشەوە دەبێ هەلوێستەکەشی ڕاست بکاتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەمری واقیعدا بگونجێ, یان لەگەڵ ڕای گشتی جیهانی یان لەگەڵ پێداویستیەکانی ژیانی نوێ یان لەگەڵ هەر ناوو نیشانێك ,کە ناویان نابوو!

موفتیش هەلّسا بەحەلال کردنی سوی سادە بەبیانۆی ، کە ئەوەی حەرامە زۆر زۆرەکەیەتی نەك بنچینەی سوەکە خۆی! جگە لەویش هەندێکی تریش هەلّسان بەحەلال کردنی سوی سەنەدات کە ولآت دەینارده دەرەوە بە بیانوی ئەوەی لەسەر تاکەکان جێ بەجێ دەبێ لەسەر ولآت جێ بەجێ نابێت !! هەلّسان جگە لەوی ولەوی .. هەندێکیش لەناو سەرگەردانی هەلّسان بانگەشەکردنی ئاشکرا بۆ لابردنی شەریعەت لەبەر خاتری پێشکەوتنی ئابوری کە بەرژەوەندی گەلانی پێ دێتە دی !

ژیانی کۆمەلایەتیش گۆرا ...

وای لێهات خێزانی گەورە بووە عەیبو ڕۆشنبیرەکان ئەوەی شارەزای بوون‌و خوێندیانەوە لە ژیانی رۆژئاوادا ئەوەبوو ،کە خێزانی گەورە ,کە ئەجدادو ئەحفادو لەتەك ئەوانەشەوە باوك وکورەکان دەگرێتەوە ،ئەوە نیشانەیەکە لە نیشانەکانی کۆمەلّگای کشتوکالّی ،کە بەردەوام بە کۆمەلّگایەکی دواکەوتو وەسف

دەکرێ ـ بەڵام کۆمەڵگای پیشەسازی ـ کە بەردەوام بە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتو وەسف دەکرێ ئەوا خێزانی گەورەی لەناودا تواوەو خێزانیش تیایدا کورت هەڵبڕا لەباوك و دایك و منداڵەکان .. هەتا منداڵەکانیش تا تەمەنێکی دیاری کراو پاشان لە دایك و باوکیان جوێ دەبوونەوەو ، ژیانێکی تایبەت بۆخۆیان دادەمەزراند ، ئەگەر چی با زەواجیشیان نەکردباو خێزانیان پێك نەهێنابا .. ئەوا شتێکی ترە ! بەڵکو ئەوەی گرنگە سەربەخۆیی ئابوریە،کە پاشان سانا دەبێت لە دایك و باوکیان دابڕێن!

وای لە پێشکەوتنەی ! !

ئەگەر بێتو ئێمە بەهەستو سۆزی رۆژهەڵاتیانەی خۆمان بەرگەی ئەوجەمە گەورەیە نەگرین لە پێشکەوتنی شارستانی ، ئەوە با ئەجدادو ئەحفاد لە جوغزی خێزاندا دەربێنین .. با خێزان بەردەوام لە دایك و باوك و منداڵەکان پێك بێت هەتا زەواج دەکەنو خێزانی تایبەت بۆخۆیان دروست دەکەن ، با خێزانی گەورە بۆ دێهات نشینەکان بەجێ بهێلین ، بەحوکمی ئەوەی کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی دواکەوتووەو پێش بینی ناکرێ لەم زوانە شارستانی بێ !

سەبارەت بە بەسترەکانی خێزانیش، کە سەرچاوەکەی تەعالیمی دین بوو بەمیرات مابۆوە ,ئەوا کاتی هاتووە بۆ ئەوەی بگۆردرێ ، چونکە دین لەم سەدەدا سەرچاوەی ئاراستە کردن نیە ، بەڵکو پەیوەندیە ئابوریەکان تەوەرەی ژیانی نوێیە ((بێژەر بەشانازیەوە ئەم وتەیەی دەگوت بەوەی هەندێك لە (نوێ خوازی) بەرکەوتووە ئەگەر بەدەست لێدانێکی دوریش بێت !))

وای لێهات هەرئەو بریاری پەیوەندیەکانی دەدا بۆ خەڵکی[1] ,ئەگەر لەگەڵ تەعالیمی دینیش تێك گیرابان ، ئەوا دەبێ تەعالیمی دین لابربدرێ . . چونکە لە بارو دۆخێکی تر دابەزیوەو بۆ گەلێکی تر هاتووەو دەرفەتی پێنادرێ لەو جیهانە پێشکەوتو نوێیەی ئێمە...

پەیوەندی خەڵکی بەماڵەوە هەڵوەشایەوە ..

بەڕاستی ماڵی موسوڵمان کۆمەڵگایەکی بچوك بوو ، بچوکەکان تیایدا پەروەردە دەبوونو پەیوەست دەبون بەگەورەکانو ، پەیوەندی لە نێوانیاندا پەیوەندی منداڵەکان بوو بە باوکیان ، پەیوەندی بەهاو ڕەوشتو نەریتەکان بوو ، پەیوەندی هۆگریو خۆشەویستی بوو ، پەیوەندی ئۆقرەگرتنی دەروونو سۆز بوو ، کە ئەم مانایانە هەمووی لە دین وەرگیرا بوو ..

﴿ وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا لِّتَسْكُنُوٓا۟ إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٢١﴾ ﴾ الروم: ٢١ : هەر لە نیشانی ئەوە کە لە خۆتان ، ئاو جووتی بۆ بەرهەم هێنان ، کە پێیان بحەسێنەوەو خۆشەویستی و ئەوینی خستۆتە ناوتان ، لەمەدا بۆ کەسانێ کە بە ووردی سەرنج بدەن بەلگە زۆرن.

﴿ وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوٓا۟ إِلَّآ إِيَّاهُ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَٰنًا ۚ إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِندَكَ ٱلْكِبَرَ أَحَدُهُمَآ أَوْ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُل لَّهُمَآ أُفٍّ وَلَا تَنْهَرْهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا ﴿٢٣﴾

(1) لێرە تێبینی دەکرێ کە ئەو گوتارە گوتاری تەفسیری ماددیە بۆ مێژوو ، بەلام تەفسیری ماددی بۆ مێژوو تایبەت نیە بە فیکری شوعی هەروەکە هەندێك وا گومان دەبەن ، بەلکو ئەمە فیکری هەموو ئەوروپایە لە سەدە نوێیەکەی بەکارتێکردنی جوولەکە تیایاندا .

﴿وَٱخۡفِضۡ لَهُمَا جَنَاحَ ٱلذُّلِّ مِنَ ٱلرَّحۡمَةِ وَقُل رَّبِّ ٱرۡحَمۡهُمَا كَمَا رَبَّيَانِي صَغِيرٗا ﴿٢٤﴾﴾ الإسراء: ٢٣ ـ ٢

پەروەرێنت فەمانی دا غەیرەز وی مەپەرستن سەبارەت بەدای وبابیش چاکە بکەن هەرگا یەکیان یان هەردووکیان لەلای تۆن توشی تەمەنی پیری بوون هەرگیز ئۆفیشیان پێ مەڵێ و تێیان مەخورەو بە زمانی خۆشیان بدوێنە بەبێ فیزی بیانخە ژێر باڵی بەزەیی و بێژە ئەی پەروەرندەی من وەکو ئەوان منیان بەشلکی پێگەیاند تۆش وەبەر بەزەیی خۆتیانخە.

بەڵام بارو دۆخەکان گۆرا..

وای لێ هات ـ لەدەرەوە ـ چەند کێش کەرێك هەبوون خەڵکیان ڕادەکێشا بۆ دەرەوەی ماڵ .. قاوەخانەکان ..خەڵکی تیایاندا دەماوە هەتا نیوەی شەو یاریان بە زار دەکرد ، یاریان بە قومار دەکرد ، یان شیشەیان دەخواردەوە ، یان چەنەبازیان لە چەندین گفتوگۆ دەکرد، کە جێگاکەی ئەومالأنە بوو ،کە سەردانی یەکتریان تیادا دەکرد ..

ئەو قاوەخانانە بەهەر شێوەیەك بێت بۆ لە خواترسەکانی ناو خەڵکی بوو!

هەرچی لەخوا نەترسەکانیش بوون ئەوا لە دەرەوەی ماڵدا شوێنێکی زۆریان هەبوو لێی دەمانەوەو ، لە پێشیان باڕو مەیخانەکان هەبوون .. کە داگیرکاری خاچ پەرست پاش لادانی شەریعەت بەپەلەچەند لێدوانێکی بە فەرمی دا بۆ فرۆشتنی ئارەق و چەند شوێنێکی ڕێ پێدراوشی تەرخان کرد بۆ ئەوەی خەڵکی تیایدا ئارەق بەئاشکرا نۆش بکەن .. کەلەسەریانی نووسی ئەو

مەشروباتی روحی [1] پێشکەکەش بە گەشتەوانانی دەکات ! لەپێشیشیان شانۆکان و سەماخانە و شوێنی ڕابواردن هەبوو ..

لەبەردەمیانیشدا بەفەرمی ماڵی بێ ناموسی و بێ ئابرویی هەبوو ، بە مۆلەتی وڵات کراوە بوو.. وڵاتی(موسوڵمان!)پاسەوانیشی هەبوو ! ،کە ئەوئافەرەتانەیان دەپاراست ,کە عەیب وعاری خۆیان دەفرۆشت هەروەکو ،کە هەڵدەستان بە پاراستنی هەر شوێنێك لە شوێنەکانی کۆمەلگا([2])..

مانەوەو بەسەر بردن لە دەرەوەی ماڵ وای لێهات بووە نیشانەیەك لە نیشانەکانی کۆمەڵگای نوێ ،کە ئوممەت لەناوسەرگەردانیدا هێنایە کایەوە ، کە پەیوەندی ماڵی تەقلیدی دەپچراندو ، چەند نەوەیەکیشی دروست دەکرد,کە خۆشی وەرنەدەگرت هەروەکو ،کە نەوەکانی پێشوو خۆشیان وەردەگرت لەسەر پەرشتی باوك و یەك بوونی هەستەکان و، هۆگریو ئۆقرەگرتنی دەروون ..

پاشان رۆڵی ئافرەت هات بۆ ئەوەی ئەویش لەماڵ بێتەدەرەوە ! دۆزی رزگار کردنی ئافرەت هات ...

بەڕاستی گوزەرانی ئافرەت لە بارێکی زۆر زۆر خراپ و دژوار دابوو ..

---

(1) روحی تەرجەمەیە بۆ وشەی SPIRITUAL لە زمانی ئینگلیزیدا کە بێژەیەکە ماناکەی دوانەیە ،کە یان مانای روحیەت دەگەیەنێ یان کحولیەت ،بەڵام وەسف کردنی ئارەق بەروحانیەت هەڵەیەکی زۆر ئاشکرایە.

(2) داوێن پیسی لەپاشان بەشێوەی فەرمی ڕەت کرایەوە ، نەك لەبەر ئەوەی هەست بەتاوان بکەن یان هەست بەشەرمەزاری بکەن لەو سوك بێ رێزیەی وڵاتی (موسوڵمان) تێی کەوتبوو بەڵکو لەبەر ئەوەی داوێن پیسەکان پێویستیان بەئاشکراکردنی خۆیان نەماو شوێنەکانیان دیارو ئاشکرابوو!

نەفام بوو خوێندەواری نەبوو فێریاشیان نەدەکرد..بەشتی پرووپووچ بڕوای هەبوو ، ئەوەی لە کۆمەڵگایەکەی ڕووی دەداو ئەوەی لەجیهان بەگشتیو ئەوەی لە چوار چێوەی داهەبوو هیچی لێنەدەزانیو ، گفتوگۆی لەگەڵ داروسێکەی لەسەر مەزارو شێخەکانو چاوزارو ئیشوکارو عفریتو جنۆکە بوو, هەروەها لەسەر نەخۆشی منداڵەکانیو ئەو چارەسەریەی کە شێخ بۆی دادەنا لە نوشتەو دوعا ..ئەو ئافرەتەی مێردەکەی تەلاقی دابووبۆئەوەی یەکێکی تر بێنێت ,کەجادووی بۆ کردبوو,رقی لە هەوێیەکەی هەستابوو..دەیویست لەلای خەسوەکەی خۆی خۆشەویست بکات..

پاشان بێ رێزو نزم کرا بوو مافەکانی پێ شێل دەکرا چ کاتێك کچ بوو لە ماڵی باوکی یان کاتێك ژن بوو لەماڵی مێردی یان تەلاقدرا بوو بێ بەش کرابوو لە منداڵەکانی .. ڕوانینی پیاویش بۆی روانینێکی نزیك ئاژەڵانە بوو ، ئەگەر لە ئاژەڵیەتیش دەربچووبا ئەوا لە چوار چێوەی زگو منداڵ بوونو شیردانو بەرێوەبردنی ماڵ بوو زیاتر لەوە نەبوو ..

ئەمەش بە هیچ شێوەیەك لە تەعالیمی ئیسلامدا نەبوو ، بەڵکو دەرچوون بوو لە تەعالیمی ئیسلام ، کە بریاری یەکسانی دەدات لە مرۆڤایەتیو لەسەر پیاوانیش فەرز دەکات ،کە دەبێ بەهەڵسوکەوتی باش مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ .

﴿ فَٱسۡتَجَابَ لَهُمۡ رَبُّهُمۡ أَنِّي لَآ أُضِيعُ عَمَلَ عَٰمِلٖ مِّنكُم مِّن ذَكَرٍ أَوۡ أُنثَىٰۖ بَعۡضُكُم مِّنۢ بَعۡضٖۖ ﴿١٩٥﴾ ﴾ آل عمران: ١٩٥ واتە : پەروەرێنتان ئاوا بە دەنگیانەوە هات ، کە من کردەی هیچ مرۆیەك لە نێر و مێ بەبێ پاداشت ناهێلمەوە ، گشت لەلای من چون یەکن.

﴿ مَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةً طَيِّبَةً ۖ وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٩٧﴾ ﴾ النحل: ٩٧: هەرکەسێ کرداری باشەو بەباوەرـ چ نێر ،چ مێ ـ هەتا دەژ وادەکەین بەخۆشی بژی دیاریشە باشتر لەوەی واکردوویانە، ئێمە پاداشتیان دەدەینێ.

﴿ وَمَن يَعْمَلْ مِنَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ مِن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُو۟لَٰٓئِكَ يَدْخُلُونَ ٱلْجَنَّةَ وَلَا يُظْلَمُونَ نَقِيرًا ﴿١٢٤﴾ ﴾ النساء: ١٢٤: هەر مرۆیەك نێر بێ یان مێ هەر هێندە خاوەن باوەرو ئاکار چاك بێ ، دەچنەوە بەهەشتەوە و بەئە ندازەی تلیشی وردیلەی ناوکە خورمایەش ناهەقیان لێ ناکرێ.

﴿ وَعَاشِرُوهُنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ ۚ فَإِن كَرِهْتُمُوهُنَّ فَعَسَىٰٓ أَن تَكْرَهُوا۟ شَيْـًٔا وَيَجْعَلَ ٱللَّهُ فِيهِ خَيْرًا كَثِيرًا ﴿١٩﴾ ﴾ النساء: ١٩ بەتەرزێکی جوان و رەوا دەگەلیاندا بجولێنەوە ئەگەر خۆشتان نەهات لێیان شتی وا هەن ئێوە حەزی لێ ناکەن و چاکەی زۆری لەخوا بۆنگۆ تێدا بێ.

﴿ وَإِذَا طَلَّقْتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ أَوْ سَرِّحُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ ۚ وَلَا تُمْسِكُوهُنَّ ضِرَارًا لِّتَعْتَدُوا۟ ۚ ﴾ البقرة: ٢٣١ واتە : ئەگەر ژن و تەلاق دان و ماوەی چاوە نۆرەکەیان برایەوە یان بەتەرزێ خودا پەسند ڕایانگرن ، یان بەرانبەر بەیاسای دین ئازادیان کەن نەکا بەقەس ئازاردانیان رایانگرن و لەهەق لادەن .

((خيركم خيركم لأهله وأنا خيركم لأهلي [1]) واتە : باشترینتان ، باشترینیانە بۆ خاو و خێزانەکەی ، منیش باشترینتانم بۆخاو وخێزانەکەم)).

(1) اخرجه الترمذي باسناد صحيح

((لا تنكح الثيب حتى تستأمر ولا تنكح البكر حتى تستأذن وأذنها صمتها [1] :
واتە : بێوەژن مارە ناكرێ هەتا پرسی پێ نەكرێ كچیش مارە ناكرێ هەتا پرسی پێ نەكرێ ، رازی بوونەكەشی بێ دەنگیەكەیەتی))

لەم فەرموودەیەكی تریشدا دەفەرمووێ ((إنما النساء شقائق الرجال واتە : ئافرەتان تەواوكەری پیاوانن [2])).

پێشتر لە سەردەمی پێغەمبەر صلـــى الله عليەوسلم ئافرەت هاوبەشی پیاو بوو لە ئیمان ، هاوكاری بوو لە بانگەواز بەشداری بوو لە جیهاد ، هاوكاری بوو لە بنیاتنانی كۆمەڵگەیەكی نوێ لەسەر بەهاو رێبیری ئیسلام ، ئەو هاوكاری وهاوبەشیە دروست نابێت تەنها بە مومارەسەكردنێكی تەواوی ئەو رێبیرانە نەبێ .. ،كە ئەمانە هەمووی بەرەوشتێكی پاكوخاوێن ئەنجام دەدرا ، بەخۆ پاراستن لەپیسی بە خۆپاراستن لەحەرام ، پابەند بوون بە حیجاب پابەند بوون بە فەرمانەكانی خواو پێغەمبەرەكەی، كە تەنها بوون لەگەڵ ئافرەتێكی بێگانەدا حەرام دەكاو تێكەڵاویش بەبێ پێویستی پێبوون حەرام دەكاو ، سەفەركردنیش بەبێ مەحرەم حەرام دەكاو ، چاو تێبرینیش حەرام دەكا ، چونكە تیرێكە لە تیرەكانی ئیبلیس ..

بەڵام كۆمەڵگای ئیسلامی كەوتبووە ناوخویەكی نەفامی لەمەر ئافرەتەوە مەگەر ئەوەی خوا بەزەیی پیاهاتبێتەوەو ،وای لێهات بەچاوێكی كەم و سوك دەیڕوانیە ئافرەتو ، تانەوتەشەری لێدەداو عەیب داری دەكرد بەوەی ،كە كاری تەنها منداڵ بوونەوهیچی تریش نا..

---

(1) اخرجه الشيخان

(2) اخرجه احمد وابوداود والترمذي

کاروبارەکە پێویستی بەو زانایە نوێخوازەبوو,کە کۆمەڵگا بەرزدەکاتەوە بۆ ئاست ئیسلامێکی هەق لەمەر دۆزی ئافرەتو هەمووکاروبارەکانی بوونەوەر..بەڵام ئوممەت کاتێك – لە ناو سەرگەردانی بوو– چارەسەریەکی تری وەرگرت ..!

ئەو چارەسەریەی وەری گرت رزگار کردنی ئافرەت بوو لەسەر ڕێگای رۆژئاوا..

پێویست ناکات دیسان دووبارەی ئەوە بکەینە ،کە لە چەند کیتابێکی تر گوتومانە لەمەر دۆزی رزگارکردنی ئافرەتداو ئەو هەنگاوانەی پێیداتێپەڕیوە هەتا گەیشتە ئەم وێنەیەی ئەمرۆ[1].. بەڵام لێرەدا باس لەوێنەی ئەو سەرگەردانیە دەکەین، کەئوممەت چووە ناویەوە کاتێك لە ڕێگا دوورکەوتەوە .

ئافرەت لەماڵی خۆی دەرچوو ئەمەش, کە لە خودی خۆیدا ئامانجێك بوو لە ئامانجەکانی خاچ پەرستی سەهیۆنی بۆ وڵاتە ئیسلامیەکان، ، هەروەکو,کە فریودانی پیاو بۆ بەسەردنو مانەوەی لە دەرەوەی ماڵ بەهەمان شێوە ئامانجێکی نەخشە کێشراو بوو. بەڵام ئەمە تەنها هەنگاوێك بوو بۆ ڕێگایەکی زۆر دوورو درێژ ..

کاتێك ئافرەت ماڵی خۆی بەجێهێشتو هاتە دەر ، لەگەڵیشیدا هەموو بەهاو چەمکەکان ،کە پەیوەندی بەو هەبوو نەمانو ڕۆیشتن ، هەتادەتگوت ئەمە لە بنچینەی ئەودینە هەر نیە ،کە خواو پێغەمبەرەکەی فەرمانیان پێ کردووە ،کە ناکرێ بگۆردرێ، چونکە گۆرینی خراپەو خراپەکاریەکی زۆر لەسەر زەوی دەنێتەوە..

ژیان هەموو بووە گۆرانکـاری..

---

(1) ئەگەر دەتەوێ سەیری کیتابی واقعنا المعاصر و معركة التقاليد بكە .

ئافرەت حیجابەكەی فرێداو لە خۆی داماڵی ، كە بنچینەیەكی ئەودینەبوو خواو پێغەمبەرەكەی فەرمانیان پێكردبوو.

پلە بەپلە دەستی كرد بە ڕووت كردنەوەی لەشی ، بە نیمچە ڕووتی دەچووە سەر كەنارەكانی دەریا .. ،كە ئەمانە هەمووی خواو پێغەمبەرەكەی حەرامیان كردبوو ..

كاتێكیش دەرچوو ڕێیدا بەخۆی ئەوەی دەیەوێ لە لەشی بەدیاری بێخی ، فیتنە دەستی پێكرد .. كە ئەستەمیش بوو ڕوو بدات ، هەتا باواش دابنێین ،كە لە سەرەتادا بۆ فیتنە دەرنەچوو ، بەڵام دوایی فیتنە بەساناترین ڕێگا ڕێگای دیتەوە بۆناو دڵیو بەهەمان شێوە دڵی پیاویش! ئا ئەوە خۆی بەرامبەر پیاو بەدەردێخی ، ئائەوە جوانیەكەی بەدیار دێخی ،كە بۆی هەیە بیبزوێنی وكاری تێبكا ، كە بەڕاستی كاریشی تێكردو بزواندی, ئافرەتیش ئەمەی باش دەزانیو ، ڕازیش بوو لەخۆی كاتێك بەم كارە هەڵدەستا .. بەرە بەرە بزواندنی غەریزە بوو بە ئامانج ،كە كۆگاكانی جلو بەرگ بە مۆدیلی جۆراوجۆر هەڵدەستا بەبرەودانیو ، كۆگاكانی جوان كاریش بەبۆن و سابونەكانیو ، ڕۆژنامەی ئافرەتیش .. ،كە ئافرەت كرایە گۆشەیەك لە ڕۆژنامەی گشتی بە وێنەو هەواڵ و تەوجیهات وتەعلیقات ، كراسێك جوانی سینگی دەردەخستو ! كراسێك جوانی پشتی دەردەخستو! یەكێكی تر چۆن سەرنجی پیاو بۆ خۆی ڕابكێشیو ! یەكێكی تر چۆن سۆزی پیاو بۆ خۆی بەدەست دێنیّ و هتد..[1]

كاتێكیش فیتنە بووبەئامانجێكی نەخشە كێشراو گومان نەدەبرا كارەكە هەمووی لەچوارچێوەی (نظري) دابێت .. بەڵكودەباشتە حەرامەكە هەر ڕوویدا ..

(1) ئەمانە هەمووی ناونیشانی فیعلی بوونو لە ڕۆژنامە و گۆڤارەكان بڵاودەكرانەوە .

شتە حەرامەکەش ڕووی دا .

هەر چۆنێك بێت ئەمانە پێچەوانەی عورف ونەریت ومیراتو بەهاو ڕێبیرو ڕەوشتی کۆمەڵگا بوون ..

لێرەدا دۆل لێدەرو شمشاڵ ژەنەکان هەڵسانو پڕیاندایە نەریتەکانو میراتەکانی کۆمەڵگا ،کە حەرام حەرام دەکاو! بانگەشەشی کرد بەپێویستی حەلال کردنی ئەوشتانەی دین حەرامی کردون!

جابەراستی کۆمەڵگا هەڵوەشایەوەو ، وای لیٚ هات سەیری حەرامی دەکرد وای دەزانی حەلالەو ، سەیری حەرامیشی دەکرد بەچاوی بێزاریو تورەیی ! !

دۆزەکە وای لێنەهات, کە : چۆن خەڵکی غیرەتیان کرد حەرام حەلال بکەن .. بەڵکو وای لێهات ، بۆچی دین ئەو شتانە حەرام دەکات، کە پێویستەحەلال بکریٚ ؟!

بەئەنقەستیش بیروڕایەکانی فرۆیدو تەعلیماتەکانی بلاوکرایەوەو ، چەند ڕۆژنامەو گۆڤاریشی بۆتەرخان کرا ، بۆئەوەی بلیٚ قەدەغەکردن یەکسانیشە لەوەی سەرچاوەکەی دین بێت یان کۆمەڵگا یان سروشت ، ئەوا تووشی خەفەو ئالۆزی دەروونیو تێکدانی مێشکت دەکات .. کەواتە دەبیٚ قەدەغەکردنی حەرام نەمێنیٚ بۆئەوەی دەروونەکان هۆگرو ئۆقرەبگرن ! !

کوروکچەکان لە دەست دەرچوون – کاتێك لەناو تاریکی سەرگەردانی دابوون – وایان دەزانی گەورەترین سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە ! !

ئەدی کاروباری ماڵ چیلێهاتو ..؟

کاروباری مزگەوت چیلێهات ..؟

ئەو ماڵەی گەورەکەی کۆچی کرد لێی بۆئەوەی بچێتە سەر شەقام ئینجا بۆ ئیش بیٚ بۆفیتنە بیٚ ، یا بۆ ئیشو فیتنە پێکەوە .. ئەوا چۆن ئەو ئارامیەی

تێدا دەبێ ،کە خوای گەورە کردوویەتی بە ئایەتێك لە ئایەتەکانی خۆی :﴿ ومن آیاته أن خلق لکم من أنفسکم أزواجا لتسکنوا الیها : هەر لە نیشانی ئەوە کە لە خۆتان ئاو جوتی بۆ بەرهەم هێنان کە پێیان بحەسێنەوە ﴾. سورەتی روم ـ 21

چۆن سەرپەرشتی بۆمناڵ لێ دێتەدی ،کەمناڵ تیایدا پەروەردە دەبێ لەسەربەهاو رێبیرو هزرو عەقیدە ،کەکۆمەڵگای لەسەر بنیات دەنرێ ؟

بەڕاستی وێران کردنی ماڵ ئامانجێکی نەخشەکێشراو بوو لە لایەن پیلانگێڕی بەدونگریس، کە جوولەکەکان دایانابوو بۆ گەندەڵ کردنی ژیانی ئومەمیەکان بۆ ئەوەی لە کۆتایدا بیانکەن بە گوێ درێژ ، لە ئەوروپا هەلێکی زۆر کراوەیان دیتەوەو بەباشیش قۆستیانەوە ،کاتێك ئافرەت چووە دەرەوە بۆ ئەوەی پاروە نانێکی دەست بکەوێ پاشان دۆزی ڕزگار کردنی ئافرەتیان هێنا کایەوە بۆ ئەوەی وەدەری بنێن لەماڵەوەو وازلێهێنانی لاخۆشەویست بکەن .. خێزان پەرتەوازە بوو کۆمەڵگاش هەڵوەشایەوە .. کۆمەڵگای ئیسلامی لەگەڵ ئەو هەموو شپرزەییەی ،کە تێیدابوو ماوە بۆ ئەوەی پارێزگاری بکات لە پەیوەندیەکانی خێزانو پەیوەندیەکانی ماڵ .. ئەمەش کۆسپێك بوو لەڕێگای پیلان گێڕی جوولەکەی جیهانی بۆ گەندەڵ کردنی ئومەمیەکان لە هەموو زەویداو، پیلان گێری خاچ پەرستیش بۆ گەندەڵ کردنی کۆمەڵگای ئیسلامی بەتایبەت ، بۆ ئەوەی بۆ هەمووان زاڵ بوون و جێگیر بوون ئاسان بێتو، ئەو دوژمنەشیان لابدەن ،کەمایتەوە لەسەر زەوی ..

ئەوەی ویستیان هاتە دی .

لەناو کۆمەڵگادا ماڵ بەومانا ئیسلامیە نەماو.. ئەو باوەشە نەما، کەمنداڵ تیادا فێری ئیسلام دەکراو پەروەردە دەکرا لەسەر نەریتەکانیو بەهاو بیرو بۆچوونەکانی تیایاندا دەچەسپاند .. دوژمنان لە خۆشیان دەستیان داوەشاند

بەوێران بوونی ئەو پایە پتەوەی ،کە دەکرێ ئیسلام تیایدا سەر لە نوێ هەلبستێتەوە .. ئەمڕۆ ترس نیە نە لەپیاو نە لە ئافرەت نە لەمندالٚ ..

مزگەوتیش چۆل کرا ..

ئەو مزگەوتەی بەردەوام مەلّبەندی تیشکدانەوەبوو لەژیانی موسولّماناندا..

هێمایەك بوو بۆ هەموو خێر و بێرێك ..

لەناوی یادی خوا دەکراو نوێژەکانی تیادا ئەنجام دەدراو ، خەلّکی تیایدا فێرە زانست دەبوون و تیایدا لەسەر بەهای ئیسلامی پەروەردە دەبوون .. لەوێ جیهاد دەستی پێدەکرد ، لەوێ کاروبارەکان دەبڕانەوەو نەخشەیان بۆ دەکێشرا . مـالٚ لانەی بچوکەکان بوو ، مزگەوتیش لانەی گەورەکان بوو ، ئەم دوو دەزگایە پێکەوە یارمەتی یەکتریان دەدا بۆ دامەزراندنی خانوەکە لەسەرچەند بنچینەیەکی قایم .. مالٚ بەمانای ئیسلامی ڕوخێنرا ، مزگەوتیش چۆل کرا ، ئەو دوو لایەنە ڕووخان ،کەخەلّکی تیایدا لەسەر ئیسلام پەروەردە دەبوون .. لێرەدا بەخەلّکیان وت دەی هیچتان لەسەر نیە ! ئێوە هەر موسولّمانن مادام دەلێن لاإله إلا الله !!

سەرگەردانی ئەو ئوممەتە هەتا ئەو سنورە ڕانەوەستا ..

سەرگەردانی لەجیهانی هزردا بەرفراوان بوو تا ئەو پەری ڕادەی.

بەڕاستی ڕۆشنبیرەکان خۆیان هاوێشتە سەر هزری ڕۆژئاواو، پاشان وەریان گێرایە سەر زمانی عەرەبی جایەکسانە ئەگەر دایانە پالٚ خاوەنە ئەسلیەکانی ـ ئەگەر دەست پاك بانە– یان دایانە پالٚ خۆیانو بە درۆو ساختە شانازیان پێوە دەکرد ـ ئەگەر دەست پاك نەبانە ـ ئەوانەش زۆربوون!

بەڕاستی لە هزری ڕۆژئاوا چەند مەسەلەیەك هەبوو شایەن بوون بۆ ئەوەی هەلّوەستەی لەلادا بکرێ .. چەند مەسەلەیەك لەسەر مرۆڤ و ئامانج لە بوونیداو ، پەیوەندی تاك بەتاك و تاك بە کۆمەلّگاو ، مرۆڤ بە سروشتو .. مرۆڤ بەخوا

.گەندەڵ ترین شت ،کە لەو هزرە دابوو باسکردنی بوو لەمەڕ مرۆڤ و خوادا .. ،کە بارودۆخە تیایدا سەد دەرسەد سەراوژێر بوو ، ئەویش بەخواکردنی مرۆڤ و ڕەتکردنەوەی خوایەتی خوابوو.

لێرەدا ڕووناچین لەو هۆکارانەی وای لە ئەوروپا کرد ،کە ئەوها لاری ببیَ لەو مەسەلەیە چونکە بەتایبەت ، لە جێگای تردا باسمان لێوە کردووە[1] .. بەڵکو ئێمە تەنها باس لەوە دەکەین، کە هزری ئیسلامی بەدوای هزری ڕۆژئاوا کەوت لە هەموو لاریَ بووەکانیو ، بەهەمان شێوە هیچ شتێکیش ڕێی لێنەگرت لە ڕووچوون لەو لاریَ بونانەی ڕۆژئاوا لەمەر مەسەلەی مرۆڤ و خوادا [2] . ئەمەش لەچەند لایەنێك دابوو..

لەنێوان ئەم لایەنانەدا ـ لەپێشەکی دا ـ مەسەلەی تەشریع بوو..

مافی تەشریع بۆ کیَ یە؟ بۆ خوایە یان بۆ مرۆڤ ؟

ڕوون و ئاشکرا بوو, کە ئیسلام بڕیار دەدا مافی تەشریع تەنها بۆ خودایەو بەبیَ ئەوەی هاوەلێکی تری لەگەڵ دا بێت ﴿ أَلَا لَهُ ٱلۡخَلۡقُ وَٱلۡأَمۡرُۗ ﴾ الأعراف:(٥٤) ئافراندن و ڕاگەیشتن هەر بۆئەوە.

﴿ إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِۚ ﴾ یوسف: ٤٠ : فەرمان هەر هی خودایە.

---

(1) ئەگەر دەتەویَ سەیری کیتابی رؤية إسلاميه لأحوال العالم المعاصر بکە.

(2) لەو کیتابە باشانەی لەم بارەیەوە کیتابی دکتۆر محمد البهی الفکر السلامی الحدیث وصلته بالاستعمار الغربی چاپی قاهیرە.

﴿ أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّا نَأْتِي الْأَرْضَ نَنقُصُهَا مِنْ أَطْرَافِهَا ۚ وَاللَّهُ يَحْكُمُ لَا مُعَقِّبَ لِحُكْمِهِ ۚ وَهُوَ سَرِيعُ الْحِسَابِ ﴿٤١﴾ ﴾ الرعد: ٤١: واتە: فەرمان ڕەوا هەر خودایەو کەس ناتوانیَ دەس درکاری خوا بدا.

هەردووکیان پێکەوە چ لەکارو باری گەردون چ لە کاروباری تەشریع .

﴿ أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ ۚ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللَّهِ حُكْمًا لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ ﴿٥٠﴾ ﴾ المائدة: ٥٠ واتە : ئاخۆ ئەوان گەرەکیان نەدابیَ زەمانیَ نەزانی بەر لە ئیسلام بژیەننەوە ! دەیسالەلای ئەوکەسانەی وا لەبواری خۆیاناهیچ شك وگومانیان نیە کامە فەرمان لە فەرمانی خواچاترە.

﴿ وَمَا اخْتَلَفْتُمْ فِيهِ مِن شَيْءٍ فَحُكْمُهُ إِلَى اللَّهِ ۚ ﴿١٠﴾ ﴾ الشورى: ١٠ واتە : لەهەرچی پێك نەهاتن خودا بەناوتان ڕادەگا.

بەهەمان شێوەش ڕوونو ئاشکرا بوو، کە ئەوروپا – بەگوتار وڕەفتار– بریار دەدا ، کە خودا هیچ پەیوەندی بە تەشریعەوە نیە ، بەڵکو مافی تەشریع دراوەتە مرۆڤ.

ئوممەت سورێکی لەناو سەرگەردانی لەچوار چێوەی خۆی لێداو یەکێك لە نێویدا وتی: بەڕاستی ئیسلام پەیوەندی بەسستمی حوکمدا نیە ! پێغەمبەر صلـــی الله علیەوسلم حاکم نەبووە ، بەڵکو قازی بووەو قەزاوەتی لە نێوان خەڵکدا کردووە ! خیلافەتیش سیستمی حوکمی نەبووە !

دیسان سورێکی تری لەناو سەرگەردانی لێداو یەکێك لەنێویدا وتـــی : بەڕاســتی ئەو شەریعەتەی پێش چەنــد سەدەیەکی دوورو درێژ دابەزی بەکەڵکی ئەوە نایەت ئەمرۆ لەو جیهانە پێشکەوتووەدا حوکمی ژیانی مرۆڤایەتی بکات،

هیچ ڕووی وێك چونیش نیە لەنێوان ئەمەو ئەوجیهانەی، کە ئەو شەریعەتەی تێدا دابەزی لەوماوە دوورو درێژەدا!!

سورێکی تری لەناوسەرگەردانی لێداو یەکێك لە نێویدا وتی: بەڕاستی ئیسلام سیستەمەکی دیکتاتۆریەو ، ستەم دەکاو،ئوممەت فەرامۆش دەکا ،کە لەم سەردەمەدا سەرچاوەی دەسەڵاتە..

ئەگەر مشتومڕ بەرپاکرا دەربارەی مافی خوا لە تەشریع دانان وحەلالکردن وحەرام کردن – ئەمەش بەپەرینەوەی لە ئەوروپا– ، ئەوا بەهەمان شێوە بەرپاکرا دەربارەی مافی خوا لە بڕیاردانی بەهاکانو بڕیاردانی پێوانەکان.

کێیە بڕیاری ئەو بەهایانە دەدات،کە حوکمی ژیانی مرۆڤ دەکات؟ خوا یان مرۆڤ ؟

هەرچی ئیسلامە ئەوا بەئاشکرایی بڕیاردەدا ،کە هەرخودایە بڕیاری بەهاکان دەدا هەروەکو،کە، بڕیاری تەشریعەکان دەدا ،چونکە هەر ئەو بەدیهێنەرو هەڵسورێنەرو رزق دەرە ﴿أَلَا لَهُ ٱلْخَلْقُ وَٱلْأَمْرُۗ ﴿٥٤﴾﴾ الأعراف: ٥٤ : ئافراندن و راگەییشتن هەر بۆ ئەوە.

﴿هَلْ مِنْ خَٰلِقٍ غَيْرُ ٱللَّهِ يَرْزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِۚ ﴿٣﴾﴾ فاطر: ٣: ئاخۆ غەیرە خودا ، وەدی هێنەرەك هەیە کە لە ئەزمان و زەمینا بژێوی ئێوە دابین بکات.

بەڵام ئەوروپا لە خوایەتی خوا هەڵگەڕاوەو ، لە جیاتی مرۆڤی کردە خواو ، وتی: بەڕاستی مرۆڤ هەرخۆی بریاری بەهاکانی دەدا، چونکە زاناترە بە واقیعەکەیو زاناترە بە بەرژەوەندیەکەی خۆی!!

یەکێکیان کتێبێکی نووسی بەناوی الانسان یقوم وحده مرۆڤ بەتەنیا رادەوەستێ Man StandsAlone

یانی دوور لە ئامۆژگار خوا ، یەکێکی تریش کتێبێکی نووسی و ناوی نا الانسان یصنع نفسه مرۆڤ خۆی دروست دەکا (Mam Makes Himself یانی دوور لە تەعالیمی خوا.

ئەوروپا بارودۆخی تایبەت بەخۆی هەبووە,کەوای لێکرد ئەو هەلوێستە هەلگەڕایەوە بنوێنێ لەسەر خوا ،کە بارودۆخێکە ڕاڤە دەکرێت، بەلام بیانوی بۆ نابینرێتەوە،چونکە بەهیچ شێوەیەك هیچ شتێك نابێتە بیانوی ئەوەی کوفر بەخوابکرێ.

بەلام ئوممەت – لەناو سەرگەردانی– بەڕاستی ودروستی لە مەسەلەکە نەگەیشتو وا گومانی برد، کەلە بەلگەو نیشانەکانی پێشکەوتنە مرۆڤ بەخۆی بەها بۆ خۆی دابرێژێو پێوانەکانی دیاری بکات ! ئایا خوا عەقلی بە مرۆڤ نەبەخشیوە بۆ ئەوەی بیری پێ بکاتەوە؟ ئا ئەوە ئەو مرۆڤەیە بە یارمەتی خوازی بەروبوومی زانست و بەروبوومی ئەزموون کار بەعەقلەکەی خۆی دەکا بۆ ئەوەی رێبازی ژیانی خۆی پێ دانێت، ..باشە چ مرۆڤێکە ئەو شتانە دروست دەکات ؟! ئەو مرۆڤە مرۆڤێکی بەهێزو پێگیروخاوەن بیرکردنەوەیەکی قولە ، کە زال دەبێ بەسەر هەموو زەوی ، ئەوەیە ،کە ئێمە بە گاگۆلە لەدوای دەڕۆین بەلام ئەو رێگا ڕادەماڵێو دەبڕێ!

ئوممەت پەی بە ڕووەکانی کەموکوری ئەو مەسەلەیە نەبرد .

یەکەم ئوممەت پەی بەلایەنەکانی ئەوکارانە نەبرد,کە لە عەقلی مرۆڤدا داواکراوە،کە خوای گەورە وەکو نیعمەتێك بەخشیوەتی بەمرۆڤو هەر بەویش بەرزی کردۆتەوە لەسەر هەموو دروست کراوەکانی ﴿ وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِىٓ ءَادَمَ وَحَمَلْنَٰهُمْ فِى ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ وَرَزَقْنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَفَضَّلْنَٰهُمْ عَلَىٰ كَثِيرٍ مِّمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا ﴿٧٠﴾

﴾ الإسراء: ٧٠ ئێمە رێزمان لە تۆرمەی ئادەم گرتولە وشکانی وزەمینداهەلمان گرتن، رۆزی پاکژمان پێداون،لە چاو زۆر کردەی خۆمان زۆر پتر قەدرمان گرتوون.

بەڕاستی لایەنی یەکەمو هەرەگەورەی ئەوعەقلە ئەمەیە،کە رێنمویی بکات بۆ یەکتاپەرستی خودای پاکو بەرز، پاشان بەبێ هاوەڵ دانان بۆی بیپەرستێ,چونکە مرۆڤ بە فریشکی خۆی بەندەیە..لەو شالاوە دروست کراوەو بێ بڕوایە گەرێ ,کە شەیتان بەتایبەتی لەو سەدەیە برەوی پێدا لە زەوی، کە لە خودی خۆیەوە شیتاڵ شیتاڵ بوو کاتێك شیوعیەت پارێزەری بێ باوەری ڕووخاو تەفروتونابوو– خەڵکە هیدایەت دراوەکان وگومرابووەکان– بەپەلە گەڕانەوە بۆمزگەوتەکانو کلێسەکانو پەرستگاکانیان ،کەدەتگووت هەرگیز رۆژێك بێ بڕوا نەبووینە ! !

مرۆڤ بە فریشکی خۆی بەندەیە.. جیاوازیش لە نێوان ئەو بەندەو بەندەیەکی تر ئەوەیە ،کە یەکێکیان خودای هەق دەپەرستێو لەپەرستنی هاوەڵی بۆدانانێ ، ئەوەی تریانیش خوای تر جگە لە (الله) دەپەرستێ ، ڕوانینیشی بۆخوا لەسەر حەقیقەتی خۆی نیە، یان هەواو هەوەستی دەپەرستێ! !

﴿ أَفَرَءَيْتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَـٰهَهُۥ هَوَىٰهُ ﴿٢٣﴾ ﴾ الجاثية: ٢٣ ئاخۆ تۆ ئەو کەسەت دیوە کە ئارەزووی خۆی دەپەرست.

ئەرکی هەرە گەورە بۆ ئەو عەقلەی خوا بەخشیوەتی بە مۆرڤ ئەوەیە ،کە لەدوای ئەم مەسەلە بنچینەیە بگەرێ، کە چارەنووسی مرۆڤی لە دونیاو ئاخیرەتدا

دەوەستێتە سەر ﴿ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ﴿٦٠﴾ ﴾ النمل: ٦٠: ئاخۆ هیچ پەرستراوێك لەگەڵ خودا هەیە ؟!

هەرچی لە ئاخیرەتدا ئەوا مانەوە لە بەهەشت یان مانەوە لە ئاگری دادەوەستێتە سەر..

هەرچی لە دونیاشە ئەوە وەڵامدانەوەی زۆر پرسیاری دەوەستێتە سەر، ئەو پەرستراوە کێیە، کە پێویستە بپەرسترێ ؟ یاسادانەر(مشرع) کێیە ،کەمافی حەلال کردنو حەرام کردنی هەیە؟ کێ بڕیاردەرەو بڕیاری ڕێبازی ژیان دەدا ؟ سەرچاوەی وەرگرتن (مصدر التلقی) لەمەسەلە گەورەکانی ژیاندا چنە ؟ ئەمە چ جای وەڵامی ئەو پرسیارانەی ،کە بەلای فریشکدا دەهاتوو دەچوو پێویستی بەوەڵام دانەوە هەبوو ، ئەگەر وەڵامی ڕاستی دەست نەکەوتبا مرۆڤەکەی سەرگەردانو بەدبەخت دەکرد ، لەکوێ ؟ بۆ کوێندەر؟ بۆچی؟ چۆن؟ لەکوێ هاتووینە؟ لەپاش مردن بۆ کوێ دەرۆین؟ بۆچ شتێك دەژین؟ چۆنو لەسەر چ ڕێبازێك دەژین ؟

ئەگەر فریشك وەڵامی تەواو ڕاستی نەدرابایەوە ئەواسەری خۆی هەڵدەگرت بۆ ناو گومرایی وەکو گومڕایی شاعیری نەفامی سەردەم إيليا أبو ماضی ،کە دەڵێت :

جئت .. لاأعلم من أين ! ولكن أتيت

هــاتم .. نازانم لەکوێ ! بەلأم هــاتم !

ولقد أبصرت قدامی طريقاً.. فمشيت !

سەیری ڕێگایەکی پێشەخۆم کردو رۆیشتم !

وسأبقى ماشيا إن شئت هذا أم ابيت!

بەردەوام دەرۆم ئەگەر بمەوێ و نەمەوێ!

كيف جئت ؟ كيف أبصرت طريق؟..لست أدری!

چـۆن هـاتم ؟ چۆن رۆنیمە رێـگام ؟ .. نازانم!

لەڕاستیدا ئەمە گوزارشت لە تەنگەژەیەکی نەفامی سەردەم دا دەکات .. کاتێك نەیتوانی وەڵامی تەواوی پرسیارەکانی فریشك بداتەوە ، بۆیە سەری هەڵگرت بۆ ناو تاریکایی سەرەڕای ئەو هەموو زانینەش ،کە هەیبوو!

﴿ يعلمون ظاهرا من الحياة الدنيا وهم عن الاخرة غافلون : لەڕواڵەتی ژینی دونیا ئاگادارن و هیچ ئاگاشیان لە پاشەرۆژەکە نیە .سورەتی روم ـ 7 ـ

ئەگەر– عەقلی مرۆڤ لە ئەرکی یەکەمی ببایەوە– ، کە رێبازی ژیانی لە دونیاو چارەنووسی لەرۆژی دوایی دەوەستا سەر – ئەوا لە پێشیدا چەند ئەرکێکی تر هەبوو لە پێشەکیدا ناسینی گەردوونی ماددیو تایبەتمەندیەکانی مادده بوو ، بۆ ئەوەی بەکاریان بێنێ لە ئاوەدان کردنەوەی زەویدا بەگوێرەی رێبازی خوایی –، ئەمەش گۆرەپانی زانستەکان بوو جایەکسانە چ تیوریەکەی بێت یان ئەزمونیەکەی –، پاشان ناسینی سروشی خوا بوو بۆ ئەوەی لە نیازو مەبەستی بگات ، بۆ ئەوەی بەگوێرەی فەرمانەکانی ئەو ژیان بەرێوە ببات ، ئەمەش بواری زانستە شەرعیەکان بوو بەوەی لە نێویان دا بوو لە زانستی فیقه و ئوصول و زانستەکانی قورئانو زانستەکانی فەرموودە ، پاشان ناسینی ئەو سوننەتە خواییانەبوو، کە حوکمی ژیانی مرۆڤایەتی دەکات ، بۆ ئەوەی ژیانێك دابمەزرێت رێك بێت لەگەڵ ئەو سوننەتە خواییانەو لانەدات لە داخوازیەکانی – ئەمەش زانستی کۆمەڵایەتی بوو –، پاشان ناسینی بوو بۆ مێژووی مرۆڤایەتی ،کە لەنێویدا چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردنی مرۆڤ بوو لەگەڵ ئەو سوننەتە خواییانە لەماوەی ئەو رۆژگارەی تێپەری ، بۆ ئەوەی ئێستاو داهاتووی ئەو

ئوممەتە پەندی لێ وەربگرن ،– ئەمەش زانستی مێژوو بوو – پاشان هەر زانستێك بێت ، کە سوود بە مرۆڤ بگەیەنێ لە دونیاو ئاخیرەت ..

بەڕاستی ڕووناك کردنی بەتەواوی‌و ڕاستی ئەمەیە ، کە هەڵقوڵاوە لە باوەڕبوون بە جیهانی پەنهانی‌و جیهانی هەستکراوەکان(عالم الغيب والشهادة) ،کە عەقل لە نێویدا بە ڕێنمایی خوایی کاردەکات‌و ڕێنمویی کراوەو گومراو هەڵیت و پەڵیت نابێت..

بەڵام ئوممەت لەناو سەرگەردانی پەی بەمەنەبرد.. پەی بەوەش نەبرد، کە ڕووناك کردن لەسەر ڕێبازی ڕۆژئاوا چەند هۆکارێکی ناوچەیی تایبەتی هەبوو لە ئەوروپا ، کە چەند ئەنجامێکی پڕ لە خراپەو گەندەڵی لێ کەوتەوە ..

بەڕاستی عەقلانیەتی ڕۆژئاوا کاردانەوەیەك بوو بۆ پەکخستنی کلێسە بۆ عەقل – بەلایەنی کەم – ماوەی دە سەدەی یەك لەدوایی یەکی خایاند ، ئەو سەدانەی خۆیان لە مێژووی خۆیان ناویان نابوو (سەدە تاریکەکانی ناوەڕاست) کە بەڕاستی تاریك بوون ، بەڵام نەك هۆیەکەی (دین) بێت هەروەکو ,کە ئەوروپا بیرو بۆچوونی وابوو کاتێك لە دەسەڵاتی کلێسە هەڵات ، بەڵکو بەهۆی ئەو دینە بوو ,کە ئەوروپا بەگۆڕاوی ولارێ بوویی وەریگرت, کە عەقل بەخۆوەی هەڵ نەدەگرت ، بۆیە کلێسە بڕیاری دا عەقلەکان ڕێگایان لێ بگیرێت بۆئەوەی شتە ساختەو دژیەکەکانی دەرنەکەوێ‌و وتیە خەڵکی باوەڕ بێنن‌و مشت‌و مڕمەکەن ، بەڵام کاتێك ئەوروپا ئاشنایەتی لەگەڵ موسوڵمانان پەیدا کردو تێکەڵ بەوانبوو بینی ئەوان بیر دەکەنەوەو بەرووبوومی بیرکردنەوەکەشیان سەدان بەڵکو هەزاران کیتابی پڕ کردووە ، بۆیە حەزیان چووە بیر کردنەوەو کلێسەش بەسەرپێچیکەرو بیدعەچی تۆمەت باری کردن ، کاردانەوەی بەرەنگاریش بۆ سەرکێشی کلێسە فڕێ دانی هەموو دین بوو ، ئیش پێکردنی عەقل بوو لە جیاتی دین‌و ، داڕمانی

ئەو شتەش بوو ،کە خۆیان ناویان نابوو((ترووهاتی میتافیزیقیا)) هەرواپشت بەستن بوو بە هەموو ئەو شتانەی عەقل دەیووت ، جایەکسان بوو بەوەی ئایا دەچێتە ناو بازنەی عەقل بۆ ئەوەی تێی بگات یان ناچێتە ناوی ، یان دەکرێ مرۆڤ بەئارەزوی عەقلی خۆی هەڵیبژێرێ یان ناکرێ ؟

بێ گومان ئەوروپا لەلایەنی زانستەکان ڕووناك بۆوە ، کاتێك لە موسوڵمانان ڕێبازی ئەزموونی لە لێکۆلینەوەی زانستی وەرگرتو ، شتی تورەهاتو پڕوپوچی زانستیانەی کلێسەشی فرێدا ، کە بەناوی دین سەپاندبوویە سەریان! بەلأم زۆر گومڕا بوولەو شتەی ناوی نابوو زانستە مرۆڤایەتیەکان واتە ئەو زانستەی سەرچاوەکەی مرۆڤە نەوەك گوتاری دین ،کە گومڕاییەکەی گەیاندیە ئەوەی باوەڕبێنی بە ئاژەڵی مرۆڤ و ماددیەتەکەیو, بەهابەرزەکانیش ڕەت کاتەوەو یاسای دارستانیش (قانون الغاب) جێبەجێ بکات : کە بەتوانا بێ توانا دەخوات یان لە ڕێگادا لای دەدات ، بێ گوێ دانە ئەوەی حەلالە یان حەرامەو بێ گوێ دانە ئەوەی ئایا بەتواناکە خاوەن ڕاستیە یان خاوەنی ناڕاستی ..

بەروبوومەکەشی ئەوەیە ،کە ئەمرۆ دەبینین لە گۆرەپانی نێودەوڵەتی لە ستەمو دڕندایەتی ، ئەمە چ جای دڵەڕاوکێو شێتیو خۆکوشتنو ئارەقو سەرخۆشکەرەکانو تاوان لە نێو کۆمەڵگای ڕووناکی! ڕۆژئاوادا!

بەڕاستی میتافیزیقی [1] لەلای ئەوان لە ڕاستی لای دابوو لای دابوولە کارکردن لە واقعی زەویدا ، نەك لەبەر ئەوەی لە خودی خۆیدا شتێکی نادیارو

---

(1) میتافیزیقیا : واتە : زانستی پشت مادده (علم ماوراء المادة) یان زانستی پشت سروشت (علم ماوراء الطبیعة) یانی ئەو شتانەی بە پێنج هەستەکان هەستی پێناکرێ ، بەهەستی شەشەم (الحاسة السادسة)ش ناسراوە. وەرگێر ..

پەنهانە ، نادیاروپەنهان(غیبیات) شتێکی ڕاستە. بەڵکو لەبەر ئەوەی هزری کەنەسی لاهوتی بە بۆیەی خۆی بۆیەی کردبوو گەندەڵی کرد هەروەکو ،کە هەموو دینیشی گەندەڵ کرد, بەڵکو ڕووناك کردنەوەی ڕاستو دورست داوادەکات لەسەر ڕۆشنایی باوەڕ بە جیهانی پەنهانو جیهانی هستەوەر(عالم الغیب والشهادة) بێنی، کە لێرە زانیاری تەواو کامل دەبێت و(مرۆڤ) هاوسەنگ دەبێت ، بەڵام ئەو ڕووناك کردنەوەی جیهانی هەستەوەر لە جیاتی جیهانی پەنهان دادەنێ و عەقلیش لە جیاتی دین دادەنێو کردەوە بۆ دونیا لە جیاتی کردەوە بۆ ئاخیرەت دادەنێ .. ئەوا زۆر جیاوازی نیە لەگەڵ تاریکایی یەکەم ! بەڕاستی تاوانی تاریکایی یەکەم ئەوە بوو، کە نیوەی مرۆڤی لە جیاتی نیوەکەی تری وەرگرتبوو! جیهانی پەنهانیشی لەجیاتی جیهانی هەستەوەر دانابوو دینیشی لە جیاتی عەقل دانابوو ، کردەوەشی بۆ ئاخـیرەت کردبووە بەدیل بۆ کردەوەی دونیا ، تاریکایەکەی تریش هات ،کە ناوی ڕووناك کردنەوەبوو ئەو نیوەی پێشتر فەرامۆش کرابوو دەری خستو ئەو نیوەی پێشتر بەدیار خرابوو فەرامۆشی کرد ،کە هەمان تاوانی ئەنجامدا، کە پێشتر ناحەزەکەی پێ تۆمەتبار دەکرد ، جالە هەردوو حالەتدا ستەمەکە لە قەوارەی مرۆڤ کرا .

بەڕاستی ژیان لە وڵاتانی جیهانی ئیسلامی وەستابوو بەرەو تێکچوون دەرۆیی ، بەهۆی ئەونەخۆشیو لاڕێ بووانەی عەقیدەی داپۆشیبوو, هەروا ئەوگۆڕانکاریەی بەسەر ڕەوشتو هەڵسوکەوت داهات ئەمەش بە ڕاکردنی بەردەوام لە دا خوازیەکانی لاإله إلاالله.

کاروبارەکە پێویستی بە یەکێك هەبوو زیندوویەتیو چالاکی بگەڕێنیتەوە بۆ ئوممەت بۆ ئەوەی لەو سەرەخەوەی بە ئاگابێتەوەو سەر لە نوێ ڕاپەڕین (انطلاق) بکاتەوە ..

ئەو کاروبارە پێویستی بەو زانا خواناسو، نویٚ خوازەو موجاهیدە بوو ،کە شوێنەرای فیکری ئیرجائو فیکری سۆفی دەسرێتەوەو ڕاکردنو خۆدزینەوە لەئەرکەکانو تەمبەڵیو سستی لادەباتو, زیندوویەتیو بیٚ گەردیو ئیجابیات دەگەڕێنێتەوە بۆ عەقیدەی باوەڕبوون بە جیهانی پەنهانو لابردنی ئەو شتانەی پێیوە لکاوە لە پروپوچی و تەواکولی سەلبیو خۆهەڵواسین بەشتە لە ئاســـابەدەرەکان هەروەکو ،کە زیندوویەتی و بیٚ گەردی و ئیجابیات دەگەڕێنێتەوە بۆ هەڵسوکەوت کردنی لەگەڵ جیهانی هەســـتەوەر (عالم الشهادة)و لابردنی ئەو شتانەی پێیوە لکاوە لە تەمبەلیو خاویو دانیشتن لەمەڕ بەکارنەهێنانی هۆیەکانو، کە بەمە ڕاپەرینەکان بە هاوسەنگیو تەواوی بۆ ئوممەت دەگەڕێتەوە ،کە ، پێشتر شتی زۆرسەیرو سەمەرەی هێنا کایەوە لە بڵاو کردنەوەی عەقیدەی یەکتاپەرستی لە هەموو کونو کەلەبەرەکانی زەویو دامەزراندنی بزاڤێکی زانستی بلیمەتو ، بزاڤێکی شارستانی کەم وێنە لە مێژوو ..

بەڵام ئوممەت لەناو سەرگەردانی بۆلای نمونە شپرێوەکەی ڕۆژئاوا لاربۆوە ، بیٚ ئەوەی تێبگات ،کە چەند شپرزەییو پەشێوی تێدایەو لەهەمان کاتیشدا بیٚ ئەوەی تیٚ بگات ، کە ئەوەی ئەوروپای تووشی ئەم کەمو کوڕیە کرد دینە لاڕیٚ بووەکەیو کلێسە سەرکەشەکەی بوو ،کە بەدینەکەی مەغرور بووبوو ، کە قەت خاوەنی ئاینێکی ڕاست نەبووینە بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە لای بۆئەوەی ڕێرەوەکەی پیٚ ڕاست بکاتەوە کاتێك لە ڕێگا لاڕیٚ دەبیٚ ...

لەو بۆنەیەدا وتیان بەڕاستی شاڵاوی فەرەنسیەکان بۆ سەرمیسر کلیلی خێر بوو بۆیو,هەروا بۆ هەموو ئەو شوێنانەی لە دەورویشتی دا بوونو ، هەر ئەو ئەوانی وریا کردوەو ڕووناکی و جوولەی ناردە ناو ئەو تاریکایە ڕاوەستاوەی ،کە هەموو جیهانی ئیسلامی پێچابۆوە !

هەرچی ،كە شالاَوی فەرەنسیە میسری بەئاگا هێنایەوە لەخەوو بزواندنی ئەوا بێ گومان ڕاستە ..بەلاَم،كـــە ڕووناكی كردەوە ئەوا كارێكە بەلایەنی كەم ئەوەیە بلێین ،كە ئەم كارە پێویستی بە پێداچوونەوەیەكی باش هەیە !

ئەگەر مرۆڤێك لەسەر ڕێگایەك دانووستبێتو سەیارەیەك بێ لێی بداو هەندێك لەجومگەكانی لێك بترازێنێتو هەندێك ئێسكی تێك بشكێنیو ملی كووڕ بكاو ، نەتوانێ ملی بجولێنێ تەنها بۆ یەك ئاڕاستەی دیاریكراو نەبێ ئایا ئەو كاتە چی بلێین ؟!

هەرچی، كە سەیارەكە بەئاگای هێنایەوەو لەجێگای خۆی بزواندنی ئەوا شتێكی جەخت كراو ڕاستە !

هەرچی ،كە ڕووناكی كردەوەو ڕێی نیشانداو ڕێنمویی كرد بۆ ڕێگای ڕاست ئەوا كارێكە پێویستی بە بەلَگە هەیە !

خاچ پەرستان چاودێریەكی خەستیان لەبەر چاوان دانابوو لە دووخالْ لە جیهانی ئیسلامی: ئەستەنبۆلْ و قاهیرە : ئەستەنبۆل چەقی خیلافەت بوو، یانی چەقی هەردوو هێزی جەنگیو سیاسی بوو ، قاهیرەش چەقی تیشك دانەوەی روحو ڕۆشنبیری بوو بۆ جیهانی ئیسلامی ، كە هەلَقولاَو بوو لە ئەزهەرو ئەوەی لە نێوی دابوو لە زانستی دینیو گرنگدان بە زمانی عەرەبی ، كە زمانی قورئانە ، بایەخ پێدانی خاچ پەرستەكان بەو دوو چەقە ئامانج گر بوو بۆ ڕووخانی بنچینەكانی ئیسلام تیایاندا ، جا دوایی سانا دەبێت ڕووخانی بنچینەكانی ئیسلام لە هەموو شوێنەكانی تری ئیسلامی، دەربارەی میسریش ئەوا شالاَوی فەرەنسی

بەسەرۆکایەتی ناپلیۆن سەرەتای بزواندنی خاچ پەرستی بوو بۆ لەناو بردنی ئیسلام لە چەقی تیشك دانەوەی روحیو رۆشنبیری[1] .

لەنێو هۆکارەکانی شالاوەکەش پلە بە پلە هەولْدان بوو بۆ حەلال کردنیپاسای ناپلیۆن بۆ ئەوەی جێگای شەریعەتی ئیسلام بگرێتەوە ,کە لەوێنەیچەندفەرمانێك لە نهێنی سەربازی ناپلیۆن بونابرتەوە دەردەچوون لە چەند بلآوکراوەیەکی یەك لە دوای یـــەکیشدا بلآودەکرایەوە.

چەند هۆکارێکی تریش هەبوو هەروەکو ،کە جبرتی دەلێ ، کە مێژووەکی بەدوورو درێژی لەسەر ئەم شالآوە دانا(شالآوە داوێن پیسەکە) ئەو ئافرەتە نزمو سوکانەبوون ،کە بەرووتی لەسەر شەقامەکان دەرۆیشتنو ئابرِوچوو ڕوتو رەجالْ بوون بۆ تەفرەدانی ئافرەتە موسولْمانەکان[2] دەربارەی مەسەلەی ڕزگارکردنی ئافرەت.

هۆکارێکی تریش بەهەمان شێوە وروژاندنی نەعرەی فیرعەونی لە رێگای پشکێنی شوێنەواری فیرعەونەکان و دەرخستنیو پەخش کردنیو گرنگی پێدانیانن .

ئەم هۆکارە خەلْکی وامەزەندەیان کرد ،کە هیچ شتێکی تێدا نیەو تەنها مەسەلەیەکی زانستی ڕووتە !

---

(1) لە هەمان کاتدا یان کەمێك پێش ئەوە جوولەیەکی ئاراستەکراو بۆ دەولّەتی خیلافەت هەبوو ، بۆ گاور کردن و بەرۆژئاوا کردنی ، بگەرێوە بۆ کیتابەکانی مێژوو لەو بەشانەی باسی ماوەی حوکمی سولّتان مورادی سێهەمی کردووەو ئەو ئاراستەیەی هەیبوو بۆ نوێ کردنەوەی خیلافەت .

(2) سەیری بەرگی دووەم بکە لە کیتابی عجائب الآثار للجبرتي ، لاپەرەکانی (231 ، 244 ، 245 ، 251 ، 272 ، 273 ، 436 ، 437).

بەڵام ڕۆژهەڵات ناسێك بەڕاشكاوی لە كیتابی الشرق الادنی مجتمعه وثقافته[1] وتی : ئێمە چووینە ناو هەموو وڵاتێكی موسوڵمانانو زەوییەكەیمان هەڵكەند بۆ ئەوەی شارستانیەتی پێش ئیسلامی لێ دەربینین ، ئارەزوشمان لەوە نیە موسوڵمانان لە ئیسلام هەڵگەڕێنەوە بۆ عەقیدەی پێش ئیسلام ، بەڵكو كافیە بۆمان دوودڵ بێت لە خۆشەویستی نێوان ئیسلام و ئەو شارستانیانەتانە !

ئەی فیرعەونیەت چیە ؟

بێگومان فیرعەونیەت پێشكەوتنەكی زانستیوهونەریو تەكنەلۆژیایەكی دیار دەگرێتەوە ..بەڵام لەكۆتاییدا نرخی چیەو, وەسفیشی لەكیتابی خوا چیە؟

بێگومان فیرعەونیەت یەكێكە لە نەفامیەكانی مێژووی بت پەرستی لە ڕێگادەرچوو ، دوور لە ڕێنمایی خوداو شایەن بۆ غەزەبی خوا .

﴿ أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِعَادٍ ﴿٦﴾ إِرَمَ ذَاتِ الْعِمَادِ ﴿٧﴾ الَّتِي لَمْ يُخْلَقْ مِثْلُهَا فِي الْبِلَادِ ﴿٨﴾ وَثَمُودَ الَّذِينَ جَابُوا الصَّخْرَ بِالْوَادِ ﴿٩﴾ وَفِرْعَوْنَ ذِي الْأَوْتَادِ ﴿١٠﴾ الَّذِينَ طَغَوْا فِي الْبِلَادِ ﴿١١﴾ فَأَكْثَرُوا فِيهَا الْفَسَادَ ﴿١٢﴾ فَصَبَّ عَلَيْهِمْ رَبُّكَ سَوْطَ عَذَابٍ ﴿١٣﴾ ﴾ الفجر: ٦ - ١٣ خۆ دیتت پەروەرندەت چی كرد بەرامبەر هۆزی عاد ، بەرەی ئیرەم خێوی خانووی ئەستونداری (تەرزو گوشاد) ئەو مالانەی وێنەیان لە شارانیشدا چێ نەكرابوو ، فیرعەونیش خێوە كۆشكەكانی گەورەو بلند ، ئەو كەسانە پەروەرندەی تۆ وەبەر قەمچی ئازاری دان.

ئەمە پەرستنی فیرعەونەو ، پەرستنی بتەكانە لەباتی خوا..

(1) سەیری كیتابی (Near East : Culjure and Society) بكە : جمع واشراف كویلز الترجمه العربیه من منشورات الالف كتاب بالقاهیره .

بەراستی نەفامیە، خوای گەورە لە خەڵکی میسر خۆش بوو کاتێك یەکەم جار بوون بە نەسرانی ، پاشان بە لێخۆشبوونەکی گەورەتر میهرەبانی کردن کاتێك ئیسلامیان بۆ هاتوو چوونە ناو ئیسلام .

جابۆ جارێکی ترسەر لە نوێ دەوروژێندرێتەوە ، تەنها مەگەر قسەی ئەو رۆژهەڵاتناسە نەبێت ، بۆ دوودڵی خستنە ناوخۆشەویستیو دۆستایەتیان لە نێوان ئیسلام و ئەو شارستانیەتەی پێش ئیسلام ، بۆ ئەوەی لەکۆتاییدا خلیسکاندنیان سانا بێتو دوور بکەونەوە لە ئیسلام .

بەڕاستی شالاَوی فەرەنسی بۆ سەر میسر سەری کرداری بەرۆژئاوابوون بوو یان کرداری کاول کردنی بەئەنقەست بوو بۆ دوورکەوتنەوەی میسر لە ئیسلامو بەهەمان شێوە عروبەش ، ئەی کوا جێگای ئەو خێرو بێرانەی کە بەدرۆ وتیان رژایە سەر میسر بە هۆی شالاَوی فەرەنسیەوە؟!

لەخەو بەئاگاهاتنەوە؟

بەڵام پاش ئەوەی ئوممەت جومگەکانی تێك شکاو لەسەرەخۆش دوور خرایەوە لە کەلەپوورو دین و ڕەوشت و نەریتەکانیو گەردەنی بۆلای رۆژئاوا سوڕاند بۆ ئەوەی غەزوی فیکری بە قولی بچێتە تەنیشتەکانیو روو بچێ لە بەدواکەوتنی بۆ رۆژئاوا بێ ئەوەی ئەندازەکەی کەس بیزانێ..

هەرچی بە ئاگاهاتنەوەی ڕاست و دروستە ئەوا نزیك بوو بەبێ دەست تێوەردانی شالاَوی خاچ پەرستی بێتەکایەوە ، بەراستی بزاڤی شێخ محمد کوری عبدالوهاب مژدە دەرێکی ڕاستی بوو بۆ بە ئاگاهاتنەوەی ئوممەت لە خەوەکەی و گەڕانەوەی بۆ سەر ڕێگا بەڵام,کە سەیارەکە لە نوستوەکەی داو بە ئاگای هێنایەوە .. ئەوا بەلێ .. بەڵام لەرێگا دووری فرێدا.

کاتێك نەخۆشیە درمەکە لەلایً بووەکانی رۆژئاوا دەپەریەوە بۆ ئەو ئوممەتەی دیژەنی لەسەرگەردانی ئەوا بەهاکان لە ژیانیدا گۆڕان ، ئەو بەهایانە نەمان ,کە خوا بڕیاری لەسەر دابوون ، کە– هەندێك کەس پابەند دەبوون پێیو ، هەندێك کەسیش لێی هەڵدەهاتن– بەڵکو ئەو بەهایانە لە جیاتیان دانران کە مرۆڤ داینا بوون

ئەگەر خوا نرخی گەورەی کردبێتە تەقوا ، ﴿إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ ٱللَّهِ أَتْقَىٰكُمْ ﴿١٣﴾﴾ الحجرات: ١٣ بەرێزترینتان، پارێزگارترەکانتانن. بەمانا گشت گیرەکەی بۆ تەقوا ،کە چاکەکانی هەموو مرۆڤ دەگرێتە خۆیو مۆرڤ بەرز دەکاتەوە لە هزرو هەستەکانو هەڵس کەوتی هەتا بەزترین شت ،کە بتوانی بیگاتیً ، ئەو مرۆڤەی خۆی کردۆتە خوا لە جیاتی الله دەڵیً : نرخی هەرە گەورە هێزەو ،ئەویش کارکردنە بۆ جێگیربوونی لە ژیانی دونیا بەبیً ڕەچاوکردنی ئاخیرەت ، ئەویش لەزەت وەرگرتنە لەشتەخۆشەکانی دونیا بەبیً رێبیرو ڕەوشت .. بەڕاستی خەڵکی ژیان و ئەندازەی ئەو کەم وکوڕیەیان بینی ،کە لە ژیانی مرۆڤایەتی ڕوویاندا لە ئەنجامی فریً دانی ئەو بەهایانەی خودا بڕیاری لەسەر دابونو لەگەلً شوێن کەوتنی ئەو بەهایانەی مرۆڤ بریارِی لەسەر دابوون .

بەڵام ئوممەت ـ لەناو سەرگەردانی ـ نەیتوانی مەدای ئەو کەم و کوڕیە تیً بگات ،کە لەناو رێبازەکەدا هەبوو، ئەوەی دەکریً لەسەری دروست ببیً لە شوێنەواری ترسناك لە ژیانی خەڵکیدا ، ئەوە چ جای ئەوەی ،کە لەناو خەجالەتیەکەی دابوو غەزوی فیکریو سیاسیو سەربازیوئابوری خەجالەتیەکەی بۆ چەند جارە کردەوە ، کە لە دەروونی خۆیدا هێزو تواناو عەزیمەتی نەدیتەوە ، کە رۆژئاوا بەو شتانەوە ئەو پێش کەوتنە ماددیەی وەدەست خست ، بەڵکو بە

تەنها ڕەوشتی خراپی وەرگرتو نەی توانی لە گۆرەپانی ماددیدا بە رۆژئاوا بگات ، کە پێکەوە تەقواو هێزو توانای لە دەست داو بوو بە شێوەیەکی گۆڕاوو نەیتوانی هیچ شتێك بکات!

بەهەمان شێوە پێوانەکانیش گۆرانو تێك چوون ،کاتێك سەرچاوەکەی بووە ئارەزووبازی مرۆڤ لە جیاتی سروشی خوایی، هەندێك کەس هەستانو وتیان پاکی پێوانە نیە بۆ باشی ! تێکەڵاوبوونو گرتنی دۆستو ، بەستنی ئەو پەیوەندیانەی دین پێی پەسندنیە پێوانە نیە بۆنەنگیو سوکی! هەروەها ئافرەت ئەوەی دەیەوێ رووتی بکاتەوە لە لەشی پێوانەی تێکدانی ڕەوشت نیە، یان قسەگوتن بەخوای پاکو بەرز، یان بەپێغەمبەرەکەی – صلی اللهعلیه وسلم– یان بە کیتابی خوا، یان بەسوننەتی پاکی پێغەمبەر – صلی اللهعلیه وسلم– لەو رێزو پایەی موسوڵمانان لەسەری ڕاهاتووون ، ئەواپێوانە نیە بۆ کوفر یان کزی باوەڕ! پێوانەکان هەموویان ڕێژەیین، پێونەی نەگۆڕو ڕەها هیچ بوونی نیە..ئەوشتەی رۆژێك لەرۆژان تەمەشا دەکرا بەوەی (فضیلة) یە ئەمڕۆ بۆی هەیە(رذیلة) بێت ئەوەی تەمەشا دەکرا،کە واجبە ئەمڕۆ بەچاوێکی زۆر دوور لەواجب تەماشا دەکرێ! ئەوەی تەماشا دەکرا بەوەی ،کە هەڵەیە ئەمڕۆ بۆی هەیە ڕاستیەکی تەواو بێت..!

کاتێك ئومەت لە ناوسەرگەردانی دابوونەخۆشی گۆڕانیش هاتە ناویەوە، کە ئەو گۆڕانە فکرەی نەگۆر لەهەموو شتێکدا ڕەت دەکاتەوە.. هەتا لەدین..لە بەهاکان..لەڕەوشت!

ئایاشارەزای داروین نەبوویت .. یان هیچت لەبارەی ئەو نەخوێندۆتەوە؟

داروین دەڵێ : هەموو زیندەورێك گۆڕانی بەسەرداهاتووە،گۆڕانیش دەستوری ژیانە.مرۆڤ لەسەرەتادا لەسەرئەو وێنەیەی، کە ئێستا هەیەتی دروست

نەکراوە، بەڵکومەیونێك بووەو پاشان گۆڕانکاری بەسەر داهاتووە،کە موو هەموو لەشی داپۆشی بوو لەسەرچوار پـێان دەرۆیی..پاشان موەکان لەماوەی چەند ملیۆن ساڵدا هەڵوەرانو ئەنجا هەستاوە سەردوو پێیان،کاتێکیش سەری جێگیر بوو لەسەر لەشی نەك وەکو ئاژەڵەکانی تر هەڵواسراو بێت لەهەوا ئەوە رێگاخۆش بوو بۆمێشکی بۆئەوەی گەورەبێتو ،پاشان زیرەکی زیادی کردو زانیاری فێربوو قسەی کرد!!

چەند ڕۆژنامەیەك تەرخان کرا بۆ بڵاوکردنەوەی هزری داروینیو ،فکرەی دروستکردنی(ذاتی)ش بڵاوکرایەوە ،کە هیچ کاروفرمانی خواپەیوەندی پێوەنیەو ،سروشتیش بەخۆی هەموو شتێك دروست دەکاتو تواناشی لەسەر دروست کراوەکان بیٚ سنوورەو! لەهەمان کاتیشدا هیچ مەبەستێکی دیاری کراویش نیە لەپشت دروست کراوەکان!!

بەڵام ئومەت– لەناو سەرگەردانی– تێنەگەیشت کە بیردۆزی داروین ئەگەرێکی زانستی بوو زانستی دەوڵەمەندنەکرد،ئەگەرچی ناوی بیردۆزیشیان بەسەردا دابوو..هەتائەگەر بیردۆزیش بووبێت ئەوا لەوکات تاوەکو ئێستاش لە قەیدی سەلماندن دایەو بە هیچ شێوەیکیش نەگەیشتۆتە چەند ڕاستیەکی نەبڕاوە.مەسەلەی دروست کردنی(ذاتي)ش مەسەلەیەکە بە هیچ شێوەیەك بەڵگەی لەسەر نیە، نە لەلای داروین نە لەلای ئەوکەسانەی پڕوپاگەندەیان کرد.ڕێبیری ڕق بەرایەتیش،کە زاناکان لەڕاست کلێسە لە ئەوروپا گرتیانە بەر لەوکاتەی زاناکانیان بە زیندویی سوتاند چونکەگوتبویان زەوی وەك خڕی تۆپ وایە ،ئەوشتانە بوون وایان لە داروین کرد بیردۆزەکەی خۆی یان باشتر وایە بڵێن – ئەگەرە زانستیەکانی– بەبەرگێکی بیٚ باوەڕی دابپۆشیٚ ،کە شوێنەواری هێزو توانای خوا لە کرداری دروست کردندا ڕەت دەکاتەوە, ئەوکەسەی دروست کردن دەداتە

دەداتە پاڵ نادیارێکی پڕوپووچ،کە ناوی سروشتەلەگەڵ ئەوەی,کە ئەو بەرگە لە پێداویستەکانی بیردۆزەکەی نەبوو – ئەگەر وامان دانا ڕاست بێت !– ئەوا ئەگەر بێتو ئەو ڕق بەرایەتیە لەگەڵ کلێسە دروست نەبوابە ئەوا بەڕاستی داروین شایەن بوو بەوەی دروست کردن و گۆڕان بداتە پاڵ خوا، چونکە نامەیەکی بۆیەکێك لە هاوەڵەکانی نووسی،کە لەودوایە بڵاوکرایەوە ,کە تیایدا وتبوی: نازانم بۆچی تومەتبارم دەکەن بەبێ باوەڕی لەگەڵ ئەوەی من باوەڕم بە خوا هەیە ! !

بەهەمان شێوە ئوممەت نەیزانی ،کە شەیتانەکانی سەرزەوی بیردۆزەکەیان– یان ئەگەرە زانستیەکانیان– بەڕووبەرێکی بەرفراوان لە هەموو زەوی دا بڵاوکردەوە، بۆ ئامانجێکی دیارو ئاشکرا ، کەلە برۆتۆکۆڵەکانیان بەڕاشکاوی وتیان بەڕاستی سەرکەوتنی داروین‌و نیتشەمان تاوتوێ کردو لەلاشمان کاریگەری هزرەکانی لە سەر بیروباوەڕی ئومەمیەکان زۆر ڕوون وئاشکرایە [1].کاتێك سیفەتی دروستکردن بۆخوا لادەبرێو ، کاتێك مرۆۋ لەبنچینەیەکی ئاژەڵدا پێشکەوتوەو ، کاتێك لە دروستکردنی مرۆڤدا هیچ ئامانجیك نیە ،ئەی کوا بواری دین؟ کوا بواری بەها؟ کوابواری ڕەوشت؟ ..، کەئەمانە هەمووی دامەزراون لەسەر بنچینەی ئەوەی ،کەمرۆڤ بونەوەرێکەو جیایە لە جیهانی ئاژەڵدا ،گەورەترین شتیش ، کە لەو جیای دەکاتەوە هۆشیاریو مەبەستو سەربەستیە ،دووڕێگاشی لە بەردەمە نەك وەك ئاژەل ٚ یەك رێگا ، تواناشی هەیە هەردوو رێگاکە لە یەکتر جیابکاتەوەو تواناشی هەیە یەکیان هەڵبژێرێت :﴿ونفس وماسواها فالهمها فجورەها وتقواها ،قد أفلح من زكاها ، وقد خاب من دساها : بەگیانی مرۆ سوێندەکەو بەوەش رێکی خستوە ، ئەوسا هەموو

(1) برۆتۆکۆلی ژمارە(1) سەیری تەرجەمە عەرەبیەکەی بکە هی محمد خلیفەالتونسیەلا113

تاوان بارێك پارێزگاری دەویژدانی گەیاندووە . دیارە هەرکێ گیانی خاوێن ڕاگرتوە ، رزگاربووە هەرکەسێکیش دەگوناهیەوە پێچاوە ، دۆراندویە ﴾ سورەتی شمس: 7–10.

بەهەمان شێوە نەخۆشی گەماڕۆدانی زانیاری لەسنوری هەست پێکراودا هاتە ناو ئەو ئوممەتە ، یان ئەومعقولەی ،کە هەست پێکراوی ئەزمونی گەواهی بۆدەدات ، یانی عەقلانیتی ئەزموونی ، کەجیهانی نادیار ڕەتدەکاتەوەو، لەجیهانی هەست پێکراویشدا فەرامۆشی ئەشتانە دەکات ، کە لە بازنەی ئەزموونی هەستپێکراودا دەردەچێ..جا هەندێك هەڵسان ڕاڤەی جنۆکەو فریشتەیان کرد بەوەی,کە لە لای مرۆڤ ڕەنگدانەوەی گیانی خێرو گیانی شەڕەو هیچ ، بوونێکی ڕاستی نیە ، هەروا ڕاڤەی موعجیزەی شەق بوونی دەریایان کرد بەگۆچانی موسا بەوەی، کە لەکاریگەری داشکان بەرزبونەوەیەو ڕاڤەی باڵندەی ئەبابیلیش بەوە کرد ،کە میکرۆبی خوریکەیە .. جگە لەوەش هەنێك هەڵسان بە ڕەتکردنەوەی قیامەت و زیندوو بوونەوەو حیساب و پاداشت ، یەکێکی تریش هەڵسا سروش و پەیامی ڕەتکردەوە ، هەندێکی تریش وتیان : ,کە قورئان باسی ابراهیم واسماعیلمان بۆ دەکات ، تەوراتو ئینجیلیش بەهەمان شێوە باسمان بۆدەکەن ، بەڵام چ قورئان چ تەوراتو ئینجیلێ بوونی مێژوویی بۆهەردوکیان ناسەلمێنن! !

* * *

لەناو سەرگەردانیدا خۆمان نەناس کرد لە مێژوو سەروەریمان – لەباشترین بارودۆخ – تەماشامان کرد ،کە چەند ڕووداوێك بووینەو بەسەرچونەو ناگەڕێنەوە ..لە هەندیك باریشدا چەند ڕووداوێکن لە پەراوێزدانو لە هیلی ڕەورەوەی مێژوودا هیچ نرخو بە هایەکی نیە ..لەهەندێك باریش چەند ڕوداوێکی ڕیسوا بووە ،

رۆشنبیری هەق‌و.. رزگار بووی هەق‌و .. سەردەمیانەی هەق لە پێوەستبوون پێیانەوە خۆیان لێدەکشاندەوە . .لەهەموو بارودۆخەکانیش چەندروداوێکی سادەبوینەو توێشووی زیندوو هەڵقوڵاوی تێدانەبووە ، هەروەکو ، کە لەڕووداوەکان و مێژووی رۆژئاوادا هەبووە ! !

بێگومان ئەوکات هەررۆژئاوا لە پەڕی ڕووداوەکاندا دیاربووەو ، هەر ئەویش بەهێزو بەدەرامەت و کارتێکەرێکی کاریگەر بووە، ئوممەتی ئیسلامیش کاتێك لە بێهێزی و ڕیسوابوون‌و داکشانیدابوو لە کاروبارەکانیشی پەراوێزبوو بوو لە واقیعی گێژەلووکی زیندووشدا دەست بەسەر کرابوو ، وتەی ئەم شاعیرەی لەسەرجێ بەجی ٚدەبوو:

ویقضی الامر حین تغیب تیم............. ولا یستاذنون وهم شهود !

بەڵێ! بەڵام ئەمە پەیوەندی بە مێژووی ڕابردوو سەروەریەکانیدا چیە ؟ ! ئایا ڕاستیەکانی مێژووی ڕابردوو ، کە جێگیرو قایمن دەگۆڕێن بە کاریگەری ئیستای دژوارو خراب ؟ ! ئایا سەروەریەکانی ئوممەتێك دەسرێتەوە بەهۆی گۆڕانی نەوەیەك لە نەوەکان؟ !

لەڕاستیدا,کە پیا هەڵگوتن بە سەروەریەکانی مێژوو لەبەرخاتری قەرەبوونەوەی دەروون لەو واقیعە بەرتەنگ کراوە دیاردەیەکی خۆشحالیە ، ئەوا زۆر جیاوازی نیە لەگەڵ ئەوەی مادده سرکەرەکان نۆش دەکات بۆ ئەوەی ڕابکات لەدەست ئەو واقیعە دژوارەی ، کە دەستەوسانە لە گۆڕینی ، بۆیە لێی رادەکات بۆناو قوڵایی ئەندێشە ..

بەڵام کارەکە بۆی هەیە دیاردەیەکەی دروست بێت ئەگەر بەئاڕاستەیەکی تردا بڕوات .. بەوەی ، کە سەروەریەکانی ڕابردوو چەند ڕاستەیەکی گەواهی بۆدراوەو چوونە ناو ئەندێشە نیە ، ئەگەر – پەروەردەیەیانە – بەکارت هێنرا بۆ

هاندانی ئەو تەقەلاّیە تەمبەڵەو ، زیندووکردنەوەی ئەوشکۆیە بابردوانە ، ئەوە پشتیوانەکی زیندوەو بەکەڵکی ئەوە دێت چارەسەری ئەو نائومێدیەی پیّ بکریت ، کە تووشی موسوڵمانان بوو لەئاکامی دۆرانی سەربازی و دۆڕانی دەروونی .
بەلاّم بانگ خوازی داگیرکاری فیکری لە بۆسەدا دانیشتن بۆهەر هەوڵدانیکی لەوجۆرە هەروەکو بڵێی دەترسان لەوەی ئەو هەوڵو تەقەلاّیانە سەربگرێتو ، موسوڵمانان بگەڕێنەوە بۆخودی خۆیان ، کە لەسەرەتای سەرسامبووندا بەجیان هێشتبوو سەر لەنویّ دەست بکەنەوە کاروانێکی نویّ لەسەر ڕێنمایی ئەو ڕابردووە شکۆدارەی ، کە چەند سەدەیەك لەنێویدا ژیان..سەیریش لەکاروبارەکەدا ئەوەیە ، کە ئەوهەڵوێستەی بەم دوایەیان لە خودی خۆیانەوە نەیان نواند! بەڵکو نوسینی ڕۆژهەلاّت ناسەکان یەکەم ئاوازی دەرکردوو، بەپەڵەش داگیرکاری فکری قۆستیانەوەو ، دووبارەیان دەکردەوەو بەبیّ ئەوە لێی تێبگەن – یان هەندێك لێی تیدەگەیشتن! – بۆئەوەی هەموو هەوڵدانێك لەکاربخەن ، کەبیەوێت ئوممەت بگەڕێنێتەوە بۆسەروەریەکانی ڕابردووی!
لەباتی ئەمەش ئاڕاستەکردن بوو بەرەو سەوەریەکانی ئەوروپا !
تەماشای پێشکەوتنی زانستی بکەن ! تەماشای پێشکەوتنی شارستانی بکەن ! تەماشای بەرزبوونەوەی هزری بکەن ! تەماشای دیمۆکراسیەت بکەن ! تەماشای مافە سیاسیەکان بکەن ! تەماشی ئەو ڕێزو پایە بکەن ، کە مرۆڤ چێژی لێوەردەگرێت!

سەبارەت بە پێشکەوتنی زانستیو ، تەکنەلۆژیو، ماددیو ، ئەرێزو پایەی مرۆوڤ لە کۆمەڵگا ئەوروپیەکان چێژی لێوەردەگرێت ئەوە ئەمانە هەمووی ڕاست بوون .. هەرچی نرخو بەهای کۆتاییش بوو بۆ ئەم شارستانیەتە ئەوە کارێك بوو زۆر زۆر جیاوازی هەبوو!

بەڵام ئومەت – لەناو سەرگەردانیدا – نەیتوانی هەموو سەلبیاتەکان لەناو شارستانیەتی رۆژئاوا ببینێ .چونکە چاوی شەکەتو ماندوو تەنها تیشکەکان دەبینێتو ، ناتوانێت ڕەشاتیەکە ببینێت ،کە ڕووناکیە درەوشاوەکە ڕێی لێ گرتوەو! بانگ خوازی داگیرکاری فکریش ئەوچاوانەیان بەردەوام ئاڕاستەی تیشکەکان دەکردو ، زۆریش لێیان دەخوڕیەوە ئەگەر بیویستبایە بگەڕێت لە نێوان تیشکەکان بۆ ئەوەی لەکە ڕەشەکان ببینێت!.

بەڕاستی ئەو ڕەشاتیە زەبەلاحەی سێبەری بەسەر جیهانی ئیسلامیدا کێشابوو –،کە پێویست بوو موسوڵمانان یەکەم کەس بن هەست بە پەستانەکەی بکەن – ئەوە داگیرکاربوو، ئەوشتەش ,کە داگیرکار ئەنجامی دەدا بەرامبەر بەموسوڵمانان لە ئابڕووبردن و سوک کردنیان.

بەڕاستی داگیرکار درۆیەکی فیعلی بوو بۆ هەموو ئەو پڕووپاگەندانەی رۆژئاوا دەیان کرد لەبەرزبونەوەی بەهایو شارستانیەتی مرۆڤایەتیو باوەڕبوون بەو دروشمانەی بەرزی کردبۆوە ..واقیعە ڕەشەکەش شایەن بوو ئەوەی موسوڵمانان لە سەرەتای سەرسامبونیان بەئاگابێنیتەوە بۆدەرکەوتنی ڕاستی ئەو شارستانیەتە ساختەیەی،کە ڕووچووبوو لەخۆپەرستیو ،لەویژدانی مرۆڤایەتیش کەوتبووە ژێرەوەی ژێرەوە، هەروا بۆئەوەی بگەڕێنەوە سەروەریەکانی مێژوویان ،کە بەجێیان هێشتبوو، ئەمەش بۆ ئەوەی جیاوازی بکەن لەنێوان بزاڤی فەتحی ئیسلامیو داگیرکاری خاچ پەرستی(کە بۆیە خاچ پەرستیەکەی شاردوەو ئاشکرای نەکرد هەروەکو پێشتر ئامەژەمان پێکرد) هەروا بۆئەوەی لەوجیاوازیەش تێبگەن ،کە لەنێوان ئوممەتی خواناسو ، ڕێبازی خواییو ، ڕەوشتی خوایو لەنێوان شەیتانەکاندا هەبوو ، ئەگەر چی با پێستیان سپی بێو

جلوبەرگیان خاوێن بێتو،بێژەکانیان ڕەوانو شیرین بێتو زانستەکانیان بەرزبێت!

ئەگەرداگیرکار بەهەموو تاریکاییو ستەمەکانی ئوممەتی ماندوو شەکەتی لەغەفلەتەکەی بەئاگا نەهێنایەوەو دەری نەهێنا لەنێوسەرگەردانیو،خراپەکانی ئەوشارستانیە ساختەیەی بۆ ئاشکرانەکرد, ئەوە– بەپلەی یەکەمیش– ئوممەت لەوە نەدەگەیشت ،کە ڕەوشتەکانی ڕۆژئاوا ئەو ڕەوشتانە نین هەڵقوڵاو بن لەباوەڕی ڕاستی بەو بەها بەرزانەی کەوا زۆرجار لەئەدەبیاتیان باسی لێوە دەکەن ، بەڵکو چەند ڕەوشتێکی سوود دار بوونو موممارەسە دەکرا بە ئەندازەی ئەوەی سوودی بۆخاوەنەکانیان دەهێنا، بەڵام کاتێك لەگەڵ بەرژەوەندی تێك گیرابان ئەوە دەتوایەوە..بەرژەوەندیش بەسترایتەوە بە سوودو نەبەسترایتەوە بە چاکسازی مرۆڤایەتی ، یان چاکسازی مرۆڤ!

لەناو سەرگەردانیدا سەرکردەکانی ئەوروپامان گرتەخۆ وەکو ئەوەی سەرکردەی خۆمانبنو !هۆشمەندەکانی ئەوروپاش وەکو ئەوەی هۆشمەندی خۆمانبنو ! ویژەوانیشیان وەکو ئەوەی وێژەوانی خۆمانبنو ، ناوەکانیانمان کردە ویردی سەرزوبانو، وشەکانیانمان دووبارە دەکردەوەو دروشمەکانیشمان کردە دروشمی خۆمان و مێژووەکەیمان ئەزبەر کرد ، لەهەمان کاتدا بێ ئاگابووین لەناو هێنانی سەرکردەو هۆشمەندو وێژەوانانمانو، هیچ شتێکمان نەدەزانی لەبارەی ئەوان ، هەتا هەواڵەکانی پێغەمبەریش– رەزاو رەحمەتی خوایان لێبێت– هەتا ڕووداوە گەورەکانیش ، کە بەسەر نەوەی یەکەمدا هاتو، مێژووی ئەو ئوممەتەی بە چەند پیتێکی ڕووناکی درەوشاوەی پێ نوسرایەوە!

لەناو سەرگەردانیدا بزاڤە زانستیە مێژوویەکەمان لەبیر کردو ، تێنەگەیشتین ، کە هەر موسوڵمانان ڕێبازی ئەزمونیان دامەزراند لە لێکۆڵینەوەی

زانستیداو ، هەر ئەوان بوون خراتی زەوییان دۆزیەوەو ڕەهەندەکانیان پێواو، هەر ئەوان بوون سووڕی خوێنیان دۆزیەوەو،هەر ئەوان وێنەی نەخشەکانی یەکەمیان کێشا بۆ جیهانو ، هەر ئەوان بوون شوێنی ئەستێرەکانیان دیاری کردو ، هەرئەوانو..هەرئەوانو ..هەرئەوان..واهاتە ئەندێشەمان ،کە زانست هەمووی لە ئەوروپا دەستی پێکردەو هەر لەبلیمەتی ڕۆژئاوا سەری هەڵداوەو ، لەهیچ شوێنێکیش بلیمەتی نیە تەنها لە ڕۆژئاوا نەبێت !

هەروەها نیشانەی شارستانیەتەکەمان لەبیر کرد,کە شارستانیەتێك بوو هەڵسوکەوتی لەگەڵ هەموو مرۆڤدا کرد : لەلەشو هۆشو گیانیو, بەگشت گیریو پێکەوە بەستانو هاوسەنگی ، شارستانیەتی مرۆڤایەتی ڕاستی ، کە دڵی کردەوە بۆهەموو مرۆڤایەتی بەبێ جیاوازی کردن لە ڕەگەزو ڕەنگو زمان هەتابیرو باوەڕیش..بەڵام شارستانیەتی ڕۆژئاوا بەلوت بەرزیەکی قێزەونو پیس تەنها شارستانیەتە بۆ پیاوی سپی ، کە قەت ناگەرێتەوە بۆ چەمكو وتەی خوایی (یا أیها الناس إنا خلقناکم من ذکر وأنثى وجعلناکم شعوبا وقبائل لتعارفوا إن أکرمکم عند الله أتقاکم) ئەی خەڵکینە ! هەرلە نێرو مێیەکەوە ئێوەمان وەدی هێناوەو کردومانن بە چەند گەلێكو چەند هۆزێك هەتا یەکتری بناسن بەرێزترینتان لای خودا پارێزگارترەکانتانن ﴾ سورەتی حجرات: 13

(کلکم من آدم ، وآدم من تراب [1] : هەموتان لە ئادەمن ئادەمیش لە خۆڵە)

لەناو سەرگەردانیدا کیتابی خوا بووە کەلەپور..

کەلەپورێکە لەبابو باپیرانمان بۆمان ماوەتەوە ، ئەوان – پاپەندبوون پێی– . بەڵام لەسەر ئێمە هیچ فشارێکی نیە ! ئێمە ئوممەتێکی ترینو! قسە

---

(1)اخرجە مسلم و ابو داود

لەگەڵ ئێمەداناکاتو ، داواناکات بەجێبەجێکردنی ئەوشتانەی لە ناوەرۆکی دایە .ئەوەی پەیوەندی هەیە بە ئێمەوە– ئەگەر پەیوەندی هەبێ– دڵمان بە خوێندنەوەی خۆشبێتو ، گوێچکەکانمان بە زەنگوڵەکەی بهەژێ، بەڵام شوێنی تێڕامانو بیرکردنەوە نیەو ، هی وەی نیە لە کاروبارەکانی ژیانی رۆژانەدا سود ببەخشێت ، نە لە ژیانی فیکری, نە لەژیانی کۆمەڵایەتی, نە لەژیانی ئابووری, نەلەژیانی سیاسی .. ئەمانە هەمووی سەرچاوەیەکی تری هەیە .. ئەوەتانێ .. لەلای ئەوگەلەی بە عەرەبی قسە ناکەنو .. باوەڕیان بە قورئان نیە !

جیهانی وێژەش لە سەرگەردانی قوتاری نەبوو..

ئەدی وێژە هەر ئەوەنیە ,کە گوزارشت لە شتە شاراوەکانی دەروونو خولیاکانی هۆشو ئەزموونی مرۆڤدا دەکات؟ کاتێك ئەمانە هەمووی دەچێتە ناو سەرگەردانی ، بەوێنەیەکی وێژەییی یان هونەری دەربڕین بۆی چۆن دەبێت ..مەگەر بە وێژەی سەرگەردانیو هونەری فەوتان بێت؟!

لەسەرەتای سەرگەردانیدا ئێمە هەموو وێژەی عەرەبیمان هەڵگرتو لەسەر تەرازووی رۆژئاوامان دانا ، جا بە داخەوە بۆمان دەرکەوت ،کە هیچ وێژەیەکمان نیە !

هەستمان کرد هەمووی – یان زۆربەی – دەچێتە ژێر دێڕیك لە دێڕەکانی هۆنراەی یۆنانی ، ئەو هۆنراوانەی ، کە بنچینەی بنچینەکانن لە هونەری قسەو هونەری هزرو هونەری ژیان ., ئەو بەندەش هۆنراوەی گۆرانی (الشعر الغنائی) بوون lyrical poetry ئەو هۆنراوانەی شوانەکان لەکاتی مەڕ لەوەڕاندنیان بە گۆرانیەکەی دڵی خۆیان خۆشدەکردو ئارەزووخەم وخەفەتو یادەوەریو دڵتەنگی خۆیانیان تێکەڵ دەکرد.. بەڵام ئێمە هیچ داستانێکمان نیەو، شانۆگەری

هۆنراوەیشمان نیە ..لە لامان نیەو .. لە لامان نیە .. دەردو بەڵا هەرە گەورەکەش ئەوەیە ، کە ناسۆرو نارحەتی لەوێژەکەمان نیە !

بەڵام ناسۆرو نارحەتی یۆنانی وێژەی دینو دونیایە. پوختەی ئەزموونی مرۆڤایەتی قوڵەو بەرەو قوڵایی دەروات .. قوڵایی دەروونی مرڤایەتی ، قوڵایی ئەوسوننەتانەی حوکمی ژیانی مرۆڤ لە سەرزەوی دا دەکات .. وێژەی ئێمەش, کە بەتاڵە لەم شتانە شتێکی چەند نەنگەو نەنگی لەپاش ئەوەدا نیە !

لەڕاستیدا ناسۆرو نارحەتی یۆنانی – لەگەڵ ئەو هەموو قوڵاییو وردیو ئەو وەستایەی لە بەجێگەیاندنی هونەریدا هەیبوو ئەوەکێشەی مرۆڤ بوو لەگەڵ خوداکان !

مرۆڤ دەیەوێت بوونی خۆی بسەلمێنیت.. دەیەوێت خۆی دیاربخات ..دەیەوێت بکەرێکی کارابێتو هەموو شتێك بکات .. دەیەوێت قارەمانیەتیو سەروەریو شتە لەئاسا بەدەرەکان بنیات بنێتو دروست بکات(لەڕاستیدا دەیەوێت ببێتە خوا) خوداکانیش حەسودی بە مرۆڤ دەبەنو, هەوڵدەدەن کۆسپولەمپەر لەڕێگای دابنێنن , لە کۆتایشدا کاتێك ڕەتی گوێڕایەڵی دەکاتەوە بۆ خوداکانو موکوڕە لەسەر عەزیمەتی خۆی ئەوە تێك وپێکی دەشکێنێت ..جا لێرەدا ناخۆشیو ناسۆریەکان ڕوودەدەن !

ئایا بینیت ؟!

وێژەی ئێمەش ناسۆری ونارحەتی تێدا نیە.. چونکە ئێمە ئوممەتیکی ساویلکەینەو تاقەتی چوونە ناو قوڵایی نیەو ..لەپەراوێزی ژیاندا دەژیتو ناچیێە ناو قوڵاییەکەی..!

من پێشتر لە زانکۆ وێژەی ئینگلیزیم دەخوێندو ، بنچینە ئیغریقیەکانیان بە ئێمە دەگوت بەئیعتیبار ئەو سەرچاوانەبوون ، کە تاماوەیەکی دوورو درێژ

وێژەی ئەوروپای لێ هەڵدەهێنجرا ، بەهەمان شێوەش ئەو پێوانانە بوون ، کە ڕەخنەگرەکان ڕوانینی خۆیان بۆ وێژەو ڕاست کردنەوەی لێ هەڵدەهێنجا ،منیش هەر لەهەمان کاتدا گوێم لەو وتەو ڕەخنانە دەگرت ،کە ڕەخنەگرەکانمان بەگشتی لەوێژەی عەرەبیان دەدا ، جا لە خۆمەوە سەیرم پێدەهات..، کە چۆن خەڵکی تا ئەو سنورە شێوەیان دەگۆڕێت!

ئەمە وەنەبێ بەرگریکردن بێت لە وێژەی عەرەبی .. کە چی لە ناودایەو چی لەناو دانیە مەسەلەکە ئەوەنیە ! مەسەلەکە ئێمەین ،کە چۆن تا ئەو سنورە کەسایەتیەکەمان توایتەوەو ، وامان لێهاتوە بە چاوی خۆمان سەیر ناکەین ، بەڵکو چاوی خەڵکی دەخوازین بۆ ئەوەی تەمەشای خۆمانی پێبکەین؟!

خۆ هیچ ڕۆژێکیش لە ڕۆژان وێژەوانو ڕەخنەگر نەبویمە .. بەڵام لەکاتی لێکۆلینەوەم بۆ وێژەی ئینگلیزی تێبینیەکم بۆدەرکەوت ،کە بەگتشی نمونەیەکە بۆ وێژەی ئەوروپی لەگەڵ بوونی چەند جیاوازیەك ،کە بەشێوەیەکی سروشتی لە نێوان گەلێك بۆ گەلێك , یان لە نێوان وێژەوانو وێژەوانێکی تردا هەیە ..

بەڕاستی بیرۆکەی کێشە لە نیوان مرۆڤ و خودا (یان خوداکان هەروەکو بت پەرستانی یۆنان وێنەیان کێشا) لە هەموو چەشنەکانی وێژەی رۆژئاوادا زۆر قوڵە.

لە ئەفسانەکانی یۆنانیدا زۆر ڕوون ئاشکرا بوو بە تایبەتی ئەفسانەی – برومیثیوس– دزی ئاگری پیرۆز کە دەگیرێتەوە خوازیۆس –کە خودای خوداکان بوو–مرۆڤی لە چنگێك قوڕی زەویدا دروستکرد پاشان لە سەر ئاگری پیرۆز ڕێکی خست (لە ئەفسانەکە ئاماژە بۆ زانیاری دەکات) پاشان بەتەنها لە تاریکی هەناردیە خوارەوە(مەبەستی لە تاریکی نەفامیە) بونەوەرێکی ئەفسانەیی ، کە ناوی – برومیثیوس– بوو بەزەیی پێدا هاتەوەو (لە وانەیە خواش دەزانێت

مەبەستی شەیتان بێت) ئاگری پیرۆزی لە خوا بۆ دزی (ئاماژە دەکات کە مرۆڤ دەستی کرد بە فێربوون) جا خودا پێکەوە لە هەردوکیان توڕەبوو (برومیثیوس) دزی ئاگری پیرۆز ولەگەلˇ (ئیپیمیسیوس)ئەومرۆڤەی خودا لە قوری زەوی دروستی کرد ، (ببرومیسیوس) یش بازێکی ڕاسپارد بۆ ئەوەی بەدرێژایی ڕۆژ جەرگی بخوات ، لە شەویش جەرگێکی نوێی بۆ دەڕوا بازەکەش بەیانی دەهات بە درێژایی رۆژ دەیخوارد .بەم شێوەیە لە ئەشکەنجەو ئازارێکی بەردەوام ..بەلاّم (ئیپیمیسیوس) ،کەخودا نەیتواتی ئاگری پیرۆزی لێبسێنێتەوە(ئاماژە بەوە دەکات ، کە ئەو زانیاریەی مرۆڤ بە دەستی هێناوە ناتوانرێت لێی بسەندرێتەوە)ئەوە ئافرەتێکی بۆ نارد ناوی باندۆرا بوو (ئاماژە بۆ حەوا دەکات)بۆ ئەوەی لە تەنیایەکەی هۆگری بێت ، لە گەڵیشیدا سندوقێکی بە دیاری بۆ نارد جا کاتێك سندوقەکەی کردەوە بینی پڕیەتی لە شەڕو شۆڕ ! شەڕو شۆڕەکانیش لە ناو سندوقەکە هاتنە دەرێو هەموو دونیایان پڕکرد ! !

ئابەم شێوەیە ئەفسانەی ئیغریقی پەیوەندی نێوان خوداو مرۆڤ پیشان دەدات ! زانست خەلاّتێکی خودا نیە ،کە خودا بە میهرەبانی خۆی پڕژاندبێتیە سەر مرۆڤ : ﴿ وَعَلَّمَ ءَادَمَ ٱلْأَسْمَآءَ كُلَّهَا ﴿٣١﴾ ﴾ البقرة: ٣١: خودا هەموو ناویکی فێرە ئادەم کرد. ﴿ عَلَّمَ ٱلْإِنسَٰنَ مَا لَمْ يَعْلَمْ ﴿٥﴾ ﴾ العلق: ٥: مرۆڤی لە شتیّ راهێنا کە زووتر پێی نەزانیبوو . ﴿ خَلَقَ ٱلْإِنسَٰنَ ﴿٣﴾ عَلَّمَهُ ٱلْبَيَانَ ﴿٤﴾ ﴾ الرحمن: ٣ - ٤ مرۆڤی ئافراند لە ئاخافتنی تێگەیاند.

بەڵکوبەزۆری لە خوا زەوت کراوە ! خواش کاتیك (پەنا بەخوا)– غیرەت پاڵی پێوەدەنێت – نایەوێت مرۆڤ فێرە زانست بێت و، نایەوێت سودمەند بێت بە زانستەکەی ، بۆیە بەم جۆرە تۆڵەی لێدەسەنێتەوە !

ئەمەبوو تۆی ناسۆرو نارحەتیەکان لە ژیانی مرۆڤ هەروەکو ، کە ئەفسانەی ئیغریقی نیشانی دەدات ..

ئەمانەبوون – خوابت پارێزێ – لە وێژەی عەرەبی و ئوممەتی عەرەبیان کەم بوو !

بەڕاستی من شوێن پێی ئەفسانەی ئیغریقی کەوتم لە وێژەی ئەوروپی پاش ئەوەی ئەوروپا دەسەڵاتی کلێسەی لە ژیانی خۆی دەرهێناو،گەڕاوە بۆ بنچینە ئیغریقیەکانو هەر لە سەرەتای چەرخی ڕاپەرینەوە چەمکەکانی ژیانی لێدەردەهێنا ،لێرەدا شتێکی سەیرم بە دیکرد.

ئەوروپا گەڕایەوە – کەمترین شت لە وێژە – بۆ بت پەرستی ئیغریقی لە ماوەی رۆمانسیەتو سروشتی پەرست وەکو خوایەکی نوێ لەجیاتی کلێسە ، کە بەم ناوە خەڵك دەیپەرست .. لە دەروونی ئەوروپیەکان کێشەیەك لە نێوان مرۆڤ و ئەو خوایە نوێیە دروست بوو! ، کە لەکتابەکانی خۆیان باسیان لە(کێشەی ئەو مرۆڤ و سروشتەدا کردو) وتیان : (مرۆڤ سروشت دەبەزێنێت) !

پاشان ئەوروپا مرۆڤی لە باتی خوا کردەخوا..کێشەکە سەر لە نوێ گەڕایەوە لەگەڵ خوایە نوێیەکە ! جاچ کێشەیەکی دەروونی بێت لەمرۆڤیکی تاکدا ، یان کیشەیەکی کۆمەڵگا بێ لە نێوان هەندێك مرۆڤ ومرۆڤی تردا !

هیچ ئاشتیەك نیە ! هەردەبێت کێشە هەبێت!

ئەو کێشەیە نەبوو،کەخوای گەورە رێی پێ دایەو پیرۆزی کردوە ,ئەویش کە کێشەی چاکە دژی شەڕە ،کە خوای گەورە دەربارییەوە دەفەرمێت ﴿ وَلَوۡلَا دَفۡعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعۡضَهُم بِبَعۡضٖ لَّفَسَدَتِ ٱلۡأَرۡضُ ﴿٢٥١﴾ ﴾ البقرة: ٢٥١ : ئەگەرخودا هێندێکانی لەو ئاپۆرە بە هێندێکان تەرتوتونا نەکردایە ، ئەم زمینە خرا ببوو.

﴿ وَلَوۡلَا دَفۡعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعۡضَهُم بِبَعۡضٖ لَّهُدِّمَتۡ صَوَٰمِعُ وَبِيَعٞ وَصَلَوَٰتٞ وَمَسَٰجِدُ يُذۡكَرُ فِيهَا ٱسۡمُ ٱللَّهِ كَثِيرٗاۗ وَلَيَنصُرَنَّ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ ٤٠ ﴾ الحج: ٤٠: ئەگەر خودا هێندێکیانی بە هێندیك ڕاونەنابا ، دێر و کلیساو کەنسشت مزگەوتەکان —کەلەواندا فرە ناوی خودا دەبرێت—وێران دەکران خودا دەهانای ئەوانە دێت کە یاریدەی خودا دەدەن: دیاریشە خوا زۆر بەهێزو دەسەلات .

بەڵکو ئەمە کێشەی نێوان مرۆڤ و خوایە !

ئەوەش - هەی خوا بت پارێزێ— ئەوشتانە بوون لەوێژەی عەرەبیان کەم بوو بۆ ئەوەی ببێتە وێژەیەکی جیهانی و قولایی هەبێت!

پاشان ئەورووپا وێژەکانی بێسەروبەر بوون ئێمەش لەگەڵیدا بێ سەروبەر بووین .. ئەمەش تەنها بۆئەوەی ئەو بێ سەروبەریەمان لەگەڵیدا لەقیس نەچێت !

پاش قسە هەلیتو پەلیتەکانی فرۆید لەعەقلی باطین و نەست دا، مەزهەبی سرپالیەت(1) بەدیارکەوت جاوتمان دەبێت ئێمەش سرپالیەتمان هەبێت.. ئای چەند نەنگە .. چۆن لەگەڵیان بەگەر ئەو مەزهەبە نەکەوین؟!

پاشان لامەعقول پەیدابوو ، جا وتمان پێویستە ئێمەش وێژەی لامەعقولمان هەبێت ! بۆیە یەکێك لەوێژەوانە گەورەکانمان شانۆگەریەکی لامەعقولی دامەزراندو ناوی نا یاطالع الشجرة، کە پێشەکیەکی بۆداناو تیایدا وتی :

---

(1) سریالیەت مەزهەبێکی ئەدەبیە فەرامۆشی هەموو شتە مەنتیقیەکان دەکات لەسالی 1924 سەری هەڵداوە.وەرگێڕ

ئەم شانۆگەریەم نوسیەوە لەسەر ڕێگای لامەعقول بۆ ئەوەی پێمان نەڵێن وێژەی لامەعقولیان نیە !

وای چەند سەیرە ! بەڕاستی ئەوروپا لەڕاپەڕینەکەی بیّ سەروبەربوو بۆیە بای داوە بۆ عەقڵانیەتی لەڕادە بەدەر بۆ تۆڵە سەندنەوە لەکڵێسە کاتێك ماوەی دە سەدە ڕێگای لە عەقل گرت ، بۆیە ئەوروپا عەقڵی هاوێشتە ناوهەموو شتێك جا یەکسان بوو بواری بۆ عەقل تیادا بوایە یان نا .. پاشان بۆی دەرکەوت ,کە عەقل گیروگرفتەکانی بۆچارەسەر نەکرد بەڵکو چەند گیروگرفتێکی نوێی بۆپەیداکرد کاتێك خۆی هەڵدەقوتاند لەو شتانەی تاقەتی پێدا نەدەشکا .. جا پازی دا بۆ لامەعقول بۆئەوەی لەدەستی عەقلانیەتی لە ڕادەبەدەر هەڵێت .. ئەی ئێمە چیمانە؟! بۆچی بابدەینەوە بۆ لامەعقول؟!

پاشان نوێخوازی پەیدابوو .. وتمان هەردەبێت وێژەیەکی نوێخوازمان هەبێت ..چەند نەنگە ! ئایا وێژەکەمان نوێخوازی تیدانەبێت و ببین بە دواکەوتوو؟!

گەوهەری ڕاستیش بۆ نوێخوازی لابردنی کەلەپورەو هەڵاتنەلێی ئەگەر با بۆ هیچیش بێت!

گرنگ ئەوەیە کەلەپور لەناوببەین – کەکۆت وزنجیر دەنوێنێت – ئێمەش بەرەو سەربەستی و رزگاربوون دەرۆین! بەڕاستی ئەوروپا کاتێك ئەوکارە دەکات ئەوە سەربەستەو چی بۆخۆی بیکات دەیکات .بۆی هەیە بیانوشی هەبێت چونکە کەلەپور لەلای ئەو کڵێسەو شتە پڕپوچەکانی و یاخی بوون وزوڵم ستەمیەتی ، هەروا کارخستنی هێزی مرۆڤە لە کردەوەی بەردار لەواقیعی زەویدا.جالەناوبردنی ئەوکەلوپورەو هەڵاتن لێی ئەوە کارێکی مەعقولە ..

هەرچی موسوڵمانانیشن کاتێك کەلەپورە خواییەکەی لەناودەبات ، ئەوە تەنها تێژەنینی بۆ دەمینێتەوە لە ناو سەرگەردانی؟!

* * *

ئەوسەرگەردانیەی ئوممەت چووە نێوی ئەوا قەبارەکەی بەم شێوەیە بوو .. زۆر بەرفراوان وگشت گیر بوو .. هەموو لایەنەکانی ژیانی گرتەوە .. بە گوزارشتێکی تر لاڕێ بوون بوو هەموو داخوازیەکانی لا اله الا الله ی گرتەوە ، چونکە داخوازیەکانی لا اله الا الله هەموو لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە.. [1]

﴿ قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ (١٦٢) لَا شَرِيكَ لَهُ (١٦٣) ﴾

الأنعام: ١٦٢ - ١٦٣: بێژەمن نوێژکردنم و پێکهێنانی ڕێ و شوێنی حەجکردنم و ژینو مەرگم، بۆ خودایە : کە راهێنەری دونیایە هەرخۆیەتی هیچ شەریکی نیە .

بەهەرجۆرێك بێت ناڵێن گێژاوەکە هەموو خەڵکی لول داو ،کەس لەناو ئوممەت نەما ئەندازەی ئەوکەمو کوڕیە کاری تێ نەکات ،کە تووشی هات کاتێك چووە ناو سەرگەردانی ..

نەخێر ! ئەمە بەهیچ شێوەیەك ڕووی نەداوەو ، نابێت رووبدات (لاتزال طائفة من امتی ظاهرین علی حق ، لایضرهم من خالفهم [2] : بەردەوام کۆمەڵێك هەنە لە ئوممەتی من ، کە دیاربن لەسەر هەق ، نەیارەکانیشیان زەرەریان پێناگەیەنن)

بەڵام گێژەلوکەکە ئەوەندە بە هێز دەخولایەوە بەجۆرێك نەیارەکانی فڕێداو لە چەقی ئاراستەکردن دووری خستنەوەو ، ئەوخەڵکانەی بەدیارخست ،

---

(1) ئەگەر دەتەوێ تەمەشای بەشی مقتضيات لااله الا الله فی الرسالة المحمدية لە کیتابی لا اله الا الله عقيدة وشريعة ومنهاج حياة بکە.

(2) اخرجة الشيخان .

کەژەهرەکەیان هەموو خواردبۆوەو,کە وای لێکردن هەر ئەوان ببنە سەرکردەو سەرکردایەتی بکەن .. لە هەموو گۆڕەپانەکان .. لە سیاسەت و ئابوری و کۆمەڵایەتی و هزرو وێژەو هونەر .. بەڵکو لە هەموو شتێکدا.

لەکاتێك لە کاتەکاندا دەرکەوت ، کە ئوممەت نێوانی خۆیی و ئاینەکەی پچڕاو ، نێوانی خۆیو کەلوپورەکەیو مێژووەکەی پچڕاو.. ڕێگای ئەوروپای گرتە بەرو .. قەتیش ناگەڕێتەوە !

بەڵام لەڕاستیدا ئوممەت بە کەسایەتیەکی دووانە (مزدوج) دەژیا ..

ئەگەر بێتوو ئەوکەسانە هەڵاوێر بکەین ، کە بەتەواوی خۆیان داماڵی بوو لە ئایین و کەلەپورو مێژوویانو داماڵینەکەی خۆیان ڕاگەیاندبوو شانازیان پێوەکرد – کە لەدەروونەوە وایان گومان دەبرد – بوینە چەند بیرمەندێکی سەربەست وەکو بیرمەندە سەربەستەکانی ئەوروپا. FREE THINKER [1] .

ئەگەر بێتوو ئەمانەو ئەمانە هەڵاوێر بکەین ،کە کەمایەتین لەهەردوو لایەندا ،ئەوا تێکرای ئوممەت – کە سەرگەردانی لولیدا– بەکەسایەتیەکی دووانە (مزدوج)دەژیا: ئایین لەسۆزو ویژدانو هەندێك لەهەڵس وکەوتی داماوەو فیکرە نێردراوەکەش بەهێزە توندو یەك لەدوا یەکەکەی ئەو ئەفکارو هەست و ڕەوشتانەی دەگۆڕیو وێنەکەشی بەردەوام دەلەراندەوە لەپێش چاوانو ئەو کەسەی تەماشای دەکرد ڕوخسارەکەی دیار نەدەکەوتو ، لەناوەرۆکی دڵنیا نەدەبوو. .

---

(1) free thinker : ئەم وشەیە لە فەرهەنگە ئینگلیزیەکان مانای بیرمەندی سەربەست ناگەیەنێت بەڵکو مانای بێ باوەر دەگەیەنێت.

بەڕاستی ئەوروپا پێشتر ماوەیەکی هاوشێوەی ئەوە ژیا ،لەگەڵبوونی جیاوازی ئایین و،جیاوازی بیرو بۆچوونەکانو ،جیاوازی هەڵسوکەوت .

کاتێك دەسەڵاتی کلێسە کزبوو ئەو زاڵبوونەی نەما،کە پێشتر هەی بوو لەسەر گیانی خەڵکیو ڕاپەرینەکەش دەستی پێکرد ،کەلەچەمکەکانی دا هەڵگەڕاوە بۆ کەلەپوری ئیغریقی ، یان ڕۆمانی ئیغریقی greco roman ئەوا خەڵکی – بەگشتی — بە کەسایەتیەکی دووانە (مزدوج) دەژیان : پاشماوەکانی ئایین ،لەگەڵ دەست پێکردنی خۆدامالین لێی. .

بەڵام ئەو حالەتە نابێت بەردەوام بێت. .

بەرەبەرە هەردەبێ یەکێك لەو کەسایەتیانە زاڵبێ بەسەر ئەوی تریان هەتا دەیتوێنێتەوە ، یان کەمترین شت لەبەر سێبەری خۆی دەیشارێتەوە !

بەڕاستی هەروەکو،کە پێش بینی دەکرا لەبارودۆخەکانی ئەوروپا ئەوا ئەمە ڕوویدا . . ئەوروپا وای لێهات کەسایەتی لەئایین داماڵاوی هەر بەهێز دەبوو،هەتا بەتەواوی کەسایەتی دینداری سڕیەوە یان کەمترین شت شاردیەوە لەناو سێبەردا. ئەوەی پێش بینیش دەکرا بۆ ئوممەتی ئیسلامی بەهەمان دیاردەدا بڕوات،ئەویش دیاردەی کەسایەتی دووانە بۆ ماوەیك ،پاشان لەکۆتاییدا یەکێك لەو کەسایەتیانە بەسەر ئەوی تریان زاڵ دەبێ.

لەڕاستی دا ئوممەت چووە ناو ئەزموونەکەو چەند کەرەتێکی زۆری لەناو دابڕی.. !

پاشان یەکێك لەو کەسایەتیانە دەستیکرد بە شاردنەوەو..ئەوی تریان دەستی کرد بەسەر هەڵدان و ئاشکرابوون ! بەڵام زۆربەی ئەوانەی پێشبینیان دەکرد کارەکە وادەرنەکەوتو ! بەتەواوی پێچەوانەی ئەوەبوو،کەلە ئەوروپا ڕوویدا.. !

ئەوکەسایەتیەی دەستی بەسەر هەڵدان دەکرد ئەوا ئەو کەسایەتیەبوو،کە دەگەڕاوە بۆ ئیسلام !

ڕابوونی پیرۆز

ڕابوون هات بەجۆرێك ,کە خەڵکێکی زۆر پێش بینی نەدەکرد بێت،جایەکسانە چ ئەوانەی لەناخی دەروونی خۆیان ئاواتیان دەخواست، یان ئەوانەی،کە هەر حەزیان لێنەبوو قەت بێتن!

ئوممەت ئەو کات زۆر ڕووچووبووە ناو سەرگەردانیو زۆر دوور کەوتبۆوە لە ڕێگای ئیسلام .

هەرچی خاچ پەرستەکان و سەهیۆنیەکان بوون،ئەوانەی بەکەمی دووسەد ساڵ پیلانیان گێڕا بۆ دوور خستنەوەی ئوممەت لە ئایینەکەی ئەوا واگومانیان برد کەوابەیەك جاری سەرکەوتوینەو بەتەواوی لەناویان بردوە . .بەڵگەشیان لەلابوو کاتێك ئەو گومانەیان دەبرد لەوەی دەیان ڕوانیە حاڵ و باڵی ئەو ئوممەتەو چۆن بەو خێراییە ئەوەی پەیوەندی بەئایینەوە هەیە خۆی لێ دادەماڵێ، هەتا دوورشمەکانی پەرستنیش تەنها دانیشتوانی گوندەکان ئەنجامیان دەدا لەگەڵ بەتەمەنەکان،بەڵام گەنجەکان ئەوانەی ڕوویان کردە مەدەنیەتو پێشکەوتنو ڕزگاربوون ئەوا هەروەکو پێشتر باسمان کرد– مزگەوتی بەجێ هێشت وئارەزووشی چووە بەدواداچوونی هونەرمەندەکانو گۆرانیە نەرمو

شلەکانو فلیمەکانی سینەما ئەمە چ جای خۆ خەریك کردنی بەو دۆستایەتیە پاك وناپاکانەی ،گۆرەپانی ئەوکاتی پڕکردبوو لەپاش ڕزگار کردنی ئافرەت. .

کارەساتەکەش تەنها لاڕێبوونی ڕەوشت وهەڵس وکەوت نەبوو، بەڵکو ترسناکتربوو لەمە،لاڕێبوونی بیروبۆچوونەکان بوو.

لاڕێبوونی ڕەوشتو هەڵسوکەوت لەگەڵ ساغ و دورستی بیروبۆچوونەکانو بیروباوەڕەکان بۆی هەیە خاوەنەکەی بگەڕێنێتەوە بۆئەوەی ڕەوشتو هەڵسوکەوتی ڕاستبکاتەوە ، لە ساتێك ویژدانەکەی بە ئاگا دێنێتەوەو، واز لە گوناهەکان دێنێو ڕاستەڕێ دەبێ.بەڵام ئەوەی بیروبۆچوونو عەقیدەکەی گەندەڵ بووە بۆچی بگەڕێتەوە، ئەوەی دەیبینێ ڕاستەو هەڵەی تێدانیە، بەڵکو– بەپێچەوانەوە– وادەبینێ ،کە گەڕانەوە بۆ ئایین هەڵەیە؟ هەرچی کلکەکانیشیان بوون لەو ڕۆشنبیرانەی،کە ژەهرەکانیان هەموو دەردخوارددان و کەیف خۆش بوون پێیو،هەستان شانازیان پێوەکرد بەوەی وەکو ئەوروپیە بێگانەکانینان لێهاتووە. .لە بیروبۆچونیان وعەقیدەیان وڕێگەی هەڵس وکەوت کردنیان بەڵکو لەهەموو شتێك. .ئەوانە وەکو گەورەکانیان واگومانیان برد،کە هیچ جارێکی تر ئیسلام نایەتەوەو هەڵناستێتەوە سەرپێی خۆیو هەر ئەوان پێشرەونو دێدەوانی وەچەرخاننو– لە فراوانترین دەرگا چووینە ناو مێژوو– هەر ئەوان سەرکردایەتی نوێی کۆمەڵگانە،کە کۆمەڵگا هەموو بەرەو ڕووناکی دەبەنو. .لە تاریکاییەکان دەری دەهێنن ..

گومانی ئەوانەش لە بنچینەدا دامەزرابوو لەسەر ئەزموونی ئەوروپی . .

ئەوروپا ئوممەتێك بوو ڕۆژێك لەرۆژاندا دین داربوو ، دین لە هەموو کاروبارەکان ژیانو هزری بوو سەرچاوەبوو دەگەڕایەوە لای. .پاشان لێی لاداو

، لەبیری کرد وەکو ئەوەی هەر نەیبوبێ‌و، ڕەوانەی مۆزەخانەی مێژووی کردو ،جارێکیتر بە نوێی لە دایك بوو هیچ پەیوەندیەکی بە بارودۆخەکانی پێشترنیە .

موسوڵمانانیش رۆژێك لە رۆژاندا دینداربوون، دین ژیان‌و هزرو سەرچاوەیان بوو. .پاشان دەستیان کرد بەلادان لێی بەهەمان ئەو هۆکارو هزرانەی ،کە وای لە ئەوروپا کرد لەدین دەربچێو پاشان لەبیری بکات ..چ شتێك دەبێتە ڕێگری ئەوەی ،کەئەو ئەنجامەی لەوی ڕوویدا لێرەش روونەدات؟!

لێرەدا هەڵەیان لە ئەندزەگیریدا کرد. .!

سەرەتا دەلێین بەڕاستی ئەوەی خودای گەورە ویستی بۆ ئوممەتی ئیسلامی نەی ویست بۆ ئەوروپا. .ئەوشتەی ڕووش دەدا هەر بەویستی خودایەو نەك بە ویستی مرۆڤ . .بەڵام بەهەمان شێوە دەڵێین قەدەری خوا بەپێی چەند سوننەت و هۆکارێك دەرواتو دەچێتە سەر. .

چی وای کرد ئەوبارودۆخەی ئێرە جیاوازی هەبێت لەبارو دۆخی ئەوان‌و،ئەنجامەکەشی کردە شتێکی ترو جیاواز لە ئەنجامەکەی ئەوان؟!

لەڕاستی دا چەند کاروبارێکی زۆر، کە خاچ پەرستەکان‌و سەهیۆنیەکان‌و کلکەکانیان لەڕۆشنبیرەکان پەیان پێ نەبردو لێی تێنەگەیشتن‌و.. خودی ئوممەتیش ئاوڕی لێنەدایەوە تەنها کاتێك دێدەوانەکانی دەستیان کرد بەدەرچوون لەسەرگەردانی. .

یەکەم جیاوازی لەهەردوو دیندا هەبوو . .ئەوەش شتێکی زۆر گەورەبوو . . لێرەدا دینێکی خوای هەق هەیە،کە خودای گەورە کیتابەکەو سوننەتەکەی پاراستوە،خەڵکی چەندی لێی لاڕێبن لەکاتێك لەکاتەکان ئەوا دەتوانن بگەرێنەوەلای،چونکە سەرچاوەکە هەیەو, نەلاڕێبوەو نە گۆردراوەو

،دەستی گۆڕانکاری نەگەیشتوتێ ، دینەکی تریش هەیە ،کە ئەوروپا بنچینەکەی نازانێ نە لەواقیعە کۆنەکەی نە لەواقیعە نوێیەکەی ،کیتابەکەیان لارێبوەو گۆڕدراوە ،ئەو عەقیدە یەکتاپەرستیەی خوا ناردویە خوار بۆ پێغەمبەرعیسا– علیە الصلاة والسلام – گۆڕا بەعەقیدەیەك خوا نەیناردبووەخوار،کە یەکی کردە سێو , سێی کردە یەكو ئاوێتەیەکی دژبەیەکیشی دامەزراند،کەعەقڵ وەری نەدەگرت ،ئەمە چ جای دابڕانی عەقیدە لەشەریعەتو پێشکەش کردنی دین بەبێ تەشریع.

جیاوازیەکی تریش هەبوو،جیاوازی ئەو پیاوانەی ئەو دینەیان هەڵگرتوو فێرەخەڵکیان کرد.

لێرەدا زاناکانو شەرع زانەکان هەنەو ،پیاوانی چاکەکارو پارێزگار هەنە، بەپێشەنگ وئامۆژگاری چاکو زانستو فیقھ بانگەشە دەکەن بۆ دینی خوا،خەڵکیش لەسەردەستی ئەوان فێردەبنو، لەسەر ڕۆشناییو بەتێگەیشتنەوە شوێنیان دەکەونو ، مومارەسەی دین دەکەن بەوەی ئەو پیاوانە مامۆستاو پەروەردەکەرن و پێناو نینە لە نێوان بەندەو گەورەکەی . . لەوێش پیاوانی دین هەنە جادووگەرنو هەڵدەستن پێناو لەنێوان بەندەو خودادا دەکەنو ڕاڤەی دین هەمووی بەخۆیان دەکەن ، بۆ ئەوەی عەقلەکان بەردەوام داخراو بن لەڕاستی ودورستی دینو هیچ نەزانێ تەنها مەگەر ئەوانەو. .ئەوانە بۆیان بلێنو شتێکیشیان بۆنالێن شیفا بێت بۆدڵەکانیان, بۆ خۆیان پارێزگاری دەکەن بەچەند پلەوپایەکی ساختە لەدەروونی شوێن کەوتەکانیان بەگومانی ئەوەی هەر ئەوان نهێنیەکان دەزانن، بەڵام لەڕاستیدا ئەوان زانیاریان دەربارەی ئەو نهێنیانە لەخەڵك زیاترنیە،چونکە بەسروشتی خۆی ئەو نهێنیانە قابیل نیە بۆ تێگەیشتنو (تصدیق)کردنیش هەڵناگرێ!

جیاوازی سێهەمیش جیاوازی واقیعی مێژوویی بوو . .ئەمەش جیاوازیەکی زەبەلاح و گەورەیە.

موسوڵمانان واقیعێکی مێژوییان هەبوو دین بەتەواوی تیایدا جێبەجێ کرا ،کە شکۆ ترین و خۆشترین واقیع بوو لەمێژووی هەموو مرۆڤایەتی . .ئەم سەدەیەش سەدەی پێغەمبەرایتیو خیلافەتی ڕاشدین بوو، پاشان واقیعە مێژووییەکە ماوەکەی درێژ بۆوە بۆ چەند سەدەیەك ،کەچەند لارێبوونەکو پێدرێژیەکی کەوتە ناو، بەڵام ئەوەندەی لەڕاستی دین بۆ ماوە بۆئەوەی ژیانێکی شکۆمەندو بەرچاو دابمەزرێنێ لەگەڵ بزاڤێکی زانستێکی بەرز، کە توانی بەتواناو پێگیر بێت لەهەموو لایەنەکان : لەسیاسەتو جەنگو زانستو هزرو ڕەوشتو ئابوری وکۆمەڵایەتی ،کە ناوو دەنگەکەی گوێو وچاوی دونیای پڕکردو ، مێژووش تێی گەیشت . .لەبەرامبەر ئەمەش لەلای ئەوروپیەکان – بەدان پیانانی خۆیان– چەندسەدەیەکی تاریکایی ناوەڕاستیان هەبوو ،کە لەهۆشو بیریان بەسترابۆوە بەزاڵ بوونی پیاوانی دینو توغیانی روحی ومالّی وسیاسی وهزریو زانستیان . . بەڵکولەهەموگۆرەپانەکان.

ئەم کاروبارانە کافیە بۆئەوەی ئەو ئەنجامەی لێرە هاتە کایەوە لەوێ جیاوازی هەبێت.

دینی ڕاستی بەسنایی و ساکاری خۆیو دواندنی بۆ هەموو قەوارەی مرۆڤ : بەعەقڵ وروح و لەشی و،گشت گیری بۆ هەموولاینەکانی ژیان جیایە لەو دینە لارێبووە ساختەیەی ،کە لاهوت دەیەوێت ئاسانی بکات ،کە لە ئالۆزی وناخۆشی نەبێت هیچی تری لێ زیاد ناکات ،ئەمە چ جای ئەوەی یەك لایەن لەلایەنەکانی ژیان دەگرێت ولایەنەکانی تر بەبەتاڵی بە جێ دەهێڵێت.

زانایە شەرع زانەکان ،ئەوانەی مامۆستاو پەروەردەکەرن ئەوجادوگەرە گەوجانە نین ،کە نهێیەکان لە خەڵکی دەشارنەوە، ئەو واقیعە ڕووناکو درێژە ،ئەو واقیعە تاریکە نیە ،کە دە سەدە بەردەوام بوو.

کاتێك موسوڵمانان دەگەڕێنەوە بۆ دینەکەی خۆیان پاش ئەوەی لاڕێببون لێی هیچ سەیرو سەمەرەیەك لەوە دانیە بەڵکو سەیر لەوەدایە نەگەڕێنەوە لای!

لەگەڵ ڕوونی ئەوجیاوازیانەی هەبوو لە نێوان حالەتی موسوڵمانانو حالەتی ئەوروپا ، ئەوجیاوازیانەی وادەکات ئەنجام لێرەو لەوێ جیاوازی هەبێت, ئەوا ڕابوون لەناکاویەکی توند بوو بۆ زۆربەی خەڵکی! چونکە ئەوانە تەنها تەماشای فاکتەرەکانی داڕمانیان کرد،کە بڵاوکرا بۆوە – کە یەکەم جار لە ئەوروپا تاقی کرایەوەو بەروبومی خۆی دا – واگومانین برد – کەلەخودی خۆی کافیە بۆ لەناو بردنی هەموو دینێك لە بووندا!

بڵاوکردنەوەی ئەو بیردۆزە زانستیە ساختانەی ،کە دژایەتی دینو ڕەوشتو نەریتەکانی دەکردو، کۆمەڵگایەکی دا دەمەزراند ،کە مومارەسەی دین لە نێوی دا نەکرێت لە واقیعی ژیانو ، جلەوی بەربەرەڵلا دەکرد بۆ شەهەوات بۆ ئەوەی وزەو تواناو کارە گرنگەکانی مرۆڤ لەخۆ بگرێت بۆئەوەی خواو دوارۆژەکەی لەبیربکاتو هەروا دانانی چەند ڕێبازێکی زانستی بۆ ئەوەی ناوی خواو پێغەمبەرەکەی – صلى الله عليه وسلم– لەناو نەهێنرێو بڵاوکردنەوەی چەند ڕێنماییەك لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ خەڵکی لەبارەی خۆشیو لەزەتەکنی دونیا بۆ ئەوەی بیان خافلێنێ لە ڕۆژی دوایی .. ئەمانە هەمووی لەبۆ چوونی – پیلان گێڕەکان – کەفیل بوون بۆ ئەوەی تۆی دین لەدەروونی

موسوڵمانانندا لەناو بباتو، لە کەلەپورو نەریتەکانی دەریان بێنێ بەبێ گەڕانەوەی جارێکی تر!

بەڵام لەڕاستیەك نەگەیشتن ،کە دوایی بەڕوونی بەدیارکەوت ، ئەویش ئەو تۆیە ژەهراویەی هاوێشتیان بۆ ئەوەی ڕەگو ریشاڵی دین بخوات ئەوا زۆر لەخاکی ئیسلامی قووڵ نەبۆوە هەروەکو ، کە پێشتر لەخاکی ئەوروپیەکان قووڵ ببۆوە ، بەهۆی ئەو جیاوازیە زۆرانەی لێرەو لەوێ داهەبوون!

ئەمەش بەتەنها ئەو هۆکارانە نەبوون .. ئەگەر چی ئەمە یەکێکیان بوو – هەروەکو ،کە پێشتر باسمان کرد– کەفیل بوو بۆ ئەوەی ئەنجامەکان جیاوازی هەبێت لە نێوان ئێرەو ئەوێ.

چەند هۆکارێکی تریش هەبوو،کە بووە هاوڕێی خەڵکی لەناو سەرگەردانی بەڵام لەوکات ئاگاداری نەبوون .. پاشان بەئاگاهاتنەوە !

بەڕاستی ئەو سیستمە هاوردانەو،ئەو سەرکردانەی ئەوسیستمانەیان هاورد کرد سەرنەکەوتن لە چارەسەرکردنی یەك گرفت لە گرفتەکانی ئوممەت ، سەرەڕای ئەو هەموو پڕو پاگەندەی دەکرا، سەرەڕای ئەو هەموو هێزو توانایەی دۆڵ لێدەرو شمشالʼژەنەکان سەرفیان دەکرد . !

بەرەو پێش چونەکی ڕوڵەتی لە هەندێك کاروباردا بەدیکرا. . بەڵام وەنەبێ ئەو فەشەلانە لەکاروبارەکانی تردا بشارێتەوە. .

سەربازەکانی دوژمن دەرچوون ، بەڵام دەسەڵاتی سیاسیو ئابووریان دەرنەچوو ، لە هەندێك بواریشدا زیادی کرد !

خەڵکی لە قوتابخانەکانو زانکۆکان چەند توێکڵێك لە زانست فێربوون ، بەڵام کەلێنی زانستیو تەکنەلۆژیا لە نێوان ئەوان و رۆژئاوا کەمی نەکرد. . لە هەندێك بواریشدا بە چەند جارە زیادی کرد !

چەند لەشکرێکی نویَ دامەزرا ،بەلاّم چەكو تەقەمەنیەكەی بەدەستی ڕۆژئاوابوو، هەرئەو بڕیاری چەندیەتی وچۆنیەتی دەدا، ئەوەندەی نەدەدانیَ بۆ ئەوەی هێزێكی ڕاستی پێدابمەزریَ ،بەڵكو ماڵو سامانی موسوڵمانانی دەفەوتاندو ،بۆ خۆشی پارێزگاری لە پێشكەوتنە زەبەلاحەكەی دەكرد!

شوێنی پێشانگاكان پڕبوونو ماڵەكان پڕبوون بەو شتومەكە هاوردكراوانەی،كە ماڵی موسوڵمانان خەرج دەكات لەگەڵ كەلوپەلەكانی ڕابواردنو خۆشگوزەرانی ، بەلاّم دربارەی وەبەرهێنی پیشەسازی ،كە ئابووری دەوڵەمەند دەكاتو وادەكات خەڵكی لەمەڕ هاوردكردن پێویستیان پێی نەبیَ ،ئەوا شتێكی زۆر زۆر دوور بوو! بەڵكو زیاتر باری ئابووری تێكداو ،دراوەكانیش دابەزینە خوارەوە!

ڕەوشتیش گەندەڵ كرا .. نەك تەنها لە بواری سێكسی هەروەك ،كە باسی ڕەوشت دەكریَ یەكسەر ئەو مەسەلەیە دێتە هۆشو بیر..بەڵكو لە بواری بەهاكانو پێوانەكان ، بەها مادديەكان وایان لێهات زاڵ بوون بەسەر ویژدانی خەڵكدا، دوو ڕوویيو گەیشتن بەئامانج بەهەر هۆكارێك بێت بووە دراوێكی پاڵپشت كراو لەناو كۆمەڵگاو ،كاروباری خەڵكیش وای لێهات بەڕەشوە نەبایە بەڕێوە نەدەچوو، خیانەتیش بوو بە بنچینەو دەست پاكیش هەلاّوێر كرا!

لەكۆتایش سەربازهاتن بۆ ئەوەی هەر جۆرە خێرێك لە دەروونی خەڵك ماوە بیسوتێننو وەكو شەیتانەكان تۆی شەڕو شۆڕ بچێنن.

لەسەروی هەموو ئەوانەشەوە فەلەستین فەوتاو لەدەست درا. .

هەندێك خەڵك وا مەزندەیان كرد ،كە ڕابوون تەنها كاردانەوەیەك بوو بۆ ئەو سەرنەكەوتنو تێكشكانەی لەهەموو گۆڕەپانەكان ڕوویدا.. سەرنەكەوتنی

سیستمە هاوردکراوەکان ئەو سەرکردە ساختانەی لەپێش چاوی رۆژئاوادا دورست ببوونو ،دانرابوون بۆ ئەوەی وڵاتانی ئیسلامی تێکدەنو گەندەڵ بکەن.

کەس نکۆڵی لەوەناکات ،کە ئەو سەرنەکەوتن و تێك شکانانە بوو بووبە هاندەرێکی ئەو ڕابوونە . .

بەڵام خەڵکی لە بیریان کرد،کە ڕەگو ریشالی حەقیقی بۆ ئەو ڕابوونە ئەوا پێش هاوردکردنی سیستمەکانو سەرنەکەوتنی سەرکردەکان بوو .

بەڕاستی ئەو بزاڤەی شێخ محمدی کوڕی عبد الوهاب پێی هەڵسا بۆ ڕاست کردنەوەی عەقیدە هاندەرێكو هۆیەکی حەقیقی بوو بۆ بێدار بوونەوەی جیهانی ئیسلامی ، سەرەڕای ئەو هەموو وزەو کۆششەی کرا بۆخەفەکردنو لەناو بردنی .

بەڕاستی – ماوەیەك لەماوەکان – بەدەرکەوت ،کە بانگەوازەکە گەماڕۆدراو پەنجەرەکانی لەسەر داخراو نەی توانی درێژ ببێتەوە . .بەڵام وەنەبێ بانگەوازەکەی شێخ محمدی کوڕی عبد الوهاب هەر لە ناو دوورگەی عەرەبیدا بێت هەتا پەنجەرەکانی لەسەر دابخەنو بیشارنەوە . .بەڵکو ئەمە ئەو بانگەوازەیە ،کە خوای گەورە دەربارەیەوە دەفەرموێ: ﴿ أَلَمۡ تَرَ كَيۡفَ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلٗا كَلِمَةٗ طَيِّبَةٗ كَشَجَرَةٖ طَيِّبَةٍ أَصۡلُهَا ثَابِتٞ وَفَرۡعُهَا فِي ٱلسَّمَآءِ ﴿٢٤﴾ تُؤۡتِيٓ أُكُلَهَا كُلَّ حِينِۭ بِإِذۡنِ رَبِّهَاۗ ﴿٢٥﴾ ﴾ إبراهيم: ٢٤ - ٢٥: نەودی خودا چلۆن مەسەل دێنێتەوە ؟قسەیەکی بەڕێوجێ،بەشەنگەدارێك دەشبهێ،ڕەگی قایم داکوتاوەو لقی لەتەشقی ئاسمانە .بەئیزنی ڕاهێنەرەکەی خۆی چوار فەسلە میوەی دەبێ.

بانگەوازێکە درێژ دەبێتەوە بەوەی خوای گەورە لەناوی داناوە لە هەقو هێزو ڕوون کردنەوە ،کە دڵێکی باوەڕدار هڵیدەگرێتو لەناوی دادەگیرسێ و ، تیشکدانەوەکەی درێژ دەبێتەوەو بەرەو ئاسۆی بەرز دەڕوات . .

کاتێك دژایەتیشی دەکەن کەمێك جوولەکەی ڕادەوەستێ . . بەڵام بەئیزنی خودای باڵادەست دێتەوەو بەروبوومەکەی دەدا .

ڕابوونە پیرۆزەکە هاتو ئامانجەکەی دەرهێنانی خەڵکی بوو لەوسەرگەردانیەی ,کە لەناویدا خنکابوون بۆئەوەی بیانگەڕێنێتەوە بۆ– ئەو ڕێگایەی سەرگەردان بوون لێی لەسەرەتای سەرسام بووندا.

بەڵکو هات بۆ ئەوەی ئەو تاریکیو لێلیەی کەوتبوە سەریەك لای بدات لە ڕێگای بانگەواز پێش دۆڕاندنو پێش سەرسام بوون .

هات بۆ ئەوەی دین بگەرێنێتەوە بۆ ئەو بێگەردیەی یەکەم جار هاتەخوار ، بەگەڕانەوە بۆ سەرچاوە بێگەردەکانی: پەرتوکی خواو سوننەتی پێغەمبەرەکەی – صلى الله عليه وسلم– و سیرەی پێشینانی چاك .

هات بۆ ئەوەی دین بگەڕێنێتەوە بۆ ژیانێکی واقیعی ، نەك تەنها چەند ویژدانێك بێت لەناو دڵو چەند وشەیەك بێت بەزوبان بوترێ .

هات بۆ ئەوەی نەوەیەك پەروردەبکات لەسەرداخوازیەکانی لااله الا الله .

.

کارێکی قورس و ڕێگایەکی دوورو درێژە . .لەرێگایدا زۆر کۆسپ و تەگەرە هەیە . .

بەڕاستی ئەو کۆسپ و لەمپەرانەی دەوەستێت لەڕووی ڕابوون بەتەنها ئەوجەنگە درەکیە نیە هەروەکو ،کە هەندێك خەڵك وای دەبینن ..

ئەو جەنگە دەرەکیە لەڕاستیدا جەنگێکی دڕندەیە . ئەمڕۆ هەمووجیهان کۆبوویتەوە لەجەنگی دژی ئیسلام : خاچ پەرستانی جیهان بەگشتیو، سەهیۆنیەتی جیهان بەگشتیو، شیرکی جیهان هەمووی ، ئەمە چ جای بەکرێ گیراوەکانی خاچ پەرستو سەهیۆنیەکان لەنێو ولآتدا، ئەوانەی بەئاسن وئاگر دژایەتی بانگەواز دەکەن. .بەبەند کردنو ئەشکەنجەدانو..بەشێواندنی لەڕێگای دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە..بەهەموو هۆکاری ئەوفرۆفێلانەی ،کەبەمێشك دادێن .

بەڵام چەندکۆسپو لەمپەرێکی تر هەنە زیانەکەی کەمترنیە بۆڕابوونەکە..بەڵکو بۆی هەیە زیانەکەی زۆر زۆرتر بێت لەوجەنگە.

ئەو تەپوتۆزەی پێشتر کەپکەی کردبووە سەریەك لەڕێگای بانگەوازدا پێش داگیرکردنی خاچ پەرستەکان وسەهیونیەکان، لەلارێبوونی عەقیدەو ،لارێبونی بیروبۆچونەکان و .لارێبون لەهەڵس وکەوت وایان کرد ئیسلام لەزەوی خۆی نامۆبێت ، هەروەکو ،کە پێغەمبەر– صلى الله عليه وسلم – هەواڵ پێ داینە ((بدا الاسلام غريبا وسيعودغريبا كما بدأ [1] : ئیسلام بەغەریبی دەستی پێکردو، غەریبیش دەبێتەوە هەروەکو دەستی پێکرد)). تەپوتۆزی داگیرکاری فیکریش هەبوو،کە لەقۆناغی سەرگەردانی خەڵکی گومڕاکردو قووڵ بۆوە بۆ هەموو ئاڕاستەکان.

لەهەست وسۆزی زۆربەی خەڵکیش قورسایی ئەمری واقیع هەبوو،کە وایان دەزانی قابیلی گۆران نیە .

لێرەدا ڕابوون تێنەگەیشتنێکی بە تەواوی هەبوو بۆ کارە گرنگەکانیو لەکاروانە درێژەکەیدا ڕێکخستنی نەبوو بۆ (أولويات) ی کارەکانی. . ئەمە چ

---

(1) اخرجه الشيخان

جای پەرتەوازەیی ئەو کۆمەڵانەی ،کە بە کاری بانگەواز هەڵدەستان و دژایەتیو دووبەرەکی لەنێوانیاندا هەبوو سەرکردایتیەکی گەورە نەبوو بۆ ئەوەی ئەو یەك ریزیو یەکگرتنە کۆ بکاتەوەو سەرکردایەتی کاروانەکە بکات.

بەڵام ڕابوون – سەرەڕای ئەم هەموو شتانە – بەهێزو توانایەکی زۆر ڕاپەری و هەڵسا.

کەمترین شت لاوانی ڕابوون لەڕاستی ئەو هێلە پانانە تێەگەیشتن بۆ ڕاستی گێروگرفتەکەو ڕاستی چارەسەریەکە . . ئەوەی بەسەر جیهانی ئیسلامی دا داهات لە چەق بستنو بێهێزیو دواکەوتنو بەرتەنگ بوونەوە ئەوا لەئەنجامی دەست پێوەگرتنی دین نەبوو هەروەکو ،کە هەندێك وا گومانیان بردو ،خەڵکێکی زۆریش لە ماوەی سەرگەردانی باوەری پێکردن! بەڵکو دوور کەوتنەوەی خەڵکی بوو لە ڕاستی و دورستی دین!

چارەسەریەکە فرێدانی دینو بەدواکەوتنی رۆژئاوا نەبوو لەو ڕێچکانەی بۆی چوو.. بەڵکو چارەسەریەکە گەڕانەوەبوو بۆ دین! ئەو مەسەلەیە – کەمترین شت بە شێوە پانو پۆڕیەکەی – وای لێهات بوو لەلای ڕابوونی ئیسلامی بە تەواوی ڕوونو ئاشکرابوو ، هەر لە خودی ئەویش تەشەنەی کردو پەرپەوە بۆ کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵکی ،کە باوەڕیان بە قسەکانی داگیرکاری فیکری و بانگخوازی عەلمانیو،بانگ خوازی ڕووناك کردن لەسەر ڕێبازی رۆژئاوا نەدەکرد ،بەڵکو گوێی خۆیان لەئاست لادەداو بەرەو بانگەشەو هاواری ئیسلام دەچوون ، سکاڵای ئەمانەش ئەوەبوو،کە کیتابی ئیسلامی بەبرەو ترین کیتاب بوو لە بڵاوبوونەوەدا ،وانە ئیسلامیەکان وتارە ئیسلامیەکان لە هەموو شوێنێك دا چڕترین کۆبوونەوەی بە خۆوە دەبینی!

لاوانی ئەم ڕابوونە بەباشی تێگەیشتن ،کە ئەو لااله الا الله یەی بەرەو بەهەشتت دەباتو واقیعە لاڕێبوەکەی پێدەگۆڕدرێو واقعێکی ،کە خۆمان دەمانەوێ پێی دادەمەزرێ , ئەوا بەتەنها وشەیەك نیە بەزار بگوترێ! بەڵکو وشەیەکە لەگەڵ ئەو یەقینەی دڵەکانی پڕکردوەو کردەوەیە بە داخوازیەکانی لااله الاالله.

لاوانی ئەم ڕابوونە تێگەیشتن ،کە پەروەردەکردنی رۆح فەرزە بەڵام ، نەك لەسەر ئەو پاکیگارە روحیە بەگومانەی ،کە ویژدانی دینی بەرکادێنێ بەبێ ئەوەی بیگۆڕێت بۆ کردەوەو جیهادکردن بۆلابردنی ئیشی خراپ و کردنی ئیشی چاك لە جێگای خۆی.

ئافرەتی موسوڵمانیش لەزۆربەی جیهانی ئیسلامی تێگەیشت ،کە حیجاب بەشێکە لە دینەکەی بۆیە پابەندبوو پێی، سەرەڕای ئەم هەموو پڕوپاگەندەیەی دەکرا لە دژی ، سەرەڕای پڕوپاگەندەی دژو پاڵنەری دژەکە ،کە بانگخوازی داکیر کاری فیکریو پیاو ئافرەتە لەدین داماڵراوەکان پێی هەڵدەستان ، ئەوانەی لەناو قوڕی ڕەشدا خنکابوون.

لاوانی ئەم ڕابوونە تێگەیشتن ،کە ئەو رۆشنبیرە ژەهراویەی لەمیدیا جیاجیاکانی ڕاگەیاندنەوە پێشکەشیان دەکرێ ئەوا ئەو زادو توێشوە باشو چاکە نیە بۆ ئەوەی چەند نەوەیەکی ئیسلامی پێدابمەزرێ،بەڵکو هەر دەبێ رۆشنبیریەکی ڕەسەنی ئیسلامی هەبێت ،کە لە ڕێبازەکانی دا پشت ببەستێت بە بیرو بۆچوونە ئیسلامیەکان نەوەك پشت ببەستێت بەبیرو بۆچوونەکانی نەفامی سەردەم . ئەوەی بە سیفتەکی گشتیش ناونراوە زانستەکانی کۆمەڵایەتی ،بەتایبەتیش زانستی پەروەردەو دەروونو زانستی کۆمەڵناسی ، ئەواچەند زانستێکی بابەتیانە نیە بۆ ئەوەی ئەو بڕیارانەی لەسەری دراوە ببێتە

شتێکی جێگیر هەروەکو ،کە داگیرکاری فیکری هەوڵیدا خەڵکی وا تێبگەیەنێ ، بەڵکو چەند بیروڕایەکە دەربارەی کاروبارەکانی مرۆڤ و ژیانی مرۆڤایەتی، کە لەسەرەتادا هەلوێستی خاوەنەکانی لە بارەی خوایەتی خوا یەك نەبوو جیاواز بوو ، هەروا بیرو بۆچوونیان دەربارەی سروشتی پەیوەندی لە نێوان گەردوون و ژیانو مرۆڤ و لەنێوان خوادا ،کە بەدیهێنەری گەردوونو ژیان و مرۆڤە یەك نەبوو . پاشان ئەوەی لەو زانستانەوە دێت لەلای رۆژئاوادا ئەوا بەو روحە هلگەڕاوەیەی لەسەر خواهەیەتی پۆخڵەواتە ،کە زاڵە بەسەر ئەو گەلەی لەوێ دان هیچ مەسەلەیەکی جێگیری لێ وەرناگیرێت ، بەڵکو هەردەبێ لەو هەموو زانستانەوە بەدیلێکی ئیسلامی هەبێت .

هەروەها لاوانی ئەم ڕابوونە تێگەیشتن ،کە ئەو ئابوریەی بە سوو هەڵدەسوڕێ ئەوا حەرامەو هیچ گومانی تێدانیە ، با هەرچەندە– ساختە چیەکان ساختەتەیی بکەن لەبەڵگەو بەهانە هێنانەوە بۆی ، ئەوسووە نیشانەیەکی نەنگە لە نێوچەوانی موسوڵمانان کاتێك بەکاری دەهێنن‌و، هەر دەبێ هەوڵ بدرێ بۆ دیتنەوەی بەدیلێکی ئیسلامی لە بواری ئابووری دا . .

پێش هەموو ئەوانەوە لاوانی ئەم ڕابوونە تێگەیشتن ، کە حوکم کردن بەوەی خوا هەناردویەتیە خوار پەیوەستە بە بنچینەیەکی ئیعتیقادی ،کە ئێمە ناتوانین موسوڵمان بین ئەگەر رازی بووین بە تەشریعێك جگە لەخوا حەلال و حەرام بکا.

ئەو بڕیار لەسەردراوانە هەمووی هاتە ناو خەڵکی‌و بەچەند هەنگاوێکی جێگیر بڵاوبوویەوە ، سەرەڕای ئاگرو ئاسن .. سەرەڕای دەربەدەرکردن‌و ئەشکەنجەدان . . سەرەڕای فشاری ڕاگەیاندن ،کە بە توندی کەوتبوە سەر ئەو بڕیار لەسەر دراوانە. لێرەدا بواری درێژە پێدانی ئەوەی ڕابوون پێی

هەڵساوەو پێی هەڵنەستاوە نیە. . بەڵکو باس کردنی ئێمە لێرەدا دەربارەی خودی دیاردەکەیە . . دیاردەی ڕابوونەکە . .

ئەوەیە – ، کە هەروەکو بەردەوام دیلێین – گەڕانەوەیانە بۆ ئەو خورپەو ترپە سروشتیەی ئەم ئوممەتە . بۆیە لامان سەیر نیە ، کە ئوممەت گەڕایتەوە بۆ خورپەو ترپە سروشتیەکەی ، بەڵکو سەیر لەوە دایە ، کاتیَ لە کاتەکان لێی لادابوو .

بەڕاستی ئیسلام دینی فریشکە ﴿ فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا ۚ فِطْرَتَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا ۚ لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٠﴾ ﴾ الروم: ٣٠ تۆ هەر ڕوو لەم دینە بکەو هەر بەرەو هەق هەنگاو بنێ، دینێکی بنەڕەتیە و لەسروشتدا خوا ئەو خەڵکەی هەر بۆیەکتاپەرستی وەدی هێناوە . کاری خوداش گۆرانی بەسەر دانایە دینی پتەووپایەدار هەرئەمەیە"بەلامزۆربەی ئاپۆڕەی مەردم نەزانن .

باهەر هۆکارێکێك بێت ،کە لە ڕابردوودا وای لەخەڵکی کرد لەڕێی ڕاست لابدەن [1]، ئەوا بەڕاستی ئەو ڕابوونە هات خەڵکی بگەڕێنێتەوە سەر ڕێگا.

ئەم ڕابوونە بەقەدەرێکی خوایی هات ،کەبۆی دانابوو،هات بۆئەوەی خەڵکی لەخەوەکەیان بەئاگابێنێتەوەو , لە سەر گەردانی دەریبیێنی بۆ ئەوەی جارێکی تر کارەکەی بگرتەوە دەست .چونکە خۆری شارستانیەتی ڕۆژئاوا زۆری نەماوە ئاوابێ ..

---

(1) کۆمەلێك لەو هۆکارانەم باس کردوە لە کیتابی واقعنا المعاصر بەشی خط الأنحراف وبەشی آثار الأنحراف.

بەڕاستی ئەمە ڕووداوێکی مێژووییەو ، چەند دێرێکی پەرشو بڵاو نیە لەلاپەرەکانی مێژوو . .

ئێمە مژدە دەرین بەو ڕابوونە سەرەڕای ئەم هەموو ساتمانەی ، سەرەڕای ئەم هەموو کۆسپو تەگەرانەی لە ڕێگایدا دانراون . .سەرەڕای زانینمان بە دووری ڕێگاکە ،کە هێشتا لەسەرەتای ڕێگادایە !

ئەم ڕابوونە – بە حەول و قوەتی خوا – بەهێزترە لە هەموو ساتمەو کۆسپ و تەگەرەکان . .

ئەوجەنگەی کرا سەر ڕابوون ئەوا نەدەکراسەریو، جیهانی خاچ پەرست وسەهیۆنیەتیش بەوشێوە دڕندەیە کۆنەدەبۆوە هەروەکو ,کە چەند نمونەیەکمان لێ دیت لە بۆسنەو هێرسك ئەگەر ئەم ڕابوونە شتێکی ڕاست نەبایە و خۆی نەنواندبایە لەجیهانی واقیعداو مژدەی شتی زیاتری نەدابا..

بەڕاستی دوژمنان هەقیقەتی ئەم دینە دەزانن ﴿ ٱلَّذِينَ ءَاتَيۡنَٰهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ يَعۡرِفُونَهُۥ كَمَا يَعۡرِفُونَ أَبۡنَآءَهُمۡۖ ﴿١٤٦﴾ ﴾ البقرة: ١٤٦: ئەهلی کتێب – وەکو کوڕانی خۆ – ئەم پێغەمبەرە دەناسن .

دەزانن ،کە ئەگەر زیندووبۆوە لەدەروونەکان ئەوا دەتوانێ زۆرانبازی بکات با هەر چەندە دوژمنەکانی هێزیان هەبێتو. . دەتوانێ لەپاش ئەمە جێگیر ببێ بەوەی خوا لە ناوی داناوە لە هێزی هەق و،رەصیدی فریشكو قوڵایی یەقین .

ئەمەشە،کەموژدەی پێدەدەینو پێش بینی دەکەین لە بەیانیەکی بە ئومێد هیوا .

بەیانیەکی بە ئومێدو هیوا

ڕێگا بۆ بەیانیەکی بەهیوا بەگوڵ وگوڵزارفەرش نەکراوە. .بەڵکو بەدڕکو ئێش‌وخوێن فەرش کراوە..خوێنی ئەوشەهیدانەی لەڕێگا دەکوژرێن. .

بەڕاستی ئەمڕۆ هەمووجیهان موکڕە لەسەر سڕینەوەی ئیسلام لەزەویدا.

دوژمنان ئەوەجاری یەکەمیان نیە،کەموکڕن لەسەر ئەم هەوڵانە لەوکاتەی محمد– صلی اللهعلیه وسلم– بویتە پێغەمبەر هەتا ئەم ڕۆژگارە,خوای گەورە پێش چواردە سەدەو هەندێك وتەی خۆی هەناردۆتە خوار لەم بارەیەوە ،کەدەفەرموێ : ﴿ يُرِيدُونَ لِيُطْفِـُٔواْ نُورَ ٱللَّهِ بِأَفْوَٰهِهِمْ وَٱللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِۦ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿٨﴾ ﴾ الصف: ٨ گەرەکیانە تیشکی خودا هەر بەفوی دەم وەکوژێنن . خواش تیشکی خۆی هەر سەر دەخا ، با خودا نەناسانیش خۆشیان نەیە .

﴿یریدون أن یطفئوا نور الله بأفواههم ،ویأبی الله الا أن یتم نوره ولو کره الکافرون : دەیانەوێ بەفوی دەمیان ،تیشکی ڕۆشنایی خوا وەکوژێنن ،خوداش خۆی بڕیاری داوەکە ئەم تیشکەی هەر سەر کەوێ جا با خوانەناسانیش حەز نەکەن﴾ سورەتی توبە :32

لەو هەردو ئایەتەکە (ضمیر) دەگرێتەوە بۆ خودی ئەو دوژمنانەی ئەمڕۆ دەیانەوێ تیشکی خودا بکوژێننەوە : لە جوولەکەو فەلەو موشریکەکانو، ئەودووڕوانەی ، کە بەکرێ گیراویانن ﴿ وَلَن تَرْضَىٰ عَنكَ ٱلْيَهُودُ وَلَا ٱلنَّصَٰرَىٰ حَتَّىٰ تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ ﴿١٢٠﴾ ﴾ البقرة: ١٢٠ ئەم جوولەکەو فەلانە ، تا نەچیتە سەردینی ئەوان ، هەر گیزخۆشیان لە تۆنایە) سورەتی بقرە : 120 .(ولا یزالون یقاتلونکم حتی

یردوکم عن دینکم ان استطاعو: ئەوان دەستو لێ بەر نادەن ،هەر لەگەڵ ئێوە بەشەڕ دێن هەتا – بۆیان بلوێ – ئێوە لە دینەکەی خۆتان وەربگێڕن.

﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ تَوَلَّوْا قَوْمًا غَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِم مَّا هُم مِّنكُمْ وَلَا مِنْهُمْ وَيَحْلِفُونَ عَلَى الْكَذِبِ وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴿١٤﴾ ﴾ المجادلة: ١٤ : ئاخۆ تۆ ئەوانەت نەدیت کە بوونە دۆستی ئەوانەی خودا غەزەبی لێگرتوون ؟ لە ئێوەنین ،بە درۆ سوێند بە خوا دەخۆن وەدەشزانن کە درۆدەکەن.

بەڵام لەوانەیە جیاوازی لەنێوان هەوڵدانەکانی ئێستاو هەوڵدانەکانی پێشو ئەوە بێت ،کە لە هەوڵدانەکانی پێشو لەیەك کاتدا هەندێك لە دوژمنان هێرشیان دەهێنا سەر چەند پارچەیەك لەجیهانی ئیسلامی . بەڵام لەم جارەدا هێرشەکە لەلایەن هەموو دوژمنان لەیەك کاتدا کراوەتە سەر هەموو جیهانی ئیسلامی .

جیاوازیەکی تریش ،کە لەوانەیە هۆیەکی تەواو بێت بۆ بوونی جیاوازی یەکەم .. ئەویش جیهانی یسلامی – بە تێکرایی– لە هیچ کاتێك وەکو ئێستا ئەوەندە بێهێزو لاواز نەبووە . .

لەوانەیە ئەو هێرشە دڕندەیە جێگای سەرسورمان بێت لەگەڵ لاوازی و بێهێزی جیهانی ئیسلامیو خۆ تەسلیم کردنی لەوەی ،کە دەیانەوێ لەلایەنی سەربازیو سیاسیو ئابووریو هزری لەگەڵی دا بکەنو ، دەستەو سانیشە بۆ بەر پەرچ دانەوەی ئەو لێدانانەی ،کە لەڕاستو چەپەوە ئاڕاستەی دەکرێ.

بەڵام لەوانەیە کاتێك هۆکارەکان بزانی سەر سوڕمانیەکە نەمێنیێ. .

لێرە بەلایەنی کەم دوو هۆ هەنە بۆ ئەو هێرشە دڕندەیە ،کە هەموو دوژمنانی ئیسلام شانەو شان ئاڕاستەی دەکەنە سەری ، هەتا ئەوانەی

دوژمنکاریەکی توندیان لەنێوان دا هەیە وەکو نێوان سربو کروات ئەوا لەسەر هیچ شتێك بەیەك ناگەن . . تەنها دژایەتی ئیسلام نەبێت!

هۆی یەکەم دوژمنانی ئیسلام ئەوانەی لەماوەی دووسەدەی پێشوو پیلانیان گێڕا دژیو نەخشەیان کێشاو زۆر بەوردی و تۆکمەیش جێبەجێان کرد ،ئەوە واگومانیان برد ،کە نەخشەکەیان بەتەواوی و بەیەك جاری کۆتایی بەئیسلام دێنێت و ئەوان هەتا هەتایی لەدەستی ئەو دوژمنە دەحەسێنەوە ،کە لەمیانی مێژوودا سەریانی ئێشاندوە .لەناو بردنی دەوڵەتی عوسمانیو،تەفروتونا کردنی پاش ماوەی پیاوی نەخۆش بۆچەند ولاتۆکەکی چروکی بێهێزی هەژار لەسەرو هەموانیش دژ یەکو ڕق لێك هەستاو ،ئەوە گورەترین سەرکەوتن بوو,کە لە هەموو مێژوودا لەسەر ئیسلام بەدەستیان هێنا ،جا دەستی خۆیان داوەشاند لەخۆشی سەرکەوتنیانو،دانیشتن بەروبوومەکەیان لێدەکردەوە. .

بەڵام لەناکاو ڕابوون قیت بۆوە!

وەنەبێ لەبیرو هەستیاندا ڕوودانی بێداربوونەوە نەبووبێ، بەڵکو شوێنێکی ڕوونو بەرچاوی لەنەخشەکانیاندا هەبووە .

لەساڵی1907 ز ڕاپۆرتێکی لۆرد کامبل دەرکەوت . کە یەکێکە لە لۆرداتی بەریتانی ،کە ئەو کات بەریتانیای عوزما بوو ،کە ڕای سپارد بۆ ئەوەی لێکۆلینەوەیەك بکات لەدیاردەی بەدیار کەوتنی بێداربوونەوە لەو ناوچە عەرەبیەی ،کە لەناو جیهانی ئیسلامی دایەو بوویتە مایەی دڵەڕاوکێ بۆ دەوڵە ئیستیعماریەکان . جا هەڵسا بەو کارەو لێی کۆلیەوەو ڕاپۆرتەکەی ئاڕاستەی هەموو دەوڵەتە ئیستیعماریەکان کرد،بەتایبەتی بۆ بەریتانیاو فەرەنساو بەوەسفەی ،کە چاودێری سەرەکینە بەسەر بەشی عەرەبی لەجیهانی ئیسلامی

،جاوتی (لێرەدا یەك گەلْ هەیە نیشتەجێنە لەکەنداو تا زەریا ،زمانەکەیان یەکەو ،دینەکەیان یەکەو ،زەویەکەی پێکەوە لکاوەو،مێژوەکەی پێکەوە بەستراوە . ئێستا لەناو چنگی ئێمە دایەو بەلاَم وادەستی کردوە بەجولەجول و ئەم لاو ئەولادەکات ، بەیانی چیمان بسەر دێت ئەگەر عیملاق بێداربۆوە ؟) پاشان وەلاَمی پرسارەکەی دایەوە بۆئەوەی ((لایەنی پەیوەندی دار)) دلْنیا بکات و وتی: (ئێمە پێویستە پەیوەندی ئەو گەلە لەگەلْ یەکتری بپچڕێنین بەدورست کردنی ولاتێکی تر ، کە دۆستمان بێ ودوژمنی خەلْکی ناوچەکە بێت ، وەکو درکێك وابێت ،کە هەرکاتێك عیملاق ویستی هەربستێتەوە لەپێی ڕابچێ ! !)[1]

ئەمەیە ئیسرائیل . .پیلانێکی خاچ پەرستی سەهیۆنی ڕوون و ئاشکرا دژی ئیسلام . .

بەلاَم ((لایەنی پەیوەندی دار)) بەتەنها وازیان نەهێنا لەڕووبەڕو بوونەوەی ئەو ڕابوونە پێش بینی کراوەی ،کە ((کامبلْ)) گوزارشتی لە بارەیەوە کرد بەوەی وا عیملاق دەستی کردوە بە (جولە جول و ئەم لاوئەولا دەکات) بەلْکو چەند پێشەواو چەند سەرکردەیەکیان پەروەردەکرد بۆ ئەوەی کاتێك تورە بوون و ڕق و قین ڕوودەدەن بتوانن هەمووی لەخۆ بگرن و پاشان لەکۆتایدا بیگۆڕن بۆ کەف بۆ ئەوەی لەسەر ڕوو بلاَو ببێتەوەو پاشان دوای ماوەیەك لابچێت بێ ئەوەی هیچ شتێك لەسەر ڕوو بەجێ بهێلێت ! ئەمە سەرەڕای ئەم ڕێو شوێنانەی ،کە دەگیرا بەر وەکو یەدەگێك ! چەند پێشەوایەکی سیاسیو سەرکردەیەکی گەلْ کەش و هەوای پڕکردبوو ،پاشان

---

(1) بگەڕێوە بۆ ڕاپۆرتەکەی لۆرد کامبل لە بلاَکراوەکانی زانکۆی عەرەبی لە قاهیرە

لەکۆتایدا زەرەری بەرژەوەندیەکانی لایەنی پەیوەندی داری نەبوو, بەڵکو زیاتر دەیچەسپاند ،گەلەکانیش بێئاگانو چەپڵە لێدەدەن بۆ سەرکردە پاڵەوانەکانی لەکاتێك وڵاتەکەیان بەرەو دارِمان و ڕووخان دەبەن!

بگرە لە تەنیشت ئەوەش سینەماو شانۆو ئێزگەو(لەوکات هێشتا تەلەفزیۆن بەدیار نەکەوتبوو) ڕۆژنامەو بەرنامەکانی فێربوون و . . رزگارکردنی ئافرەت![1]

لەگەڵ هەموو ئەمانەش ڕابوون هەر هاتەکایەوەو سەری هەڵدا.

چی پێش بینی دەکەی بۆ ئەوانەی نەخشەیان کێشاو، وا گومانیان برد ، کە نەخشەکانیان کۆتایی بە ئیسلام دێنێت و جارێکی تر گەڕانەوەی نابێت؟!

هەرچی هۆی دووەمە – کە بەهەمان شێوە پیوەستە بەڕابوون – ئەوا هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا– زانینیانە بە ڕاستیو دورستی ئەم دینەو هەروا، زانینیانە، کە ئەگەر ئەو ڕابوونە لە دڵەکان جێگیر بوو ئەوا هیچ شتێك ناتوانێ بیوەستێنێ هەتا نەگاتە مەدای خۆی . .

لەم دوو هۆیە پێکەوە: وەڕسیو بێزاریان لە بودەڵ بوونەوەی نەخشەکانیان ماوەی دوو سەدە زیاترو، سەخڵەت بوونیان لەو بەرژەوەندیانەی کە ڕابوون هەرەشەی لێدەکات ئەگەر بەردەوام لە ڕەوتی درێژ بوونەوە دابێت ، ئەوا دەتوانین لەو هەڵوێستە هارو دژوارە بگەین ، کە لە زەوی دا بەڕێوە دەچێ بۆ لێدانی بزاڤی ئیسلامی.

ئەگەر بێتوئەو بەرژەوندیانە ڕەوا بووانەو مەعقول بان ئەوا نەدەبا لەهیچ شتێکی ئەو ئیسلامە بترسابا، چونکە هەر ئیسلامە فەرمانی بە دادگەری کردوە

---

(1) فراونتر باسمان لەم کاروباراندا کردوە لە کتابی واقعنا المعاصر لا 215 – 263

لەگەڵ ئەهلی کیتابو ، خوای گەورەش پێغەمبەرەکەی ڕاسپاردوە بۆ ئەوەی پێیان بڵێ ﴿ وَقُلْ ءَامَنتُ بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِن كِتَـٰبٍ ۖ وَأُمِرْتُ لِأَعْدِلَ بَيْنَكُمُ ۖ ٱللَّهُ رَبُّنَا وَرَبُّكُمْ ۖ لَنَآ أَعْمَـٰلُنَا وَلَكُمْ أَعْمَـٰلُكُمْ ۖ ﴿١٥﴾ ﴾ الشورى: ١٥: بێژە : من بە هەر کتێبی خودا ناردویتە خوارێ ،بڕوام هەیە ، فەر مانیشم پێدراوە ، بەیەکسانی بە کاروبارتان ڕابکەم ، ئێمەو ئێوە خوا پەروەرندەمانە ، کردەوەی خۆمان بۆ خۆمان ،کردەوەی خۆتان بۆ خۆتان .

بەڵام ئەو بەرژەوەندیانەی،کە هەندێك جار ڕایدەگەیەنن و هەندێك جار دەیشارنەوە ئەوا نایەوێت هیچ ئیسلامێك لە سەر زەوی بێت .. بەڵام لەپشتیەوە مەشیئەت و ویستی خودا دەوەستێت .﴿ وَيَأْبَى ٱللَّهُ إِلَّآ أَن يُتِمَّ نُورَهُۥ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْكَـٰفِرُونَ ﴿٣٢﴾ ﴾ التوبة: ٣٢: خوداش خۆی بڕیاری داوە کە ئەم تیشکەی هەر سەرکەوێ جا با خوانەناسەکانیش حەز نەکەن.

ئەگەر بێتو لە نهێنی شاڵاوە دڕندەکە گەیشتین‌و لەو موکوریە گەرم وگوڕە گەیشتین،کە ئاڕاستەی بزاڤە ئیسلامیەکان دەکرێت بۆ لەناو بردنی ،ئەوە لەبەیانیەکی نزیك یان دوور چی پێش بینی بکەین لەکارو بارەکەی؟

بەڕاستی پێش بینی هەموو خێرێك دەکەین . . !

نالێین ئەمە بەڕاست زانینمانە بۆ ئاواتەکانمان ! بەڵکو متمانە بە بڵێنی خوا دەیلێین و،لەسەر تیشکی ئەو سوننەتانەی خوا هەڵیدەسوڕێنێ و هەموو کاروبارەکانی مرۆڤیشی لەزەویدا پێ هەڵدەسوڕێنێ .

هەرچی ڕۆژ ئاوای خاچ پەرست و سەهیۆنیەکان‌و بەکرێ گیراوەکانیان ئەوا زۆر بەگەوجاتی‌و گەمژەیی دژی برژیەوەنیدیەکانی خۆیان کاردەکەن !

ئەوانە بەو هەلویستە هارو دژوارەی مومارەسەی دەکەن بۆ لەناو بردنی بزاڤە ئیسلامیەکان ،نەوەیەك پەروەردەدەکەن ،کە نەتوانن لە ڕووی بوەستن و درەقەتی بێن ! ئەمەش دەکرێت لەبێئاگایی ئەوان و بەتەگبیرەکی خوا بۆی ،هەروەك بلێی قەدەری خوایە دەیان هاژوا بۆ دەرپەڕاندنی ئەو نەوەیە لەسەر دەستیان !

لە ڕاستیدا تەقینەوەکان بەردەوام کاتێك ڕوودەدەن، کە مردن و ژیان لەلای خەڵکی وەك یەکی لێبێت ، یان کاتێك لەلای خەڵکی مردن بۆیان ساناترە لەژیان!

هەموو ئەو تەقینەوانەی ڕووی داوە لەمێژوو لە پێشیدا هەلوێستێکی هارو دژوار هەبووە بۆ لەناو بردنی تەزویەکی سەرکەوتوو کە تاغیەکان گومانیان برد دەتوانن بەزۆریو ئەشکەنجەدان لەناوی ببەن !

ئەوەی ئەمڕۆ لە زەوی دا ڕوودەدات لەو هەوڵانەی دەدرێت بۆ لەناو بردنی موسوڵمانان ،جا یەکسانە لە بۆسنەو هێرسك بێت ، یان کشمیر، یان فەلەستین ، یان بۆرما ، یان تاجیکستان ، یان لەناو بەندیخانەکانی ئەشکەنجەدان . .ئەوا ئەنجامەکەی تەنها دەبێتە دەرپەڕاندنی چەند نەوەیەکی پشت ئەستورترو ،منجرترو ،پشوودرێژترو،تێگەیشتوتر بۆ ڕاستی ئەو جەنگەی ،کە لەزەویدا ئەخولێتەوە لەنێوان دینی خواو دوژمنانی خوا .

ئەو ئەنجامەش – بێگومان – دژی بەرژەوەندیەکانی لایەنی پەیوەندی دارە!

ئەگەر تێی بگەیشتبانە وایان نەدەکرد (ولو شاء ربك مافعلوه) سورەتی انعام112

بەڕاستی ئیسلام لەهەر ڕێگایەکەوە بێت ئەوە دێت ، هەروەکو ،کە گوتومانە لە کیتابی دروس من محنه البوسنه والهرسك یان بە تەزویەکی نەرم و لەسەرخۆ ، کە کاردەکا بەهێمن و ئارامی بۆ ئەوەی بەکاوەخۆ بگاتە ئامانجەکانی ،یان بەتەزویەکی توڕەو توندو تیژ ، پەنا دەباتەبەر توندیو لەڕێگادا پەلەدەکات.

ئێمەش – هەروەکو گوتومانە لەو کیتابە – تەزووی لەسەرەخۆو نەرم هەزار جار بەباشتر دەزانین ،کە کاردەکات بەهێمن وئارامی ،باتەواو بوونەکەشی چەند نەوەیەك بخایەنێ ! بەڵام چی بکەینو چارمان چیە لەدەست گەمژەیو گەوجاتی ڕۆژئاواو گەمژەیو گەوجاتی ئیسرائیل[1]؟!

---

(1) کاتێك رۆژئاواو ئیسرائیل و بەکرێ گیراوەکانیان لەجیهانی ئیسلامی بەردەبنە گیان موسوڵمانان و ئیسلام بە ئاگرو ئاسن کوشتنو گرتن ودەربەدەر کردن و بێبەش کردنیان بەئەنقەست لە سادەترین مانای ژیان و خۆشگوزەرانی ، هەندێك لە موسوڵمانان بۆ راگرتنی ئەم دەست درێژیانەو بەرپەرچ دانەوەیان و سەندنەوەی مافە زەوت کراوەکانیان رێگای توندو تیژو سەخت دەگرنە بەر وەکو مافێکی ڕەوای خۆیان ، کە شەریعەتی زەوی‌و ئاسمانو رێگای پێداوە بۆ بەرگری کردن لەخۆیان و دین و ئابرویان ،جا خودی هەڵبژاردنی ئەم ڕێگایە خەتای ئەوان نیە بەڵکو خەتای هەلوێستی سەخت و دژواری خاچ پەرست و جوولەکەی سەهیۆنیە ، کە مومارەسەی دەکەن بەرامبەر بە موسوڵمانان کورد گۆتەنی : کە جام پڕبوو لەسەری دەرژێ ،بەڕاستی هیچ گەلێك لەگەلانی دونیا پێشوازی نەکردوە لەداگیرکەران بە گوڵ و گوڵ زارو رەیحان ئەمە چ جای ئوممەتی ئیسلام کە دینەکەی دینی سەروەری و هێزو جیهادەو هەموو پیلان و نەخشەو دەست درێژیەك لە گۆڕ دەنێت ، کەبیەوێ لەناوی ببات وبیسڕێتەوە ،پاشان ئەو داگیرکەرانە بەخۆیان سەلماندویانە ،کەوەکو گایەکی سەرکەشی ئیسپانی وانە هەتا لەشی بەڕم کون کون نەکەی ڕاناوەستێ لەپەلاماردان و وێران کاری جا بۆ گلەیی بکرێ لە موسوڵمانان لە هەڵبژاردنی ئەم ڕێگایە ! ڕاستە ئەم ڕێگایە لایەنی خراپی لێدەکەوێتەوەو کەمێك زەرەرو زیانی بۆخودی خۆیان و ئوممەت و

ئەگەر بێتو ئەمە حالی دوژمنان بێت . . ئەدی حالی ڕابوون چیە؟

ئەگەر بێتو بگەڕێینەوە بۆ ڕێرەوی ڕابوون – کەهەر دەبێ وەبکەین– دەبینین – هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا– ئەوا هەڵساوە بەکۆششو ماندووبوونێکی زۆر ، شوێنەواری لەسەرگۆرەپان بە ڕوونی دیارە ،بەڵام پەلەی لە هەندێك هەنگاودا کردوە ، سستو خاویەکی زۆریشی لە هەندێك بواردا نواندەو ، هەندێك بواریشی بەجێ هێشتەوە بەبێ ئەوەی کۆششێکی شایەنی بۆ سەرف بکات . .

ئێرە بواری درێژە پێدانی هەموو ئەو شتانە نیە. بەڵام هەردەبێ ئاماژە بەچەند نیشانەیەکی خێرا بکەین بۆ ڕوون کردنەوەی ئەو شتانەی دەیلێین .[1]

ڕابوون بە کۆششێکی ئیعلامی گەورەوە هەڵسا، سەرەڕای بێ بەش کردنی بەئەنقەست لە زۆربەی دەزگاکانی ڕاگیاندن!

ئەم هۆشیاریو بێداربوونەوەیەی ئەمڕۆ لەلای ئاپۆرەی خەڵك هەیە ، ئەوا – پاش چاکەو فەزلی خوا – دەگەڕێتەوە بۆ ڕابوونی پیرۆزو ، بۆ ئەو کۆششو

بانگەواز هەیە ،بەڵام کەسێك بیەوێ بخنکێ دەستی درێژ دەکات بۆ هەموو چیلکە دارێك بۆئەوەی دەستی پێوەبگرێت و ڕزگاری بێت، شاعیردەڵێت : فاذا لم یکن من الموت بدّ فَمِنَ العار ان تکون جبانا : ئەگەر نەتوانی لەدەستی مردن ڕابکەی نەنگە ترسنۆك بی.

ئەم هۆکارانەی ئەمڕۆ موسوڵمانان دەیگرنەبەر بۆبەرگری کردن لەخۆیانو دینو ئابڕویان زۆربەی هەرە زۆری ڕەواو شەرعینە ،ڕێژەیەکی کەم هەنە نامەسئولانەو بێ پلانو نەخشە کاردەکەن بەڵام لەبەر ڕێژە کەمەکەیان ئیوەی نیە هەر ئاماژەشی بۆ بکەین. وەرگێڕ

(1) هیوام وایە خوای گەورە سەرکەوتوم بکات یۆ نوسینی لێکلینەوەیك بەناونیشانی کیف ندعوا الناس.

ماندووبوونە بەردەوامەی ،كە بەگەڕی خست لەماوەی نیو سەدە بۆ پێناساندنی ئیسلام بۆ خەڵك.

ئەمەش كۆششێكە هەر دەبێ باسی لێوە بكرێ . .

ئەگەر ئێمە بێتو لەسەدەی ڕابردوو بەحالی موسوڵمانان دابچینەوەو ماوەی ئەو غوربەتەی ئیسلامی لول پێچ كردبوو ، هەتا وای لێهات نامۆ بێت لەلای خەڵكەكەیو ، وای لێهات ئەوەی دەستیان پێوەدەگرت ،كە ئیسلامە ئەوە وەكو بلێی دینەكی ترەو ئەو دینە نیە ،كەخوای گورە ناردیتەخوار . . ئەگەر بەو حالە دابچینەوەو جیاوازیمان پێكرد لەگەڵ ئەو ئێستایەی ،كە هەموو گۆڕپانی پڕكردوە یەك سەر لەو كۆششو مانووبوونە تێدەگەین ، كە بانگەواز سەرفی كردوە لەو بوارەدا.

دیار ترین شتیش ،كە ڕابوون لەم بوارەدا پێی هەڵسا كۆشش كردنی بوو بۆلابردنی شوێنەواری فیكری ئیرجائو فیكری سۆفیو ڕاكردن لە ئەركەكان، یان بەلایەنی كەم سوك كردنی شوێنەواریان بوو. .كە بەڕاستی ئەم سێ شتە توند ترین شت بوون ،كە ئوممەتی ئیسلامیان تووشی بێهێزیو كەنەفتی كرد .

بەهەمان شێوە دیار ترین شت ،كە پێی هەڵسا پێداگرتنی بوو لەسەر مانای لااله الا الله ،كەوشەیەك نیە تەنها بەزار بوترێ , باوەڕیش وتەیەك نیە جیاكراوە بێت لەكردەوە ،هەروەكو پێشینان وتویانە باوەڕ وتەو كردارە . .كردارە بەداخوازیەكانی لاالەالا الله لەواقیعی گەواهی دراودا . . بەڕاستی گەمارۆدانی باوەڕ لەدركاندنی لااله الاالله بەزوبان لەلایەك شوێنەوارێك بوو لەشوێنەوارەكانی فیكری ئیرجائو ،لەلایەكی تریش ئارەزووكردنی هەڵاتن بوولە ئەركەكان . لەلایەنی سێهەمیش ئەو چەواشە كردنەبوو،كەدامودەزگاكانی داگیركاری خاچ پەرستان وسەهیۆنیەت پێی هەڵسان ،بۆ ئەوەی موسوڵمانان

لەمەڕ حەقیقەتی لاالەالاالله سەرخۆش بکەن و ،لایەن بدەن لەهەر هەوڵێکی جیدی ،کە بیەوێ بیگۆڕێت بۆ واقیعێی زیندووی بزوێنەر هەروەکو ،کە حەقیقەتەکەی خۆی ئەو هایە ،کە لەلایەن خوا هاتۆتە خوار .

یەکێکی تر لەشوێنەوارەکانی ڕابوون لابردنی سەرسامی بوو بەوەی لەلای رۆژئاوادا هەیە ، یان – بەلایەنی کەم– کەم بوونەوەی شوێنەواریان بوو لەسەر گیانی خەڵك . . بەڕاستی ئەم سەرسام بوونە لەتوندترین فاکتەری بەندایەتی کردنی خەڵك بوو بۆ رۆژئاواو سەقەت کردنیان بەوەی نەتوانن هەر بیریش لەبەرگری کردن بکەنەوە هەتا لەناو هزرو هەستەکانیشیان ، ئەمەچ جای بەرگری کردنیان لەواقیعی هەست پێکراودا.

لێرەدا لەشتە بژاردەکانی ڕابوون ئەوەیە,کە بانگەشەی نەکرد بۆداخستنی دەرگاکان لە ڕووی ئەو شتانەی لەلای ڕۆژئاواوە دێن ،بانگەشەشی بۆ گۆشە گیری نەکرد لەکاروانی ژیانی زیندوو ،بەڵکو بانگەشەی کرد– لەسەر ڕێنمایی – بە پێویستی هەڵبژاردن بۆئەو شتانەی لەلای رۆژئاوادا هەیەو ،وەرگرتنی هەندێکیان ،کە دەبێ وەربگیرێ و واز لێهێنانی هەندێکیشیان ، کەدەبێ وازی لێبهێنرێ ،هەروا سوود وەرگرتن لەو شتانەی وەرگیراوە بۆمل کەچکردنی بۆ ژێر ڕێبازی ئیسلامی ،نەك ئیسلام بهێنرێتە ژێر باڵی ڕێبازەکانی رۆژئاوا. .

بەهەمان شێوە ئەو شتەی ، کە بۆ ڕابوون حیساب دەکرێ کارە زەبەلاحەکەی بوو لە بواری ئافرەتدا . ,بەڕاستی گۆڕەپانی ئافرەت لە گەورەترین ئەو بوارانە بوو ،کە داگیرکاری فیکری ئیشی لەنێوداکرد ،بۆ ئەوەی کۆمەڵگا گشتی لەئیسلام بێننە دەرەوە . دایك منالّەکانی لەتەمەنی سەرەتاییاندا تۆی ڕێبیری عەقیدەو ڕێبیری چاکەو ڕێبیری ڕەوشتی لەنێو

دەچاندن ،جا ئەگەر دایك ,كە هێشتا كچە ،حیجابەكەی فڕێداو پەرستنەكانی فەرامۆش كردو سەر جەنجاڵ كرا لەمەڕ خوایو قیامەتەكەی بەبەدواكەتنی مۆدەو كەلوپەلەكانی جوان كاری و دەرچوونی لەماڵ بۆ فیتنەو خۆ ڕووت كردنەوە ، ئەوا كاتێك دەبێتە دایك منالّكانی لەسەر عەقیدەو باشەو ڕەوشتی چاك پەروەردە ناكات ، چونكە كەسێك بەخۆی شتێكی نەبێت ناتوانیٚ بیبەخشێت (فاقد الشیْ لایعطیة).

بەڕاستی داگیركاری خاچ پەرستو سەهیۆنیەت لەم گۆرەپانەدا كۆششێكی زەبەلاحیان سەرف كرد ، بەجۆرێك ،كە ئاسان نەبێت بۆ ئافرەتی موسوڵمانی پابەند بەحیجاب بژیت لەو كۆمەلّگایە ڕووتو رەجالّ و هەلّوەشاوەو بەرەللایە ،كە پریەتی لە خراپەو خراپەكاری. . بۆیە ئەمڕۆ بانگخوازی داگیركاری فیكری بەواق وڕمانو بێزاریەكی زۆر دەڕواننە دیاردەی حیجاب ،كە تەنها كچەكانی زانكۆی نەگرتەوە ،بەلّكو گەیشتە ((ئافرەتەهونەرمەندەكان))ئەوانەی ,كە پێش بینی دەكریٚ دواپین كەس بن بگەڕێنەوە بۆ لای خوا!

ئەمانە – هەمووی لەپاش چاكەو منەتی خوا– حیساب دەكرێت لەماوەی نیو سەدەدا بۆ كۆشش و ماندووبوونی بانگەواز.

بەلّام بانگەواز لەهەندێك كاروباردا پەلەی كردوە،كەوا گومانی برد لێهاتوە بۆ ئەم كاروبارانە. .

پەلەی كرد لە بەركەوتنی لەگەلّ دەسەلّاتدا ، پەلەی كرد لە گەیشتن بۆ حوكم .

بەڕاستی بەركەوتن لە نێوان دەسەلّاتو بانگەوازدا – لەماوەی بیٚ هێزی نابێت لەلایەنی بانگەوازەوە بێت ، بەلّكوبەردەوام لەلایەنی دەسەلّاتەوەیە، كاتێك دەسەلّات لەبانگەوازی ئیسلامی دەدات ،كە هیچ ناكات تەنها حەقیقەتی لاالەالاالله

بۆخەڵکی ڕوون دەکاتەوە ،خەڵکیش – بەگەواهی دەری واقیع – حوکمی ئەم دەسەڵاتە لە ئیسلامداو هەڵوێستەکەشی دەزانن لەمەڕ بانگەوازی لاالەالاالله.بەڵام کاتێك هەلێك دەدۆزرێتەوە بۆڕاکێشانی بزاڤەئیسلامیەکان بۆجەنگێکی بێ چونیەك (غیرمتکافیء) ئەواسەرکەوتوودەبێ لەشێواندنی کارەکە لەلایەن ئاپۆرەی خەڵك و وای تێ دەگەیەنێ ،کەئەولەگەڵ ئیسلام داناجەنگێت ،بەڵکولەگەڵ تیژڕەوی وتوندیدا دەجەنگێت . . کە بەمە هۆشیاری وتێگەیشتنی خەڵك بۆ کاروبارەکە دوادەکەوێ، کە ئەمەیان توخمێکی گرنگە بۆ بزاڤەکە و نابێت دەست بەرداری بێت.

بەهەمان شێوە پەلە کردن بۆ گەیشتنە حوکم . . ,کە لەسەرەتا دامەزرا لەسەر هەر خەڵەتان بەگەرم و گوڕی ئاپۆرەی خەڵك ..بەڵام گەرم و گوڕی ویژدان شتێکەو خۆکردنە سەربازی خەڵکی بۆ کاروباری لااله الاالله شتێکی ترەو جیاوازە .. شتێکە پەروەردەکردن دورستی دەکاتو وتارە بەگوڕوتینەکانو کیتابو موحازەرەکان دورستی ناکەن!

پەروەردەکردن ئەو لایەنەیە ، کە دەلێین بەڕاستی ڕابوون سستیو خاوی بەرامبەردا کردوە ،لەگەڵ ئەوەی ، کە شادەمارێکی زیندوە بۆ بانگەواز،کە لەپاش چاکەو فەزلی خوا دەستەبەری جێگیری دڵەکان دەکات لەسەر هەق وبەردەوام بوونی لەسەر ڕێگا .جایەکسانە لەقۆناغی بانگەواز بێت یان لەقۆناغی جێگیر بوون کاتێك خودا بە منەت و میهرەبانی خۆی ئەو جێگیر بوونە دەبەخشێت .

بەڕاستی گەرم و گوڕی بۆ ئیسلام شتێکی جوانە . . گۆڕان کاری دەکات بۆ ڕابوون لەوێنەی گشتی کۆمەڵگادا – بەتایبەتی بۆلاوەکان – لەوێنەیەکی بێئاگای گاڵتەجاڕی هەڵاتووی بەرەڵای توێنوو لەبەدواکەوتنی بۆڕۆژئاواو،

خنکاو لەناو پیسی بۆچوونەکانو هەڵس وکەوت ، بۆ وێنەیەك ، کە لەنێوی دا پابەندبوون و پەرستن هەیەو خۆسەر قاڵکردن نیە لەشتە بێ سودەکان و ڕووتێکردنە بۆ خواو گەرم و گوریە بۆ بانگەواز.

بەڵام ئەمە سەرەتایە لە کاتێك زۆر لە بانگخوازەکان گومانیان برد ،کە ئامانجە . .

لەنێوان گەرم وگوڕی گڕگرتوو بۆئیسلام و نێوان هێنانە دی داواکاریەکانی ئیسلام لەدەروونەکانو واقیعداو خۆ کردنە سەربازی خەڵکی بۆی بەهۆشمەندیو چاوساغی ،ئەوا ماوەیەکی دوورو درێژ هەیە ، کە پەروەردەکردنی لەسەر خۆو ئارام و ئامانج گرو درەوشاوە دایدەپۆشێ . .

هەر چۆنێك بیت ناکرێت تێکرای ئوممتێك بەیەك جاری پەروەردە بکرێت ، کۆششو مانووبوونی پەروەردە هەرچەندە زۆر بێت – ناکرێت– هەموو تاکێك لەئوممەت بەچەشنێکی ویستراو پەروەردە ببێت . چونکە ئەمە ڕووی نەداوە لەهیچ کۆمەڵگایەك لەکۆمەڵگاکانی جیهان ، هەتا ڕووی نەداوە لەو کۆمەڵگایەی ، کەگەورەترین پەروەردەکەر محمد– صلى الله عليه وسلم– لەهەمووو مێژووی مرۆڤایەتی دایمەزراند ، کە لەو کۆمەڵگایەدا دوو ڕووی تێدابووە ، تێی دابوە بەئەنقەست خۆی لە جیهاد دواخستوە، تێی دابوە خۆی بەزەویدا نووساندوە لەتەمبەڵیان لەمەڕ جیهادکردن ، خەڵکێکی باوەڕ کزی تێدابووە ، خەڵکێکی سادەوساکارو گێلی تێدابووە ،کە هێندراو نێردراو هەلی فریواندوون ،هەروەکو،کەوەسفی هەموو ئەوانە لە قورئان داهاتوە ﴿إِذَا جَآءَكَ ٱلْمُنَٰفِقُونَ قَالُوا۟ نَشْهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُۥ وَٱللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ لَكَٰذِبُونَ ۝١ ٱتَّخَذُوٓا۟ أَيْمَٰنَهُمْ جُنَّةً فَصَدُّوا۟ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّهُمْ سَآءَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ۝٢﴾ المنافقون: ١ - 2

وەختیٚ دووڕوو دێنە لای تۆ ،ئێژن :شایەتیت بۆ دەدەین کە تۆ پێغەمبەری خودای ،خوداش دەزانیٚ کە تۆ پێغەمبەری ئەوی وخوا گەوا هەکە —بەڕاستی — هەرچی دووروون درۆزنن .سوێندی خۆیان کردۆتە قەلٚغان خۆیان و لەمپەرن لەڕێگەی خوداو ئاکاریان زۆر نالەبارە .

﴿ وَإِنَّ مِنكُمۡ لَمَن لَّيُبَطِّئَنَّ فَإِنۡ أَصَٰبَتۡكُم مُّصِيبَةٞ قَالَ قَدۡ أَنۡعَمَ ٱللَّهُ عَلَيَّ إِذۡ لَمۡ أَكُن مَّعَهُمۡ شَهِيدٗا ﴿٧٢﴾ وَلَئِنۡ أَصَٰبَكُمۡ فَضۡلٞ مِّنَ ٱللَّهِ لَيَقُولَنَّ كَأَن لَّمۡ تَكُنۢ بَيۡنَكُمۡ وَبَيۡنَهُۥ مَوَدَّةٞ يَٰلَيۡتَنِي كُنتُ مَعَهُمۡ فَأَفُوزَ فَوۡزًا عَظِيمٗا ﴿٧٣﴾ ﴾ النساء: ٧٢ - ٧٣: هێندێکی واتان لەناو دان کە بەئانقەست خۆوە دوادەداو ناو گاتیٚ .ئگەر ئەوسا ئێوە تووشی چورتمێك بن ،ئێژیٚ :خودا منی بەچاکە خوێندەوە کەمن دەگەلٚیاندا نەبووم.ئەگەر ئێوە لە سایەی چاکەی خوداوە دەسکەوتی باش و دوست کەوت ،وەك کەسێکی کەدەپێشدا هەر یەکترو نەناسیبیٚ و دۆستایەتیتان نەبووبیٚ،ئێژیٚ:خۆزی منیش ڕە گەلٚیان کەوتبام ،ئەوسا منیش لەو خێرو بێرە گەورەیە بەشدار دەبووم .

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَا لَكُمۡ إِذَا قِيلَ لَكُمُ ٱنفِرُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱثَّاقَلۡتُمۡ إِلَى ٱلۡأَرۡضِۚ أَرَضِيتُم بِٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا مِنَ ٱلۡأٓخِرَةِۚ فَمَا مَتَٰعُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا فِي ٱلۡأٓخِرَةِ إِلَّا قَلِيلٌ ﴿٣٨﴾ ﴾ التوبة: ٣٨ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان ! چیتانە کە پێتان ئێژن :وەدەرکەون بۆ خەزا لەڕێی خودادا ،تەمەلٚن لەجێی خۆ نابزوون ؟ ئاخۆ ژیانی دونیاتان لە قیامەتیٚ پیٚ خۆشترە ؟! گوزەرانی سەر دونیایە بەرامبەر بە گوزەرانی ئەو دونیتان شتێکی زۆر کەم بایەخە .

﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ قِيلَ لَهُمْ كُفُّوٓاْ أَيْدِيَكُمْ وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيْهِمُ ٱلْقِتَالُ إِذَا فَرِيقٌ مِّنْهُمْ يَخْشَوْنَ ٱلنَّاسَ كَخَشْيَةِ ٱللَّهِ أَوْ أَشَدَّ خَشْيَةً ۚ وَقَالُواْ رَبَّنَا لِمَ كَتَبْتَ عَلَيْنَا ٱلْقِتَالَ لَوْلَآ أَخَّرْتَنَآ إِلَىٰٓ أَجَلٍ قَرِيبٍ ۗ قُلْ مَتَـٰعُ ٱلدُّنْيَا قَلِيلٌ وَٱلْـَٔاخِرَةُ خَيْرٌ لِّمَنِ ٱتَّقَىٰ وَلَا تُظْلَمُونَ فَتِيلًا ﴿٧٧﴾ ﴾ النساء: ٧٧ ئاخۆ ئەوانەت نەدیوە ،پێان گوترا :هەتا لە مەککەن شەڕ مەکەن ،نوێژ بکەن و زەکات بدەن .کاتێ بیستیان خەزایان لەسەر نوسراوەو زانیان دەبێ بچنە شەڕێ ئەوەندەیان لەو خەڵکەی کە دەچنە گژیان ترس ڕێنیشت نکە لە خوداش هەر ئەوەندە ترساون وبگرە پتریش دەترسان؟دەیان گوت:ئەی پەروەرێنمان !بۆ چی خەزات بۆ نوسیوین چی دەبوو تا ماوەیەکی تر دوات خستباین ؟بێژە :ژیانی دنیایە کەم و کورتە بۆ ئەوانەی کە ترسیان لە خودا هەیە ،ژیانی ئەولا زۆر باشترەو بە قەد داوی زراوی ناو دنکە خورما،کەس نلا حەقی لێناکرێ.

﴿ وَإِذَا جَآءَهُمْ أَمْرٌ مِّنَ ٱلْأَمْنِ أَوِ ٱلْخَوْفِ أَذَاعُواْ بِهِۦ ۖ وَلَوْ رَدُّوهُ إِلَى ٱلرَّسُولِ وَإِلَىٰٓ أُوْلِى ٱلْأَمْرِ مِنْهُمْ لَعَلِمَهُ ٱلَّذِينَ يَسْتَنۢبِطُونَهُۥ مِنْهُمْ ۗ وَلَوْلَا فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُۥ لَٱتَّبَعْتُمُ ٱلشَّيْطَـٰنَ إِلَّا قَلِيلًا ﴿٨٣﴾ ﴾ النساء: ٨٣ هەر گایەکی سەبارەت بە هێمنایەتی ،یان مەترسی ،دەنگ و باسێکیان پێدەگا سەر بەخۆ لەلای هەموو کەس دەیکەنە قاو .گور هەر لەلای پێغەمبەرو کاربەدەستەکانی خۆیان بیانگوتایە ،دەیانزانی ڕاستە قینەکەی کامەیە وئەو جۆرە دەنگ و باسانە لەکوێوە سەریان هەڵداوە.ئەگەر چاکەو بەزەیی خواتان نەبوایە ،کەمتان نەبێ دەبوونە پەیرەوی شیتان.

بەڵێ . .بەڵام ئەو بنکەیەی ،کە پێغەمبەر – صلی الله علیه وسلم – لەبەرچاوی خۆی پەروەردەی کرد لەماوەی سیانزەساڵ لەمەککەو دەساڵ لە

مەدینە زۆر بەهێزو پشت قایم بوو ، باوەڕ زۆر لەناخیان چووبووە خوارێ بەجۆرێك ،کەتوانی هەموو ئەو شتانە هەڵبگرێتو بیان جولێنێت بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجەی ،کەخوای گەورە ئەو ئوممەتەی لەبەر خاتری هێناوەکایەوە : ﴿ كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ ﴿١١٠﴾ ﴾ آل عمران: ١١٠: ئێوە چاکترین کۆمەڵن لەناو مەردمی دنیادا سەرو هەڵدا، فەرمان بەچاکە دەدەن و ڕێ لە ناڕەوا دەبەستن باوەڕیشتان بەخودا هەیە.

﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَٰكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُوا۟ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ وَيَكُونَ ٱلرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا ﴿١٤٣﴾ ﴾ البقرة: ١٤٣ بەم ئاوایە ئێمە ئێوەمان کردۆتە ئەممەتێکی هەڵبژاردە ،تا ئاگکاو لەمەردم هەبێ وپێغومبەریش چاودێری تان لێبکات .

دامەزراندنی بنکەیەکی بتەو پێویستە کاری یەکەم و هەرەگەورەی بزاڤی ئیسلامی بێت پێش ئەوەی ببزوێت بۆ هەر ئاڕاستەیەك . .ئەو بنکەیەش – پاش دامەزراندنی بە مواسەفاتی داواکراو – هەر ئەوە دەبێتە ڕابەری ئەو ئوممەتە بۆ ئەوەی دەریان بێنێ لەسەرگەردانی . .

ئەگەر بێتو ئەمە ئێستای بانگەواز بێت و، ئێستای جیهانی تۆپەڵ بێت ، کە ئەمڕۆ دەیانەوێ بەو هەڵوێستە هارو گەرمەیان ئیسلام لەناو ببەن . ئەوا بەیانی پێش بینی چ دەکرێ. .؟

ئەوەی پێش بینی دەکرێ – لەمیانی ئەو چەوساندنەوە جیهانیە بۆ ئیسلام – ئەوەیە ،کە بانگەواز پێبگاو تۆکمە ببێ!

ئەمەش سوننەتێکی خوایەو ، خوا هەڵیدەسوڕێنێ لە میانی گەمژەیی تاغیەکان لەهەموو مێژوودا :

﴿ وَلَا تَهِنُوا۟ وَلَا تَحْزَنُوا۟ وَأَنتُمُ ٱلْأَعْلَوْنَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٣٩﴾ إِن يَمْسَسْكُمْ قَرْحٌ فَقَدْ مَسَّ ٱلْقَوْمَ قَرْحٌ مِّثْلُهُۥ ۚ وَتِلْكَ ٱلْأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ ٱلنَّاسِ وَلِيَعْلَمَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَيَتَّخِذَ مِنكُمْ شُهَدَآءَ ۗ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٤٠﴾ وَلِيُمَحِّصَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَيَمْحَقَ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿١٤١﴾ أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تَدْخُلُوا۟ ٱلْجَنَّةَ وَلَمَّا يَعْلَمِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ جَٰهَدُوا۟ مِنكُمْ وَيَعْلَمَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿١٤٢﴾ ﴾ آل عمران: ١٣٩ - ١٤٢: **باسستی ڕووتان تێ نەکاو خەمێش مەخۆن .هەر ئێوە کە سەر دەکەون .ئەگەر بڕواو بەخواهەیە .ئەگەر ئێوە بریندار بوون ،دوژمنانیش وەك ئێوە بریندار بووە .ئێمە ئاوا لەناو خەڵکا زەمانە دەستاو دەست دەکەین ،هەتا خودا خاوەن باوەڕان بناسێ و کەسنێکیش بۆ شایەتی لەبەینتانا هەڵبژێرێ.خودا خۆشی لەنهەق کاران نایە. هەتا خودا باوەڕداران هەڵاوێرێ و بێ باوەڕان لەناو بەرێ .ئاخۆ ئێوە لاتان وایە هەر سەر بەخۆ دەچنە بەهەشت ؟ کەچی هێشتا خودا خەباتکارانو خۆڕاگرانی ئێوەی دیاری نەکردوە .**

لەمیانی واقیعدا برازڤە ئیسلامیەکان دەزانن ،کە دوژمنان ناجەنگێن لەگەڵ خودی یەك کۆمەڵدا لەبەر چەند هۆکارێکی شاراوە لەناو ئەو کۆمەڵە ، بەڵکو لەگەڵ هەموو ئیسلامدا دەجەنگێن ، لە هە وێنەیەك لەوێنەکانی بێت – لەخواش بەزیاد بێت – ئەوەی پێش بینی دەکرێ لەو جەنگە گشت گیرە ئەوەیە ،کە کۆمەڵە لەیەکتر دوورەکان لەیەکتری نزیك بکاتەوەو، پلەپلە ئەو جیاڕاییەی لە نێوانیاندا هەیە لای بدات ،کاتێك هەموویان خۆیان لەناو یەك خەندەقدا دەبیننەوەو دوژمنانیش لەهەموو لایەك گەمارۆیان داون.

لەمیانی واقیعدا برازڤە ئیسلامیەکان دەزانن،کە زانیاری بە داخوازیەکانی لااله الا الله شتێکەو هەڵسان بە هێنانەدی لەناو دەروونو پاشان لەواقیعو

کۆمەڵگادا شتێکی ترەو جیایە ،هەروەها پاشان پێناساندنی خەڵکی بە داخوازیەکانی لاالەالاالله – لەگەڵ ئەوەی گرنگیشە – بەس نیە ! بەڵکو ئەوەی داواکراوە ئەوەیە ،کە ئەو داخوازیانە لەدەروونو واقیعدا بێتەدی ، ئەمەش کاری پەروەردەیە ، کە نابێ دەست بەرداری بێت و، جگە لە پەروەردەکردنیش – بەلایەنی کەم بۆ بنکەکە– بەردەوام بزاڤەکە دەبێتە چەند دورشمێکی بێ واقیع و، لەلایەن خواوە شایەنی جێگیر بوون نابێت و خەڵکیش قەناعەتی پێناکات ،کەبتوانێ گۆڕان کاری بکات!

لەمیانی واقیعەوە بزاڤە ئیسلامیەکان دەزانن ،کە دەبێ هۆشیاریەکی سیاسی وایان هەبێت ،کە ڕێگر بێت لە هەر خەڵەتاندنێ بۆ هەموو ئەوانەی پڕوپاگەندە دەکەن بەوەی تۆبەیان کردوەو گەڕاینەوەو بووینە پێشەوا بۆ موسوڵمانان ! یان وا خۆی نیشان دەدات ،کە دژی ئەمریکاو ئیسرائیل ڕاوەستاوە لەکاتێك لە سەرووی بەکرێ گیراوەکانو پیلان گێڕەکانە! هەروەها هۆشیاریەکی بزاڤی تریش ڕێگر بێت بۆ ئەوەی نەکەوێتە ناو هەڵدێرانێك ،کە دوژمنان ڕای دەکێشنە ناوی بۆیە دەبێ ئیقاعی بزووتنەکەی ڕێك بخات لەگەڵ پێداویستی ڕووداوەکان . .

کاتێك بزاڤەکە لەلایەنی فیکریو ئەخلاقیو حەرەکی پێدەگات ئەوا وای لێدێت پتەوتر دەبێت لەوەی فرو فێڵی دوژمنان کاری تێ بکات ، چونکە ئەو کاتە لەسەر ئەومەرجەیە, کە خوا بە مەرجی داناوە ﴿ إِن تَمْسَسْكُمْ حَسَنَةٌ تَسُؤْهُمْ وَإِن تُصِبْكُمْ سَيِّئَةٌ يَفْرَحُوا۟ بِهَا ۖ وَإِن تَصْبِرُوا۟ وَتَتَّقُوا۟ لَا يَضُرُّكُمْ كَيْدُهُمْ شَيْـًٔا ۗ إِنَّ ٱللَّهَ بِمَا يَعْمَلُونَ مُحِيطٌ ﴿١٢٠﴾ ﴾ آل عمران: ١٢٠: تاچاکەیەکتان بێتەڕێ ،خەمێ

دەخۆن .ئەگەر توشی ناخۆشی بن ،کەیفیٚ دەکەن ئەکەر ئێوە خۆڕاکرو پارێزگاربن ،کزی و فێڵیان هیچ زانیان لەئێوە نادات خوا بە کردەیان دەزانیٚ.

هەرچی دوژمنانن ئەوا شتێککی تریان هەیە. .

ئەمڕۆ ئەوان – لەهەمووزەوی دا – چەند تاغوتێکی زۆر دارن و فرو فێیلٚ لە ئیسلام دەکەن بەهەموو ئەو شتانەی خاوەنینە لە هۆکارەکانی فرِوفێڵ کردن ئەمە چ جای هێزی سیاسیو سەربازیو ئابووریو زانستیو تەکنەلۆژی ،کە لەدەست ئەوانە.

بەڕاستی واقیعەکانی مێژوو فێری کردووینە ئەویش هێنانەدی سوننەتەکانی خوایە لەسەر زەوی ،کە ئەمانە هەموو بەبیٚ بەها ناژیت !– ئەو هۆکارانەش – بەگوێرەی سوننەتی خوا ماوەیەك نارِەوا جێگیر دەکات ،پاشان لە کۆتایی دا نارِەوا دەروخیٚو هەرەس دێنێت ﴿ فَلَمَّا نَسُوا۟ مَا ذُكِّرُوا۟ بِهِۦ فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ أَبْوَٰبَ كُلِّ شَىْءٍ حَتَّىٰٓ إِذَا فَرِحُوا۟ بِمَآ أُوتُوٓا۟ أَخَذْنَٰهُم بَغْتَةً فَإِذَا هُم مُّبْلِسُونَ ﴿٤٤﴾ فَقُطِعَ دَابِرُ ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ ۚ وَٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٤٥﴾ ﴾ الأنعام: ٤٤ - ٤٥: جا وەختیٚ ئەو هەموو ئامۆژگاریانەیان– کەکرابوون– لەبیرەوە چوو،هەموو دەرگای بەختەوەرین بۆ کردنەوە هەتا کەوتنە،ئەوسا لە پرِو ناکاوێك بە تورِەیی خۆمان خستن و هەموو نائومێد مانەوە .ئیتر ئوسا ئەو کەسانە پیشەیان هەر ناهەقی بوو ،دوابرِاو بوون و سوپاس بۆ خودای رِاهێنەری هەموو دونیا.

بەڕاستی نارِەوا لەنیوەی زەویدا هەرەسی هێناوە ئەو پاش ماوەی لەزەویدا بەجێماوە ئەوا دارِمانو هەرەس هێنانی زۆر زۆر نزیك بووە . .

بەدیلیش، ئیسلامەکەی خوایە, کە هەڵگری بەهایە.. نرخی هەرە گرنگیش تیادا باوەڕ بەخوا بوونە لەسەر ڕێنماییو چاوساغی ، هەروا ڕێکخستنی ژیانە بە ڕێکخەری خوایو هێنانەدی ڕێبازی خوای پڕ خێرو پیرۆزە لە واقیعی ژیاندا . .

بەڵام بۆ هێنانەدی ئەمانە هەمووی ،هەر دەبێ مرۆڤ کۆششو ماندوو بوون بکات ، چونکە بەبێ کۆششو مانوو بوونو جیهادکردن هیچ شتێك لەواقیعی زەوی نایەتەدی . .

لەبەیانیەکی بەهیواو ئومێددا دووگروپ لەمرۆڤەکان بەم کۆششو ماندووبوونە هەڵدەستن ، یەکێکیان ئەو ڕابوونەیە ،کە ئەمرۆ لە جیهانی ئیسلامیدا خۆی دەنوێنێ ،کە بەگوێرەی سوننەتی خوا هێزو پێگەیشتنی زیاد دەکات بەهۆی ئەو قەسابخانەو چەوساندنەوانەی دەکرێتەسەری . . گروپەکەی تریش ،کە ئەمرۆ خەڵکی زۆر حیسابی بۆ ناکاتو ، قەدەرێکە لەقەدەرەکانی خواو لەو کاتە دێت ، کەخوا داینـاوە بۆی ، ئەوانەش ئەو موسوڵمانانەن ،کە لەخودی رۆژئاوادا هەن ، ئەوانەی بەردەوام ژمارەیان لە زیاد بووندایە ، ئەوانە یەکێکن لە ڕۆشنبیرە چالاکەکانی رۆژئاوا لەکێڵگەی بانگەوازدا ، کە لەنێویاندا بەتایبەتی ئافرەتان ، کە بەواقیعەکەیان تەحەددای هەموو درۆو دەلەسەکانی رۆژئاوادەکەن لەمەڕ ستەمی ئیسلام بۆ ئافرەتو بەواقیعەکەیان ڕایدەگەیەنن ،کە هەر ئیسلامە گەورەترین ڕێزو پایەو قەدر پێش کەش بە ئافرەتان دەکات .

لەو کاتەی ،کەدانراوە لەلای خوا ئەو جەنگە جیاکەروەیە ڕوودەدات ،کەئەمرۆ نیشانەو دیاردەکانی لەزیادبوون دایە.

﴿ فَإِذَا جَآءَ وَعۡدُ ٱلۡأٓخِرَةِ لِيَسُـٔۥُواْ وُجُوهَكُمۡ وَلِيَدۡخُلُواْ ٱلۡمَسۡجِدَ كَمَا دَخَلُوهُ أَوَّلَ مَرَّةٖ وَلِيُتَبِّرُواْ مَا عَلَوۡاْ تَتۡبِيرًا ٧ ﴾ الإسراء: ٧. هەر کاتێ بەڵێنی

پاشین هاتە جێ ، دیسان دەرینە سەرتان ،واتان لێکەن پەژارەو خەم لەڕوخسارتانا دیار بێ و تا بشچنە مزگەوتەوە – وەك جاری – هەر چێکیشیان – دەسکەوێ تەفرو تووناى کەن ﴿ فَإِذَا جَآءَ وَعۡدُ ٱلۡأٓخِرَةِ جِئۡنَا بِكُمۡ لَفِيفًا ١٠٤ ﴾ الإسراء: ١٠٤ : هەر دەمێکیش سەلاٰ ڕابوو ،ئوجا گشتوو پێکەوە کۆدەکەینەوە.

((لاتقوم الساعة حتى يقاتل المسلمون اليهود ،فيقتلهم المسلمون ،حتى يختبى اليهودى وراء الحجر واالشجر ،فيقول الحجر والشجر يامسلم يا عبدالله !هذا يهودى خلفى فتعال فاقتله [1]: ڕۆژی قیامەت دانایێ هەتا موسوڵمانان کوشتار لەگەڵ جولەکەکان نەکەن جاموسوڵمانەکان دەیان کوژن ،هەتا جولەکە خۆی حەشار دەدا لەپشت دار و بەرد،جابەردو دارەکە دەلێن : ئەی موسوڵمان ئەی بەندەی خوا ئەوا جولەکەیەکم لەپشتە وەرە بیکوژە))

جا لەوکاتەدا مێژوو دەگۆڕێو .. خەڵك پۆل پۆل دێنە ناو دینی خوا هەروەکو،کە جاری یەکەم هاتنە ناویەوەو ،خواش خولێکی تر بۆ ئیسلام لەزەویدا جێگیر دەکات : ﴿ وَٱللَّهُ غَالِبٌ عَلَىٰٓ أَمۡرِهِۦ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ٢١ ﴾ يوسف: ٢١ : خوا لەسەرکاری خۆی زاڵە ،بەلاٰم زۆربەی ئەم مەردمە لێ نازانن

(1) اخرجه مسلم



محمد قطب لە تەمەنی منداڵیدا



محمد قطب




با دەربچین لە تاریکایی سەرگەردانی
وەرگێرانی
ابراهیم حسن سعید
دانانی
محمد قطب
چاپی یەکەم
هەولێر
٢٠١٠ ز
١٤٣١ ك